# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٤٤) - (٢٣)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٤

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

دەرهاوێشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لە سەر هەرێمی کوردستان

# کەوتنی ئەسەد سەرەتای جێبەجێکردنی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە دەبێت

گرنگە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریا بە لۆژیك بارودۆخی ئێستای ناوچەکە بخوێننەوە و، هەوڵ بدەن یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن و خۆیان لە ئایدیۆلۆژیای پەکەکە دابماڵن

ئێمەی کوردی سووریا، تەنیا یەك بژارە لە بەردەممان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر کەسێك لە دیمەشق دەسەڵاتی لە دەستدا بێت، دەبێت بە ئەقڵانی مامەڵەی لەگەڵ بکەین

لە بارودۆخی تازەی سووریادا ، تورکیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و هەموو کارتەکانی بەدەستەوەیە و دەیەوێت لە دەسەڵاتی تازەی دیمەشقدا کاریگەریی هەبێت






# بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی
# لە ٢٢ی تەمووزی ٢٠١٣



بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد پێویستییەکی مێژوویی و دەرفەتێکی بێوێنە بوو، ئێستا و لە داهاتووشدا ئەم بابەتە هەمان بایەخ و گرنگیی هەیە، هەر لەگەڵ دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە قووڵی بیرم لێ کردەوە و هەوڵێکی زۆریشمان دا بۆ ئەوەی کۆنگرەکە ببەسترێت. بەر لە بەستنی کۆنگرە پێویست بوو برین و زامەکانی شەڕی خۆکوژی سارێژ بکرێنەوە و کەشوهەوا و زەمینەیەکی لەبار و گونجاو بڕەخسێنین بۆ دروستبوونی هاودەنگیی نەتەوەیی و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی.

لێرەدا حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە مەبەست لە کۆنگرەی نەتەوەیی چیی بووە. کۆنگرەی نەتەوەیی لە پێناو بەدیهێنانی چوار ئامانجی سەرەکی بوو:

یەکەم: مەرجەعیەتێک بۆ کاروبارە ستراتیژییەکان دابمەزرێت، ئەو دەستەیە سیاسەتی ستراتیژی بۆ هەموو لایەن و حزبە سیاسییەکانی کورد دابڕێژێت.

دووەم: شەڕی خۆکوژی بەتەواوی و بە یەکجاری حەرام و قەدەغە بکات و هەر لایەنێک هانی شەڕی ناوخۆ بدات، ڕێگەی لێ بگیرێت و ڕیسوا بکرێت.

سێیەم: شەڕ و توندوتیژی نەبێتە بەرنامەی هیچ لایەنێکی سیاسی لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا، بەڵکوو هەوڵ بدرێت چارەسەری سیاسی و دیموکراتی بدۆزرێتەوە و ببێتە بەرنامەی لایەنەکان.

چوارەم: گوتارێکی نەتەوەییی یەکگرتوو لە نێوان هەموو لایەنە کوردییەکاندا هەبێت.

کاتێک هەستمان کرد زەمینەیەکی گونجاو و لەبار بۆ ئەم مەبەستە ڕەخساوە. چوار برادەر ڕاسپێردران بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان بۆ ئامادەکردنی کەشێکی لەبار بۆ کۆبوونەوەیەکی ئامادەکاری. ئەم بەڕێزانە بریتی بوون لە دکتۆر کەمال کەرکووکی و جەعفەر ئیبراهیم و عەدنان موفتی و سەعدی پیرە. هەروەها دکتۆر فواد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمیش بە بەردەوامی بەدواداچوون بکات.

دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان بڕیار درا، ڕۆژی ٢٢ی تەمووزی ٢٠١٣ کۆبوونەوەیەکی فراوانی لایەنە سیاسییەکان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ببەسترێت. سی و نۆ حزب لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون. کۆبوونەوەکە کاتژمێر یازدەی بەیانی دەستی پێ کرد و تا پێنجی ئێوارە درێژەی کێشا. بەڕاستی ڕۆژێکی مێژوویی بوو. لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا لێژنەیەکی بیست و یەک کەسی لە هەر چوارپارچە پێک بهێنرێت لە پێناو ئامادەکاری و ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣. زۆر بەداخەوە پەکەکە هەر لە یەکەم ڕۆژدا ئامانج و مەبەستەکانی ئاشکرا کرد.

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

دەرهاوێشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لە سەر هەرێمی کوردستان

# کەوتنی ئەسەد سەرەتای جێبەجێکردنی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە دەبێت




> گرنگە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریا بە لۆژیک بارودۆخی ئێستای ناوچەکە بخوێننەوە و، هەوڵ بدەن یەکریزیی خۆیان بپارێزن و خۆیان لە ئایدیۆلۆژیای یەکەکە دابماڵن

> ئێمەی کوردی سووریا، تەنیا یەك بژارە لە بەردەممان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر کەسێك لە دیمەشق دەسەڵاتی لە دەستدا بێت، دەبێت بە ئەقڵانی مامەڵەی لەگەڵ بکەین

> لە بارودۆخی تازەی سووریادا ، تورکیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و هەموو کارتەکانی بەدەستەوەیە و دەیەوێت لە دەسەڵاتی تازەی دیمەشقدا کاریگەریی هەبێت





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ تاکریی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

بیست و چوارەمین بازنەی گفتوگۆ

# دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان



ڕۆژی ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، بازنەی گفتوگۆ بۆ ئامادەکاری بۆ سازدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی گرنگ، بیست و چوارەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ «شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد» ئامادە بوون، زۆر بە چڕی هەڵوەستە لەسەر گۆڕانکارییە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرا، کە هێشتا بەشار ئەسەد لە سووریا هەڵنەهاتبوو، بەڵام پێشبینیی ناو کۆبوونەوەکە بەو ئاراستەیە بوو کە بارودۆخی ڕژێمی ئەسەد لە کۆنترۆڵ دەرچووە و ئاسایی نابێتەوە، بۆیە بڕیار درا بارودۆخی سیاسیی سووریا و گۆڕانکارییە خێراکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێتە ناونیشانی سەرەکیی گفتوگۆی ئەم جارە.

بۆ ئەم گفتوگۆیە کۆبوونەوە بڕیاری دا، ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە تەواوی پارێزگاکانی کوردستان ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت لە ناو ڕای گشتیی خەڵکی کوردستاندا چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بارودۆخە تازەیە دەکرێت و، هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەریش خەڵکانی پسپۆڕ و سیاسەتمەداران بانگهێشت بکرێن، بۆ ئەوەی هەموو ڕەهەندەکانی ئەم پرسە هەستیارە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەم بەڕێزانە لە گفتوگۆکەدا بەشدار بوون:

- د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- هیوا ئەحمەد مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- شێخ حەیدەر ئەللامی، سەرکردە لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا.
- سەڵاح بەدەردەین، سیاسەتمەداری کوردی سووریا- سکایپ-.
- د.سەرمەد ئەلبەیاتی، پسپۆڕی ئاسایش و سەربازی و ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر.
- فاروق حاجی مستەفا، چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسیی سووریا
- موخەلەد حازم، ڕاوێژکار و تایبەتمەند لە کاروباری یاسایی و ئاسایش.
- د.مەهدی ئەبووبەکر، مامۆستای زانکۆی سلێمانی- سکایپ-.
- ئیبراهیم برۆ، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا.
- د.کاوە ئەزیزی، ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا
- د.ئیسماعیل حەساف، پسپۆڕ لە دۆزی کورد و مێژووی فەلسەفە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
- نوری بریمۆ، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

« شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد».

## ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# دەرهاویشتە نەرێنییەکانی بارودۆخی سووریا و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق

ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، وەرچەرخانێکی گەورەی لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست کردووە و، پێشبینی دەکرێت، گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ناوچەکە و عێراق بە دوای خۆیدا بهێنێت، دەرهاویشتەی ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەبێت.

بۆ گفتوگۆی ئەمجارە «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان»، بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانیی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە و تیایدا ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێك ئەکادیمیست و چاودێر و شروڤەوانی سیاسی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بەر لە ئەنجامدانی گفتوگۆکە لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش بکرێت و ژینگەی گفتوگۆکە بە ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان پێکەوە گرێ بدرێتەوە، ئەمەش پۆختەی لێدوانەکانیانە.





**ئەنوەر حوسێن بازگر**
**مامۆستای پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی:**

# مێژوو پێمان دەڵێت هەموو ڕووخان و شکستەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و تۆتالیتارەکان لە بەرژەوەندیی کورد تەواو دەبێت

○○○



ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد درێژەی ڕووخانی قەومییەی عەرەبییە کە لە بەهاری عەرەبیدا وای کرد، زۆر لە ڕژێمە دیکتاتۆرە شۆڤێنییە ناسیۆنالیزمەکانی عەرەبی بکەون، ئەمە یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە وای کرد بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی بەعسیش بڕووخێت، هەروەها کە بە تەئکید لە دوای ئەم ڕووخانە بارودۆخی سیاسی و جیۆگرافی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، بە لانیکەم دیموکراسی لە ناوچەکەدا تا ڕاددەیەك دەتوانێت گەشە بکات، کوردیش وەکو کاراکتەرێکی گرنگ لە سووریا و ناوچەکە، دەبێتە هۆکاری بەدەستهێنانی بەشێکی دیکە لە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەم ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی کورد تەواو دەبێت، چونکە هەر کام لەم ڕژێمە تۆتالیتارانەی ناوچەکە دەکەون و دەڕووخێن و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، لە قازانجی کوردە. بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق ئەزموونی باشووری کوردستان دروست بووە، لە ساڵی ٢٠١١ بە لاوازبوونی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەشی و ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان دروست بوو، هەر چەندە ئەم دوو ئەزموونە تێبینی و سەرنج و کەموکووڕیشیان لەسەر هەیە، بەڵام هەلومەرجێکی مێژوویی بوون.

هەموو ئەم ڕووداو و شکستانەی حەماس لە فەڵەستین و حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان و ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سووریا، دەری دەخەن، کە شیعە نەیتوانیوە حوکمێکی باش لە ناوچەکەدا بکات و، سەرئێشەی زۆریشی لە ناوچەکەدا دروست کردووە، بەشێکیش لەو سەرئێشانە بۆ گەلی کوردستانە، چ لێرە و چ لە ڕۆژئاوا و چ لە پارچەکانی دیکە، بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، ئەمە پەند و وانەی مێژووییە کە کورد، زوو، یان درەنگ بە مافەکانی خۆی دەگات.

تۆتالیتار و کوشتن و قەتڵوعام ناتوانێت سەرکوتی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و ئامانجەکانی بکات، بۆیە بە تێڕوانینی من ئەم ئاڵوگۆڕانەی کە ٧ی ئۆکتۆبەر بەدوای خۆیاندا هێنای، هەمووی دەرئەنجامەکەی ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر بووە، ڕووداوەکانی ئەم دواییەش بە هۆی ئەوەوە ڕوویان داوە، کە ئیسرائیل و ئەمریکا و ئەورووپا دەیانەوێ کۆتایی بەم مەترسییانە بهێنن کە باڵەکانی شیعە بۆ سەر ئەمنییەتی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئەورووپا و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی کەنداو دروستیان کردووە، کە حەشدی شیعە و عێراقیش بەشێکە لەم مەترسییانە.

سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستانیش کە جۆرێك لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردنی هەیە و، پرسی ئەوەی چارەنووسی ئەم ئیدارەیە ئایا تا چەند بە هاوشێوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەبنە خاوەنی هەرێمێکی فیدراڵی، لە ڕاستیدا پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی وڵاتی سووریا زۆر سەختە، لەبەر ئەوەی بە دیموکراسیدا تێنەپەڕیوە و بە ئاسانی ناچێتە سەر سکەی دیموکراسی و هەڵبژاردن دەور و نەخشێکی زۆر جددی




نابینێت، ئەمە وێڕای ئەوەی پێکهاتەی مۆزایک و ناهامۆجینی سەیر سەیری تێدایە. پێشتر ئێمە پێشبینیی ئەوەمان دەکرد لیبیای دوای موعەمەر قەزافی ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، کەچی بوو بە فەوزا، تەسەورمان دەکرد لە یەمەن بەدوای ڕووخانی عەلی عەبدوڵلا سالح و هەژموونگەریی ئەم دەسەڵاتەوە، بارودۆخێك بێتە پێشەوە کە خەڵکی یەمەن ئاسوودەییان بە نسیب ببێت، کەچی حووسی و ململانێی تائیفی ئەوەشی تێکدا، بۆیە لە سووریاش هەرچەندە هەموو ئەم ئەگەرانە لەئارادایە، بەڵام پێشبینیی ئەوەش هەیە کە لە سووریا مۆدێلێك بە هاوشێوەی عێراق پێشکەش بکرێت و ڕەنگە باشتریش بێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئیسرائیل دەور و نەخشی زۆری لە سووریا دەبێت و ڕێگە نادات زۆر فەوزا و پشێوی بڵاو ببێتەوە، چونکە کاریگەریی لەسەر ئەمنییەتی سنوورەکانی مەترسیدارە، هەروەها پشتگیری لە کوردەکان و درووزەکان دەکات. بەگشتی ئەوەی لە سووریا ڕووی داوە، سەرکەوتنێکی گەلانی سووریایە و کورد دەتوانن باشتر لە کوردانی عێراق ناسنامە و شوناس و داهاتووی خۆیان دیاری بکەن.

داهاتووی سووریا لەگەڵ هاتنی ترامپ ڕەنگە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت و ئەو ٢٠٠٠ سەربازەی ئەمریکا ڕەنگە لەوێ بکشێنەوە، بەڵام تورکیا و ئەمریکا دوو کاراکتەری سەرەکین لە ڕووداوەکانی سووریادا، ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندیی خۆیدا ئەگەڕێت و تا سەر دۆستی کەس نییە، پێویست بکات پاڵپشتیی زیاتری کورد دەکات و پێویست بکات ڕەنگە پشتی تێ بکات، بەڵام لەهەر حاڵدا تا ئێستا لە باشووری کوردستان پشتیوانی جددییە و یەکێتیی ئەورووپاش پشتیوانی جددین لە باشوور و ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لەلایەن فەرەنساوە، بەگشتی یەکێتی و پارتی و پەکەکە و هێزە کوردییەکان دەتوانن دەور و نەخشی زۆرتریان هەبێ، تا بتوانن مافی زۆرتر لەم هەلومەرجانە بەدەست بهێنن، چونکە لەم هەلومەرجانەدا ماف بەدەست دێت و لە داهاتوودا کورد دەتوانێت چانسی باشی هەبێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.



مامۆستا محەمەد تەتەرخان
مامۆستای زانکۆی دهۆک:

# جێگەی دڵخۆشییە ڕژێمێکی دیکتاتۆری وەکو بەشار ئەسەد لەناو چووە، لە هەمان کاتدا جێگەی مەترسییە نەزانین چ ڕژێمێک ئامادەیە بۆ جێگرتنەوەی

○○○

لەناوچوونی هەر ڕژێمێکی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری جێی دڵخۆشییە و ئومێدبەخشە، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنی نەرێنی و مەترسیی ناسەقامگیری و پێکدادانەکانیش هەیە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی دیکتاتۆری تۆتالیتاری عێراق و سەدام حوسێنیش لەناو چوو، کەچی تاکو ئەمڕۆش نەتوانرا لە عێراقدا ڕژێمێکی جێگیری سەقامگیر دابمەزرێت. ناجێگربوونی سیستمی عێراق کاریگەریی لەسەر سەرجەم ناوچەکە هەبووە، ڕووخانی ئەسەد و ڕژێمەکەی و گۆڕانکارییە خێراکانی ئەو وڵاتە و ناوچەکەش بە هەمان شێوەیە و، ڕەنگە تاوەکو دەمێکی دیکە نەك تەنیا سووریا، بگرە هەموو ناوچەکە سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینێت، بۆیە جێگەی دڵخۆشییە ڕژێمێکی دیکتاتۆری وەکو بەشار ئەسەد لەناوچووە، لە هەمان کاتدا جێگەی مەترسییشە کە نەزانین چ ڕژێمێك ئامادەیە بۆ جێگرتنەوەی ئەو دەسەڵات و ڕژێمە، ئەو هێزەی لەسەر زەوییە کە ئەمڕۆکە هەیە و خاکی کۆنترۆڵ کردووە، ئەو دیاری دەکات کە لە دوارۆژدا چ ڕژێمێك لە سووریا دادەمەزرێت، ئایا ڕژێمێکی فیدراڵی دەبێت، یان کۆنفیدراڵی، یانیش مەرکەزی دەبێت، واتا سرووشت و بیروباوەڕی ئەو هێزەی لەسەر زەوییە و دەسەڵاتدارە لە دیمەشق، ئەو دیاریی دەکات، لە ئێستادا ئەو هێزانە لەسەر زەوین و ناوچەیەکیان کۆنترۆڵ کردووە، هێزی سوننی و کوردی و هەندێك عەلەوی کە پتر نزیك بوون لە ڕژێمی بەشار ئەسەد و هەندێك هێزی درووزییشە، کە جیاوازیی تەواوی ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونیان پێوە دیارە.

سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستانیش کە جۆرێك لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردنی هەیە، و لە ئێستادا چاوەکان لەسەر ئەوەیە کە تاچ ڕاددەیەك ئەو بابەتە یەکلا دەکرێتەوە و ئایا دەکرێت بە هاوشێوەی کوردانی باشووری کوردستان ئەوانیش لە سووریا ببنە هەرێمێکی فیدراڵی؟ من پێم وایە ئەمە هێشتا زووە، چونکە وەکو ئاماژەم پێ دا، لە نێوان ئەم هێزانەی کە لەسەر زەوین و کۆنترۆڵی ناوچەیەکیان بەدەستەوەیە، نەك تەنیا کورد،

درووز و عەلەوی، گرنگە لە سووریا ڕژێمێکی فیدراڵی، یان کۆنفیدراڵی بێتە دامەزراندن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین، سووریا کەوتووەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تێیدا گەلێك دەوڵەت هەیە و شەڕی مان و نەمانی دژی فیدراڵییەت دەکەن، ئەم نموونەیە لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا وڵات بەرەو فیدراڵییەت چوو، لە دەنگدانێکی گشتیدا هەموو گەلانی عێراق دەنگیان بۆ فیدراڵییەت دا، کەچی دەوڵەتانی هەرێمی هەموو دژی ڕاوەستانەوە، لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە تاچەند فاکتەری دەرەکی ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی سیستمی نوێی سووریادا هەیە، لە هەمان کاتدا چوار کوتلەی بەشەری لە سووریادا هەن، کورد و عەرەبی سوننە و درووز و عەلەوی، کە هەر چوار کوتلە هێزی و لایەنی سیاسیی خۆیان هەیە و کورد و عەرەبی سوننە لەسەر زەوی خاوەنی هێزی سەربازیی خۆیانن. بۆیە بە باشترین ڕێگە ئەوەیە بە ڕێککەوتن سووریا بەڕێوە بچێت. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە هەندێك جار کاتێك ڕژێمێکی دیکتاتۆری نەمێنێت و ئەو هەموو هێزانە هەبن، بارودخەکە بەرەو پشێوی و ناسەقامگیری دەچێت، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت لە مەودایەکی نزیکدا سووریا بەرەو پشێوی و ناسەقامگیری بچێت، بەڵام لە مەودایەکی دووردا ئومێدەوارین ئەم وڵاتە بەرەو فیدراڵییەت بچێت. چونکە بۆ هەر چوار کوتلەی گەورەی بەشەری لە سووریا پێویستە لە ناو سیستمێکی فیدراڵیدا وڵات بەڕێوە ببرێت و بژین و لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا هەر یەکێکیش تایبەتمەندیی خۆی بێتە پاراستن.

هەڵبەتە ڕۆڵی گەورە و مەزن لەوەی لە سووریا ڕووی دا، ئەمریکا بووە، ڕاستە تورکیا ڕۆڵی هەبووە، بەڵام تێبینیش لەسەری هەبوو، بەتایبەتی ئەگەر چاودێری و بەدواداچوونی لێدوانەکانی هاکان فیدان بکەین، کە دیار بوو لە سەرەتادا تورکیا لەگەڵ ئەو هەڵکشانەی بارودۆخەکەدا نەبوو، بەڵام ئەو هێزەی چوونە ناو شام و دیمەشقیان گرت، تورکیا کاریگەریی بەهێزی لەسەر ئەو هێزانە هەیە، بەتایبەتی هێزی عەرەبی سوننە کە داخڵی شام بوون، لەهەمان کاتیشدا ئەو هێزە بەتەنیا لە سووریا نییە و هێزی کوردی و عەلەوی و درووز هەیە، لەم چوارچێوەیەدا هێزی دەرەکی کاریگەریی لە سووریادا هەیە، بەتایبەتی ئەمریکا و ڕووسیا و تورکیا و تا ڕاددەیەکیش ئیسرائیل، بەمەش لەنێوان چوار هێزی مەزنی دەرەکی و چوار کوتلەی بەشەریی مەزن و بەهێز لەناو سووریادا ڕەنگە لێکتێگەیشتن و سازان لەنێوانیاندا هەبێت، لە هەمان وەختیشدا بەر لێکەوتنی بەرژەوەندی لەنێوان هەموو ئەو هێزانە هەیە، چونکە تورکیا گەلێك لە فاکتەری کورد دەترسێت و تێبینی لەسەر خۆبەڕێوەبردنی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، فاکتەری کوردی لەناوخۆی سووریاشدا فاکتەرێکی بەهێزە کە لە ٤٠٪ی خاکی سووریا کەوتووەتە بندەستی کوردەوە و، کوردەکان لەگەڵ ئەوەدان سووریا بەرەو ڕژێمێکی فیدراڵی بچێت، کەچی تورکیا نایەوێت سووریا بەرەو فیدراڵییەت بچێت و بەپێچەوانەوە دەخوازێت سووریایەکی مەرکەزی بوونی هەبێت، ئەو سووریایەی پێشتریش بە مەرکەزییەت لە بندەستی عەلەوی بوو، تورکیا خوازیارە سووریایەکی بندەستی عەلەوی بگۆڕێت بە سووریایەکی بندەستی سوننەی عەرەبی .


تورکیا مەترسی لە هێزی قەسەدە و هەسەدە هەیە کە ئەو هێزانە لەبن چەتری یەپەگە و یەپەژە و هەندێك هێزی عەرەبی و هێزی تورکمان و ئاشووری و ئەرمەن لە بندەستی هێزە کوردییەکانن، ئەم هێزانە گرێدراون بە پەکەکەوە و تورکیا تێبینی مەزنی لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆ هەر کورد نییە لەگەڵ ڕژێمی فیدراڵییەت بێت، بەڵکو هێزی دروزیش لەگەڵ فیدراڵییەتدان، درووز ناوچەی خۆی لە (سویدا) کۆنترۆڵ کردبوو، پێش ئەوەی هێزی ئۆپۆزسیۆن بچێتە ناوەوە، ئەوانیش هێز و بۆچوونی خۆیان هەیە لەسەر ئایندەی سووریا، ئەوانیش میللەتێکن کەوتنە بەر ستەمی ڕژێمی بەعس بۆیە ئەوانیش بێ داخوازی نین.

لە سووریا لە ١٢/٧ شۆڕشی نوێ دەستی پێکرد، ئەمە پرۆسەیەکی دوور و درێژە لە نێوان هێزە ناوخۆییەکان هەر لایەنەو هێزی تایبەتی خۆی و ئەجێندە و پرۆگرامی خۆی هەیە، لەعێراق تەنیا سێ کوتلەی بەشەری سوننە و شیعە و کوردە و لەسووریا لەنێوان چوار کوتلەی بەشەریدایە. بۆیە پێویستە هەماهەنگیی سووریا کاریگەریی لەسەر ئایندەی سیستەمی سووریا لە١٠٠٪ بێت.

**لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی دیکتاتۆری تۆتالیتاری عێراق و سەدام حوسێنیش لەناو چوو، کەچی تاکو ئەمڕۆش نەتوانرا لە عێراقدا ڕژێمێکی جێگیر سەقامگیر دابمەزرێت**

**سووریا کەوتووەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تێیدا گەلێک دەوڵەت هەیە و شەڕی مان و نەمانی دژی فیدراڵییەت دەکەن**

**وا چاوەڕوان دەکرێت لە مەودایەکی نزیکدا سووریا بەرەو پشێوی و ناسەقامگیری بچێت، بەڵام لە مەودایەکی دووردا ئومێدەوارین ئەم وڵاتە بەرەو فیدراڵییەت بچێت**



**دکتۆر ساسان حیکمەت**
**مامۆستای زانکۆ:**

# چاوەڕێی ئەوە دەکەین لە ڕۆژئاوای کوردستان سیاسەتێکی حەکیمانەتر پەیڕەو بکەن و خەڵکەکەی خۆمان تووشی مەینەتی نەکەن

○○○

سووریا کە لە ساڵی ٢٠١١ ئاژاوە و شەڕی تێکەوت، وا چاوەڕوان نەدەکرا، کەوا وەکو ئێستا درێژە بکێشێت و ١٣ ساڵ بخایەنێت، بەڵام ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی ئەوەی وەکو وڵاتانی دیکەی لێ نەیەت و ڕژێمەکەی ئەسەد زوو نەکەوێت، دەتوانین بڵێین هۆکارەکەی وڵاتی ئێران بووە، بە هەمان شێوە دەبینین لەسەر خواستی ئێران لەساڵی ٢٠١٥ ڕووسیا دێتە ناو دۆخی سووریاوە و خۆی تێدا دەسەلمێنێت. سەبارەت بە هۆکاری ئەوەی ڕووسەکان هاتنە ناو دۆخی سووریاوە، دەتوانین بڵێین ئەمیش ڕەهەندێکی جیۆپۆلەتیکی هەیە، لەوەتەی ڕووسیا وەکو دەوڵەتێك دروست بووە، هەر لە سەدەی هەشتەم و نۆزدەیەم و تا دەگاتە سەدەی بیستەم و دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، ڕووسەکان لە هەوڵی ئەوەدان بگەنە دەریا، بۆیە دەبینین دۆستایەتییان لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دووەمەوە لەگەڵ ئێراندا لەسەر بنەمای ئەوە بووە کە ئێران باشترین هاوبەشی ستراتیژیی ڕووسەکان بووە، بۆ ئەوەی ڕووسیا لەڕێگەی ئێرانەوە بگاتە زەریاکان. بۆیە هاتنی ڕووسەکان بۆ سووریا دەرفەتێك بوو بۆیان خوڵقا، تاوەکو بێنە سووریا و هەم وەکو ئەوەی وەکو زلهێزێك لە ناوچەکەدا خۆیان بسەلمێنن، هەم لە ڕووی ئەوەی بگەنە دەریای ئەوەی پێی دەوترێت «ئاوە گەرمەکان» و هەروەها ئامانجە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی خۆیان لەوێدا بەدی بهێنن. بەڵام دەبینین لەساڵی ٢٠١٧ پوتین سەردانی سووریا دەکات و دەڵێت: «ئەرکی ئێمە کۆتایی هاتووە»، لێرەدا سوورییەکان بۆ ئەوەی ڕووسەکان دەرنەچن و نەچنە دەرەوەی خاکی سووریا، دوو بنکە یەکێك لەوانە «بنکەی ئاسمانی حەمیم» و هەروەها «بنکەی دەریایی تەڕتوس» بۆ ماوەی ٤٩ ساڵ بە ڕووسیای دەدەن، لێرەوە ڕووسەکان هەست دەکەن کەوا ئەگەر بمێننەوە پێگەی جۆپیۆلەتیکییان لە ناوچەکەدا بەهێزتر دەبێت و دەتوانن خاوەن بڕیار بن لە کێشەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی لە بواری مەسەلەی وزە .

- سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان کە تەقریبەن ماوەیەکە خۆیان سەرپەرشتیی ناوچەکانی خۆیان دەکەن وەك کوردەکانی ڕۆژئاوا، پێم وایە دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان هەر چەندە لە ئێستا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە زۆر لە خاکی ڕۆژئاوای کوردستان زیاترە و بەرەو ناوچەی دیکە چوون، بەڵام تاکو ئێستا کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، دۆخێکی نارۆونە و وابەستەیە بە چەند هۆکارێکەوە، یەکێك لەوەی ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆن کە ئێستا هاتوون و دیمەشقیان بەدەستەوەیە، ئەوانیش دوو بەرەن و بەرەیەکیان دەیانەوێت لاپەڕەیەکی سپی هەڵبدەنەوە و لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی ناو سووریا و لەگەڵ وڵاتانی دیکە پەیوەندیی ئاساییان هەبێت و بە شێوەیەکی وا خۆیان پیشان دەدەن، کەوا ئەوان دەبنە فریادڕەسی خەڵکی سووریا، لەبەر ئەوەی خەڵکی سووریا ١٣ ساڵە لە شەڕی ناوخۆدایە و خەڵکێکی زۆر کوژراون و بریندار هەیە و سەرگەردان هەیە و خەڵکێکی زۆر ئاوارەیە لە وڵاتان، هەروەها پەیوەندییەکانی سووریا لەگەڵ جیهانی دەرەوە و وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی زۆر زۆر خراپە و دۆخی ئابووریی وڵاتەکە داڕووخاوە، ئەمانە دەیانەوێت لێرەوە دەست پێبکەن، بەرەیەکی دیکەش هەیە بە ڕاستی گرێدراوی وڵاتانی ئیقلیمین، بەتایبەتی تورکیا، ئەمانە ڕاستەوخۆ دژایەتیی کورد دەکەن و لە ڕابردووش کردوویانە و ئێستاش دەیکەن و بەردەوامیشن.

لەم خوێندنەوە و گفتوگۆیانەدا دەبێت ڕەچاوی ڕۆڵی تورکیا و دیزاینەری ڕووداوەکانی ئەم دواییە و نزیکی لە هێزە عەرەبە سوننەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەین، کە من وای دەبینم، ڕۆڵی تورکیا زۆر کاریگەر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو گەمەیەی کرا، گەمەیەکی جیۆپۆلەتیك بوو لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ وەدەرنانی ئێران و ڕووسیا بوو لە ناوچەکە. تورکیا ڕۆڵی هەبووە لە پاڵپشتیکردن و پشتگیرکردنی ئەو بەرەیە و ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ئێستا دیمەشقیان کۆنترۆڵ کردووە و دەیانەوێت حکومەت دروست بکەن، بۆیە تورکیا بە ڕاستی ڕۆڵی کاریگەریی دەبێت لە ناوچەکە و کاریگەریی هەیە و سیاسەتەکانی لە بەرانبەر ڕۆژئاوا دیارن و دەبێت کوردانی ڕۆژئاوا ئەمە لە پێش چاو بگرن و، ناکرێت ئەو دژایەتییەیان بۆ تورکیا بەردەوام بێت و پێویستە دانوستاندن لەگەڵ تورکیا بکەن، لەبەر ئەوەی دەبێت ئاگاداری ئەوە بن، چەند ئەمریکا بەرژەوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان و هەسەدە هەیە، بەڵام بەرژەوەندییەکانی زۆر زیاتر و گەورەترە لەگەڵ تورکیا، بەتایبەتی لە مەسەلە جیۆپۆلەتیکییەکان، بۆیە ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین، کەوا لە ڕۆژئاوای کوردستان سیاسەتێکی حەکیمانەتر پەیڕەو بکەن و خەڵکەکەی خۆمان تووشی مەینەتی نەکەن لەو ناوچەیەدا، چونکە بەڕاستی دژایەتیکردنی تورکیا و ئەو شەڕەی جار بە جار و ئەو لێدانانەی کەوا بە فڕۆکە تورکیا لێی دەدات، ئەمە هۆکارێکی خراپە بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بەرەو لاوازبوون بەرێت، لە کاتێکدا پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت، ئەو دەسەڵاتەی دێتە سەر حوکم لە دیمەشق لەمەودوا، ئەگەر پێمان خۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت، لایەنگری زۆر گەورەی بۆ تورکیا دەبێت، بۆیە بە ڕای من ڕۆژئاوای کوردستان بە حوکمی ئەو ڕووبەرەی هەیەتی، کە ڕووبەرێکی پڕ خێر و بەرەکەت و دەوڵەمەندە بە سامانە سرووشتییەکان، بەتایبەتی نەوت کە لە بەشەکانی دیکەی سووریا نییە و زەوییەکی بەپیتی کشتوکاڵی هەیە و دەوڵەمەندە بە سەرچاوە ئاوییەکان و ڕووباری فوراتی پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئەمە هۆکارێکە بەوەی بەردەوام ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە لە سووریا و دیمەشق دەسەڵات دەگرێتە دەست، چاوی لەو بەشە بێت، لەبەر ئەوەی گرنگیی ئابووریی سووریا کەوتووەتە ئەو ناوچانەی کە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی هەسەدە و کوردانی ڕۆژئاوا، بۆیە دەبێت ئێمە لە ڕۆژئاوای کوردستان سیاسەتەکەمان بە جۆرێك بێت، ئەو توانایەی هەمانە لە دەستی نەدەین و، پاڵپشتیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدەست بهێنین، بۆ ئەوەی پێگەی خۆمان بەهێز بکەین، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی فیدراڵی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە سووریاش بخوڵقێنین، چونکە ئیمکانات لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە، بۆ پێ وەستانی ئەو ئەزموونەی لە ڕۆژئاوا دروست دەبێت، بە حوکمی ئەو جوگرافیایەی کە هەیەتی.

**لەسەر خواستی ئێران لەساڵی ٢٠١٥ ڕووسیا دێتە ناو دۆخی سووریاوە و خۆی تێدا دەسەڵمێنێت**

**تورکیا ڕۆڵی هەبووە لە پاڵپشتیکردن و پشتگیرکردنی ئەو بەرەیە و ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ئێستا دیمەشقیان کۆنترۆڵ کردووە و دەیانەوێت حکومەت دروست بکەن**

**دژایەتیکردنی تورکیا و ئەو شەڕەی جار بە جار و ئەو لێدانانەی کەوا بە فڕۆکە تورکیا لێی دەدات، ئەمە هۆکارێکی خراپە بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بەرەو لاوازبوون بەرێت**



**دکتۆر عومران عومەر**

**شارەزای پەیوەندی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دهۆک:**

# ئەوەی لە سووریا ڕووی دا گەلێک لایەنی پۆزەتیڤی باشی تێدایە، هەر هیچ نەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و ڕزگاربوون لە دیکتاتۆرییەت

○○○

هەرچەندە زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئایندەی سووریا دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی بەعس بەرەو کوێ دەچێت و، زۆر زەحمەتە لەم بارودۆخەدا تۆ پێشبینی بکەیت، چونکە ئەوەی لە سووریا ڕووی دا و بەشار ئەسەد ڕووخا و ئەو گۆڕانکارییە خێراییەی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەمە تەنیا ڕووداوێکی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو گۆڕانکاری و ڕووداوێکی گەورەی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیش بوو. واتا گەلێک بەرژەوەندیی ستراتیژیی گەورە پێشتر و ئێستا و لە دواڕۆژیشدا لەسووریا وجوودی هەیە. بۆ نموونە با لە تورکیاوە دەست پێبکەین کە فاکتەرێکی هەرە سەرەکییە لەوەی لە سووریادا ڕووی داوە، دواتر ئێران بەرژەوەندیی گەورەی ستراتیژیی لەم وڵاتەدا هەیە، بەوەی ئیسرائیل نەکاتە هاوسنووری کە ئەمەش بۆ ئێران گەلێک گرنگە، ئیسرائیلیش خوازیاری ئەوە نییە هەژموونی ئێران و میلیشیاتە چەکدارەکانی لەسەر سنوورەکانی هەبێت و ببنە هۆکاری هەڕەشە لەسەر ئەمنی ئیسرائیل، سەبارەت بە ئەمریکییەکانیش خوازیارن ئێران لاواز بکەن و دەستی لەناو سووریادا نەمێنێت و پاڵپشتیی کوردەکان بکەن. لەلایەکی دیکەوە تورکەکان لەگەڵ ئەوەدان کورد و ئێرانییەکان لاواز بکەن لەناوچەکەدا بەتایبەتی لەسووریادا. ڕەنگە لە داهاتوودا گەلێک بەرژەوەندیی دیکەی وڵاتان لە سووریا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربکەون. هەرچۆنێک بێت، ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، گەلێک لایەنی پۆزەتیڤی باشی تێدایە، هەر هیچ نەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و ڕزگاربوون لە دیکتاتۆریەت، تەنانەت ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەوڵ دەدەن بە عەقڵییەتی دەوڵەتبوون کاروبارەکان بەڕێوە ببەن، نەوەکو بە عەقڵییەتی میلیشیات، هەر خۆیان پێش ڕووداوەکان و کەوتنی حەلەب هێزی ئۆپۆزسیۆن مەشق

و پلان و بەرنامەی تۆکمەیان بۆ ڕووداوەکان دانابوو، بگرە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانییەکی مەزن هەبوو بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان و ڕێکخستنی هێزەکان و مەشقی سەربازی و کردنەوە و بەڕێوەبردنی شارە گەورەکان تاوەکو دیمەشق، بۆ عێراقیش باشترە سنوورەکەی خۆی بپارێزێت و ڕێز لە سیادەی سنوورەکانی سووریاش بگرێت.

هەرچۆنێك بێت هێشتا زووە هەموو ئەم هێزانە لەدانوستان و دیالۆگ و ڕێککەوتنەکان بکەنە قۆناغێکی بونیادنانی سووریایەکی دیموکرات، بەتایبەتی لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات کە لەگەڵ هێزەکانی شام هەموو داواکاریی و مافەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بەدەست بهێنێت. ئەمە هەمووی تەحەددای گەورەیە، بەڵام بە ئومێدین دۆخەکە لەوێ بەرەو باشتر بچێت.

سەبارەت بەوەی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن لەم ناوچانەدا بەکوێ دەگات، ڕەنگە چارەسەرێکی سەرەکی ئەوە بێت بۆ کورد ئەو وڵاتە ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، بەڵام دەبێت هێزەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا زۆر بە زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا بکەن، بە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکانی سووریا بکەن. لە بەر ئەوەی ئەو حاڵەتەی لە عێراقدا هەیە، لەوێ دووبارە نەبێتەوە کە فیدراڵییەتێکی دروست نییە لە عێراقدا و گەلێك کەموکووڕی هەیە. بە واتایەکی دیکە ئەو دەمە واقیعێك بوو فەرز بوو کە حاڵەتێك پەیدا بکەین و وڵاتەکە ببێتە فیدراڵییەت، لە کاتێکدا ئێمە لە هەرێمی کوردستان دیفاکتۆیەکی دەوڵەتمان هەبوو، لە سووریا پێویستە لەگەڵ ئەوەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ هەژموونی نێودەوڵەتیدا، لەهەمان کاتدا لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە سووریا نە فکری دەوڵەتبوون بکات و تەنیا خۆی بپارێزێت، بەڵکو چۆن سووریایەکی بەهێز دابمەزرێنن و حوکمێکی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی بەدەست بهێنێت، زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا ڕۆژئاوا بە وردی و ژیری حیساب بۆ ئۆپۆزسیۆن و هەژموونی تورکیا و خواست و ویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و مەترسییەکان لەسەر قەوارەی ڕۆژئاوا دوور بخاتەوە.

لەم بارودۆخە نوێیەی سووریادا تورکیا گەمەیەکی گەلێك مەزنی کرد، هەژموون و دەسەڵاتی تورکیا لە سووریا باڵادەستە و لەداهاتووشدا ئەو وڵاتە هەوڵی ئەوە دەدات هەژموون و دەسەڵاتی زیاتر بکات، لە بەرانبەردا ئەمریکا و ئیسرائیلیش لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدان و ڕۆڵ و هەژموونی خۆیان لە ڕووداوەکان و داهاتووی سووریادا دەبێت. لە ئێستادا بە ڕووخانی بەشار ئەسەد بە تەواوەتی ڕۆڵی ئێران لە سووریا لاواز بووە و ئەمریکا و ئیسرائیل خوازیارن ڕۆڵی کورد لە سووریای ئایندە بەهێزتر بێت، ئینجا ئەو بەهێزبوونی کوردە بەرەو دەوڵەتبوون دەچێت، یان بەرەو قەوارەیەکی هەرە سەربەخۆ و دیفاکتۆ، ئەمەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان درێژکراوەیە لە قەوارەیەکی نوێی دەسەڵاتی کورد، بۆیە تورکیا هەستی بەو مەترسییە کردووە ئەو گەمەکارە سەرەکییە ئامانج و بەرنامەی خۆی هەیە.

تورکیا دیمەشقی بەدەست هێنا و هەژموونی لەو وڵاتە زیاتر بووە و، خوازیارە هەموو پەناهەندە سوورییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ناو سووریا و جارێکی دیکە حکومەتێك پەیدا بێت، نزیکی تورکیا بێت، بە لانیکەم لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی تورکیادا بێت. چەند تورکیا لە سووریا هەژموون و هێز پەیدا بکات، قەوارەی ڕۆژئاوای کوردستان لاواز دەبێت، بۆیە هێزەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا نابێت لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەکانی دیمەشق و بونیادنانی حکومەت ڕووبەڕووی دیمەشق ببنەوە و وەکو میلیشیات خۆی بناسێنێت. لە ئێستادا هێزەکانی ڕۆژئاوا دەبێت چەکی قورسیان تەسلیم بکەن و تێکەڵ بە سوپای نوێ ببنەوە، بەڵام ئەمەش مەترسی بۆ کورد لە ڕۆژئاوا هەیە، چونکە لەم قۆناغەدا زۆر زەحمەتە لە سووریا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزێکی سوپا هەبێت کە نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتە و کەمینەکان بکات، بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و وەکو هێزێکی بەدەر لەیاسا خۆی نیشان نەدات.

**عێراقیش باشترە سنوورەکەی خۆی بپارێزێت و ڕێز لە سیادەی سنوورەکانی سووریاش بگرێت**

**بە ڕووخانی بەشار ئەسەد بە تەواوەتی ڕۆڵی ئێران لە سووریا لاواز بووە و ئەمریکا و ئیسرائیل خوازیارن ڕۆڵی کورد لە سووریای ئایندە بەهێزتر بێت**

**چەند تورکیا لە سووریا هەژموون و هێز پەیدا بکات، قەوارەی ڕۆژئاوای کوردستان لاواز دەبێت**

**د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو**

شارەزا لە مێژوو:

# ئەگەر کوردانی سووریا بتوانن سوود لە گۆڕانکارییە گەورەکان وەربگرن، دەکرێت ببنە خاوەنی ئەزموونێکی فیدراڵی بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان

○○○



پێم باشە ڕووداوەکان و ڕووخانی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی بەو شێوەیەی کە ڕوویان دا، سەرەتا پێشینەیەکی مێژوویی بدەینێ، چونکە هەر ڕووداوێك کە کتوبڕ ڕوودەدات، دیارە ڕەگێك و پێشینەیەکی مێژوویی هەیە.

ئێمە دەزانین لە ئازاری ١٩٦٣ کە بەعسییەکانی سووریا دوای مانگێك لە کودەتای بەعسییەکانی عێراق، لە سووریا هاتنە سەر دەسەڵات و ٦١ ساڵ حوکمیان کرد، دواتر لەساڵی ١٩٧٠ ئینشقاقێك ڕووی دا و لە ساڵی ١٩٧١ حافز ئەسەد هاتە سەر دەسەڵات. کەواتە لە ٥٣ ساڵەی حوکمڕانیی بنەماڵەی حافز ئەسەد و ٦١ ساڵەی حوکمڕانیی بەعسییەکان لە سووریا، لە ماوەیەکی کتوپڕ و تەنیا لە ١٢ ڕۆژ کۆتایی پێهات و لە حەلەب دەستی پێکرد و دیمەشق کەوت. کەواتە کۆمەڵێك هۆکاری کەڵەکەبوو هەبوون بۆ ئەو ڕووداوە خێرا و کتوپڕییەی کە ڕوویدات و وڵاتە هەرێمایەتییەکان و وڵاتە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتنی ژێر بە ژێر و کۆمەڵێك شت بۆ ئەو ڕووداوە هەن.

زۆر ناچینە ناو وردەکارییەکانی مێژوو، بەڵام بەڕای من دەبێت لەوەوە دەست پێبکەین، کەکێ سوودمەند بوو لەو ڕووداوە و کێ زیانمەند بوو. ئەگەر لە سەرەتا سەیری ئێران بکەین، ئەوا ئێران هەر لە سەرەتاوە وەکو وڵاتێك هەر لە زووەوە لە زەمانی (نادر شا) وە خەونی دروستبوونی هیلالی شیعی هەبووە، ئێستا ئەو خەونەی هیلالی شیعی بچڕا و ئێران ناتوانێت جارێکی دیکە هەژموونی ڕاستەوخۆی هەبێت لە ناو دەوڵەتی سووریادا، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر سەیری تورکیاش بکەین تورکیا کێشەیەکی کۆن و لەمێژینەی هەبووە لەگەڵ سوورییەکان، چونکە پەیوەندی سووری و تورکی لە پێشتردا لەسەر بنەمایەك بوو، ئەو بنەمایە بریتی بوو لە هاوکێشەی ئاو و ئاسایش، تورکیا هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئێمە ئاو دەگرینەوە و سووریا تووشی قەیران دەکەین، لە بەرانبەردا سوورییەکان بە دروستکردنی پەکەکە و ناوچەی بیقاع، هەڕەشەیان لەسەر ئاسایشی تورکیا دەکرد. ئەو هاوکێشەیە درێژەی هەبوو، ئێستا ئەو هاوکێشەیە نەما و تورکەکان ململانێ دەکەن لەسەر ئەوەی لەمەودوا هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن. ئەگەر سەیری ئیسرائیل بکەین، دەبینین ئیسرائیل لەیەك دوو ڕۆژی ڕابردوودا هەوڵی دا، ژێرخانی سەربازیی سووریا وێران بکات، چونکە نایەوێت سووریا سوپایەکی بەهێزی هەبێت و سوود لە چەکە نوێیەکان وەربگرێت. بارودۆخی سووریا بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری بکەین، ناتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین ئەو حەفتەیە، یان دوو حەفتەی دیکە وساڵێکی دیکە چی بەسەر دێت، چونکە کۆمەڵێك گرووپ هەن لەناو سووریا بەتایبەتی سوننە و کورد کە دوو ئایدیای جیاواز و دوو بیروبۆچوونی جیاوازن و کاریگەریی هەرێمایەتیش لەسەر ئەو دوو هێزە هەیە، کە هێزی چەکدار و هێزی

ئایدیۆلۆژین، بۆیە پێشبینیکردن زەحمەتە، ئایا دەرفەت ساز دەبێت بۆ دروستبوونی گرووپی توندڕەوی دیکە؟ ڕووسەکانیش هەوڵ دەدەن لە کەناری دەریا بمێننەوە و هەژموونی خۆیان بەردەوام بێت، چونکە ئەمانیش هەر لەکۆنەوە ئاواتیان ئەوە بوو بگەنە ئاوە گەرمەکان ئەو ئاوانەی نایانبەستێت لە دەریای ناوەڕاست. سەبارەت بە وڵاتانی دیکەش وەکو دیارە لە لێدوانەکانی ترامپ بەم دواییە کە داوا دەکات گەلانی سووری ئاسۆیەکی ڕوون لەبەردەمیان بێت و وڵاتی خۆیان بونیاد بنێنەوە و وڵاتانی

گۆڕینی ڕژێمی بەعس و هەرچەندە ئێستا حوکمڕانانی نوێ هێشتا ناتوانین و زووە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە حوکمڕانی نوێ ئایا حوکمڕانییەکی ڕەشید دەبێت، یان حوکمڕانێك دەبێت کە سوننەی توندڕەو ئەبوو محەمەد جۆلانی لە پێشتر لە نوسرە بوو، پاشان کە لە قاعیدە جیابووە و ئەوان مەنعیان لەسەر بووە، ئایا ئەمجارەیان چۆن حوکمڕانی دەکەن و دەتوانن ئەو درزە نەهێڵنەوە کە گرووپ دروست بێت و دەتوانن یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزن؟ واتە کۆمەڵێك پرس هەن حوکمدانیان



ئەورووپی هەوڵ بدەن بۆ دووبارە بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە لە کاتی شەڕ وێران بوون، یان کاولکاریی تووشیان بووە.

لەم بارودۆخە گوزەرییەی کە سووریا پێیدا تێپەڕ دەبێت دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، من پێم وایە ئەگەر کوردەکان بتوانن سوود لە گۆڕانکارییە گەورەکان وەربگرن، دەکرێت ببنە خاوەنی ئەزموونێکی فیدراڵی بە هاوشێوەی کوردەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە کورد هەمیشە سوودی لە بارودۆخی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە ئەنجامی هێرشی عێراق بوو بۆ سەر کوێت دروست بووە، ئەوەی کە ئێستا ڕووی داوە، زەحمەتە، بەڵام ڕەنگە لەماوەی داهاتوودا زۆر شت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت

لەناو ئەم هاوکێشەیەشدا تورکیا هەوڵ دەدات لە باکوور و ڕۆژئاوای سووریا و لە ناوچانەدا هەژموونی خۆی بسەپێنێتەوە، بەڵام بۆ تورکیاش ئاسان نابێت و بەو ئاسانییە نییە کە ئێمە پێشبینی دەکەین، چونکە وڵاتانی دیکە هەن و ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕووسیا هەن، واتا هاوکێشەکە کەمێك ئاڵۆزە، بەڵام هەموو هەوڵی تورکیا لەسەر ئەوە دەبێت، هەژموونی خۆی بەسەر ڕۆژ ئاوا و ئەو ناوچانەدا بسەپێنێتەوە، هەر هیچ نەبێت هەموو ئەو گرووپانەی کە بە نەیاری خۆیانی دەزانێت، بیانگۆڕێت.

**دکتۆر عەلی ساڵح میران**
**مامۆستای زانکۆی زاخۆ:**

# هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان لەبەرژەوەندی تورکیا نییە و پێویستە دانوستاندنیان لەگەڵ بکات

○○○




هێشتا زۆر زووە پێشبینی بکەین و بزانین لە سووریا چی ڕوودەدات، بەڵام بە تەئکید پێش ٧ی ئۆکتۆبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاواز بوو لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەر، ئەم دەڤەرە لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەتایبەتی هێزەکانی سەر بە ئێران هەر لە حەماس لە غەززە و حزبوڵڵا لە لوبنان بە تەواوەتی بچووک کرانەوە و دواتریش ڕووخانی بەشار ئەسەد و ڕژێمی بەعسی لە سووریا بە دوای خۆیدا هێنا. ئومێدەوارم ئەم ڕووداو و گۆڕانکارییانە لە بەرژەوەندی میللەتی کورد بێت، لەهەر شوێنێك بێت و بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان و بگات بە مافەکانی و لە ژیانێکی بەختەوەردا بژی.

ڕاستە لە ڕۆژئاوای کوردستان جۆرێك لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن هەیە، بەڵام چارەنووسی ئەم خۆبەڕێوەبردنە و هێنانە کایەی واقیعێکی وای هاوشێوەی هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی سیمای ڕژێمە نوێیەکەی سووریا، پەیوەندیدارە بەو هێز و لایەنە سیاسییانەوە کە لەسەر ئەرزی واقیع حوکمڕانی دەکەن. ئەگەر سیاسەتێکی توند و دژی گەلان بێت، ئەوا لەو بڕوایەدام زەحمەتە ئەو مافە بدەنە گەلان و سیستەمێکی وا دابمەزرێت کە لامەرکەزی بێت. خۆ لە ئێستادا گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان خۆبەڕێوەبردنێکی خۆیان هەیە و تا ڕاددەیەکیش ئەمریکا پشتیوانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و تا ڕاددەیەکیش ئەم پشتیوانییە باشە، هەندێك جار ئۆپۆزسیۆن بە هاندانی دەوڵەتێکی دەوروبەر دژایەتی کوردان دەکەن، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتەی بڕوای بە مافی کوردان نییە. بە هەر شێوەیەك بێت، ڕووخانی دەوڵەتی بەعس و ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد کە ٥٤ ساڵە لە سووریا حوکم دەکات، لە بەرژەوەندیی کورددایە، ئومێدەوارم ئەمە ببێتە شانس و دەرچەیەك بۆ کورد کە لە سووریا شتێکی هەبێت.

هەڵبەتە لێرەدا تورکیا دژی هەیەپە و قەسەدەیە و ناخوازێت خاکی سووریا دابەش بکرێت و بوونی ئەو هێزە کوردییانە بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر سنوورەکانی وڵاتی تورکیا، بۆیە لەدوای ڕووخانەکەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدەوە هەندێك لەو هێزانەی کە سەر بە تورکیان وەکو جەیشی وەتەنی سووریا کە بچنە تەل ڕەفعەت و منبج و دێرەزور و ڕەقە و کۆبانێ و ئەگەر دەستیان بڕوات، دەچنە هەموو شوێنەکانی کوردان، ئەم کار و پێکدادان و شەڕانە بۆ کورد و پاشەڕۆژی تورکیاش باش نییە، چونکە ئەمە دژایەتیکردن و دەستتێوەردانە لە سووریا کە دەڤەر و ناوچەی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی سووریایە و نابێت تورکیا بێت و هێزی چەکدار بهێنێت و ئەو هێزانەی سەر بەتورکیایە لە سووریا لە دژی کوردان بەکار بهێنێت و پەلاماری ناوچە کوردییەکان بدات.


بشار الأسد



## د.سالار عوسمان

**بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# بڕوامان بەوەیە کە جیاوازییەکان دەبێت سەرچاوەی هێزمان بێت، نەک لاوازیمان

د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی بازنەی گفتوگۆیە، کە ماوەی دوو ساڵە ئەم بازنەیە وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بووەتە پلاتفۆرمێکی کراوە بۆ تەواوی دەستەبژێری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان و، مانگانە گفتوگۆیەکی کراوە و ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و تایبەت بە گوزەرانی خەڵك و هاووڵاتیان ڕێك دەخات و بۆچوونە جیاوازەکان کۆ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی جیاوازییەکاندا خاڵی هاوبەش و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەش بکات.

بازنەی گفتوگۆ هەتا ئێستا ٢٤ گفتوگۆی جددیی لەسەر پرسە گرنگەکان ئەنجام داوە، بۆ ئەم گفتوگۆیانە زیاتر لە ٢٥٠ سیاسەتمەدار و ئەکادیمیست و پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر پرسە جیاوازەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوروبەری بەشداری پێ کردووە و، بە دەیان هەزار لە هاووڵاتیان بە ڕێگەی ڕاپرسی بەشدارییان پێ کردووە، هەتا ئێستا سێ کتێبی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش کردووە و کتێبی چوارەمیش ئامادەیە و لە ئایندەیەکی نزیکدا لە ڕێوڕەسمێکی شایستە پێشکەشی دەکات.

لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، لە دەستپێکدا د.سالار عوسمان پەیڤێکی بۆ بەخێرهاتنی میوانەکان پێشکەش کرد و، جەختی لە گرنگیی بازنەی گفتوگۆ کردەوە و پێی ڕاگەیاندن: «بازنەی گفتوگۆ ئۆرگانێکی سەربەخۆ و پلاتفۆرمێکی کراوەیە بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم نیشتمانە و، ئەو کێشانەش کە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەرییان بە سەر وڵات و نیشتمانی ئێمەوە بە جێ دەهێڵێت».

سەبارەت بە دەستپێشخەریی پارتی دیموکراتی

کوردستانیش بایەخدانی بە ڕای جیاواز و ڕای بەرانبەر، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد: «ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە پیادەی ڕێبازی بارزانی دەکات، بڕوامان بەوەیە کە جیاوازییەکان دەبێت سەرچاوەی هێزمان بێت، نەك لاوازیمان، کۆمەڵگەی تەندروست ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بتوانێت جیاوازییەکان بە زیندوویی بهێڵێتەوە و بە تەنیشت یەکەوە پۆلیان بکات و ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاوازی یەکتری بگرین. مێژووی ڕێبازی بارزانی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە هەموو کات لە سەردەمی خەباتی شاخ و حوکمڕانییشدا، ئەم ڕێبازە چەترێك بووە بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و ئازادیخوازان لە سەرانسەری عێراق و ناوچەکەشدا، هەر بۆیە سرووشتی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەسەر ئەم بیروباوەڕە بونیاد نراوە، هەموو کاتێك بەو جۆرە سیاسەتی کردووە کە گوێ لە بیروبۆچوونی جیاواز بگرێت و بەرانبەر وەك خۆی بە جیاوازییەکانیەوە قبووڵ بکات».

گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەوتنی ڕژێمی ئەسەد بەشێکی دیکەی پەیڤەکەی بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بوو، لەم چوارچێوەیەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: «ئەم گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویان داوە و پاشانیش کەوتنی ڕژێمی ئەسەدی بەدوا هات، بە یەکێك لە ڕووداوە گەورەکان هەژمار دەکرێت، هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەمیش لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و، دەرهاویشتەکانی ئەم گۆڕانکارییانەش پەیوەندیی بە هەموو کارەکتەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، بۆیە پرسێکی زۆر گرنگە، مەبەستمان بوو ئەم پرسە لە چەندین ڕەهەندی بیروبۆچوونی جیاوازەوە شەن و کەو بکەین و، پاشان ڕەهەندە جیاوازەکان پێکەوە گرێ بدەینەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هاریکاریی هەموو لایەك کە مامەڵەیەکی لۆژیکانە لەگەڵ ئەم پرسە هەستیارەدا بکەین».

سەبارەت بە شێوازی مامەڵەی بازنەی گفتوگۆش لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە و ڕەنگدانەوەی لە ناو ڕای گشتیی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا، د.سالار عوسمان بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «وەك ئەزموونێکی تازە، هەوڵمان داوە لەسەر ئاستی کاری میدیایی و وەك پرۆژەیەکی سیاسییش، وەبەرهێنانێکی واقیعییانە لەسەر ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە بکەین. ئامانجی یەکەممان ئەوەیە بە ڕێگەی ئەو ڕاپۆرتەی کە بازنەی گفتوگۆ ئامادەی دەکات، ڕاوبۆچوونی ڕای گشتیی خەڵك بێتە ناو هۆڵی گفتوگۆکە و بە بیروبۆچوونی جیاوازی




بەشداربووانی گفتوگۆکەوە گرێیان بدەینەوە، دوای ئاوێتەبوونی ڕای گشتی و بۆچوونی جیاوازی ئامادەبووان، دەکرێتە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و لە گۆڤاری گوڵاندا بڵاو دەکرێتەوە و پوختە و خاڵی سەرەکیی هەموو بۆچوونە جیاوازەکان لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا بەرز دەکرێتەوە بۆ لایەنەکانی پەیوەندیدار بەم کێشەیەوە لە هەرێمی کوردستاندا، هەر شەش مانگ جارێك کۆی ئەو ڕاپۆرتانە بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی دەکرێن بە کتێب و لە ڕێوڕەسمێکی شایستە بەشداربووانی گفتوگۆکان خەڵات دەکرێن و کتێبەکانیش دابەش دەکرێن».



## هیوا ئەحمەد مستەفا

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# گرنگە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریا بە لۆژیک بارودۆخی ئێستای ناوچەکە بخوێننەوە و، هەوڵ بدەن یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن و خۆیان لە ئایدیۆلۆژیای پەکەکە دابماڵن

**هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای کەرکووك – گەرمیانە، لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، زۆر بە واقیعی و ڕاشکاوانە لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵوەستەی کرد و بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو:**

کۆبوونەوەی ئەم هەموو دەستەبژێرە سیاسییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر لەم هۆڵەدا، مانای ئەوەیە ئەو پرسە گرنگە «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق» ئەوە پیشان دەدات، کە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کەوتنی ڕژێمی ئەسەدی بە دوادا هات، ئەمە مانای ئەوەیە گۆڕانکارییەکان تەنیا کەوتنی «ڕژێمی ئەسەد» نییە، بەڵکو زنجیرەیەك گۆڕانکاریی پێشبینی نەکراون و لەوانەیە گۆڕانکاریی دیکەش بە دوای خۆیدا بهێنێت و هەندێك لە وڵاتان بەهێز دەبن و هەندێك لە وڵاتانیش لاواز دەبن، ئەمەش سەرتاسەری ناوچەکە بگرێتەوە، بە هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیا و ئێرانیشەوە، لەمەش زیاتر لەوانەیە لەسەر ئاستی مەزهەبگەرایی و فیکریش گۆڕانکاری بە دوای خۆیدا بهێنێت.

دەوڵەتی سووریا وەك یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی شیعی لە ناوچەکە لە قەڵەم دەدرا، ڕاستە سەرۆکەکەی «بەشار ئەسەد» عەلەوی بوو، بەڵام ڕژێمەکەی ئیسلامیی شیعە نەبوو، بەڵکو حزبی بەعس لەوێ دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو. ئەم حزبەل سووریا مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە و، ڕژێمەکەش لە سەرووی نیو سەدەیە

لە دەسەڵاتدایە، لەم ماوە دوور و درێژەدا حزبی بەعس لە سەردەمی حافز ئەسەد و دواتریش لە سەردەمی کوڕەکەی (بەشار ئەسەد) بە ئاگر و ئاسن حوکمڕانیی ئەو وڵاتەیان کردووە. ئازادی و دیموکراتی و فرەحزبی بوونی نەبووە، ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ نەگیراوە و ئەوەی گومانی ئەوەی لێکرابێت کە دژی ئەو ڕژێمەیە، لە زیندانەکان بەند کراون و بە دڕندەترین شێوازی نامرۆڤانە ئەشکەنجە دراون. هەر بۆیە ئەگەر تەنیا سەیری دیمەنی زیندانە شکاوەکانی سووریا بکەین، کە چۆن ئەو خەڵکە بێتاوانانەی لێهاتنە دەرەوە، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد جێگەی خۆشحاڵییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بۆ تەواوی ناوچەکەش.

ڕووخانی کتوپڕ و خێرای ڕژێمی ئەسەد، ئەوە پیشان دەدات، کە ئەم ڕژێمە پشتی بە گەلەکەی خۆی نەبەستووە و هەوڵی نەداوە کار بۆ بەرژەوەندیی گەلی سووریا بکات، هەر بۆیە وەك بینیمان سوپاکەی پشتی تێکرد و شەڕی بۆ نەکرد و، ئەگەر وای نەکردایە، لەوانەیە بەشار ئەسەد ئەو کارەساتەی بەسەردا نەیەت و لە وڵاتەکەی خۆی هەڵنەدەهات.

بۆ ئێستای سووریا، گرنگە هەموومان ڕێز لە ئیرادەی گەلی سووریا بگرین و هاوکاریان بین، بۆ ئەوەی بە زوویی قۆناغی ڕاگوزەر تێپەڕێنن و دەستوورێکی نوێ بۆ سووریا دابنێن و خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

ئەوانەی ئێستا لە دیمەشق دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست «هەیئەی تەحریری شام»، لە دەستپێکەوە هەوڵیان داوە، بە جۆرێك بە کراوەیی و لۆژیك پەیامەکانی خۆیان ئاراستە بکەن، لە ناویاندا سەبارەت بە ماف و ناسنامەی کوردی سووریا، ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیە بەردەوام بن و ڕێز لە مافی کۆی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی سووریا بگرن و، لەمەش گرنگتر لە نووسینەوەی دەستووری تازەی سووریادا مافی تێکڕای پێکهاتەکان بچەسپێنرێت، بەتایبەتی مافی گەلی کورد لە سووریا، کە هەتا ئێستاش لە سووریا وەك هاووڵاتی سەیر ناکرێن و هەموو مافەکانیان پێشێل کراوە.

زۆر گرنگە برایانمان «گەلی کورد لە سووریا» مامەڵەیەکی لۆژیکانە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە بکەن و بیکەنە دەرفەتێك و سوودی لێوەربگرن، ئەمەش بەوە دەکرێت تێکڕای هێزە سیاسییە کوردییەکانی سووریا وەك «هێزی سووریای دیموکرات، ئەنەکەسە، پەیەدە» لەگەڵ کۆی هێزە کوردییەکانی سووریا خۆیان لە تەوقی ئایدیۆلۆژیەتی حزبی دەرباز بکەن و، بەرژەوەندیی گەلی کوردی سووریا بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتییەوە. زۆر گرنگە واقیعی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان کە دەبێتە ڕۆژهەڵاتی سووریا بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. جوگرافیای ئەم ناوچەیە بەو جۆرەیە کە سنوورێکی بەرفراوانی لەگەڵ تورکیا هەیە، بۆیە دەبێت دیالۆگ لەگەڵ تورکیا بکەن و بزانن چۆن پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو وڵاتە ڕێك دەخەنەوە، لەبەرئەوەی تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هەموو کات دەتوانێت کێشە بۆ سووریا بە گشتی و بۆ کورد بەتایبەتی دروست بکات.

گرنگە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریا بە لۆژیك بارودۆخی ئێستای ناوچەکە بخوێننەوە و، هەوڵ بدەن یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن و خۆیان لە ئایدیۆلۆژیای پەکەکە دابماڵن. دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین، کە ئەگەر هەتا ئێستا بۆ شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، بایەخ بە هێزە کوردییەکانی سووریا درابێت، ئەوا ئێستا بارودۆخێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە و لەوانەیە ئەو بایەخدانە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و گرنگە خۆیان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە تازەیە بگونجێنن.

لێدوانەکانی ئەم دواییەی ئەحمەد شەرع کە جەخت لەوە دەکاتەوە، گەلی کورد بەشێکی سەرەکیی گەلی سووریایە، جێگەی دڵخۆشییە، هاوکات پەیامی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم قسانەی ئەحمەد شەرع، مانای ئەوەیە دەمانەوێت سوود لەو دەرفەتە وەربگرین کە بۆ گەلی کوردی سووریا هاتووەتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بە زمانی دیالۆگ و دانوستاندن مافەکانی گەلی کورد لە سووریای تازە بچەسپێنرێت.

ئێمە لە عێراقدا بە هەموو پێکهاتەکانەوە (کورد، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و پێکهاتە جیاوازەکانی دیکە)، دەبێت ئایندەی

**ئەگەر تەنیا سەیری دیمەنی زیندانە شکاوەکانی سووریا بکەین، کە چۆن ئەو خەڵکە بێتاوانانەی لێهاتنە دەرەوە، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد جێگەی خۆشحاڵییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بۆ تەواوی ناوچەکەش**

**ڕووخانی کتوپڕ و خێرای ڕژێمی ئەسەد، ئەوە پیشان دەدات، کە ئەم ڕژێمە پشتی بە گەلەکەی خۆی نەبەستووە و هەوڵی نەداوە کار بۆ بەرژەوەندیی گەلی سووریا بکات**

**گرنگە هەموومان ڕێز لە ئیرادەی گەلی سووریا بگرین و هاوکاریان بین، بۆ ئەوەی بە زوویی قۆناغی ڕاگوزەر تێپەڕێنن و دەستوورێکی نوێ بۆ سووریا دابنێن و خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن**

**زۆر گرنگە برایانمان «گەلی کورد لە سووریا» مامەڵەیەکی لۆژیکانە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە بکەن و بیکەنە دەرفەتێک و سوودی لێوەربگرن**

**تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هەموو کات دەتوانێت کێشە بۆ سووریا بە گشتی و بۆ کورد بەتایبەتی دروست بکات**

**بۆ ئەوەی عێراق لە پریشکی ئەم شەڕ و گۆڕانکارییانە بپارێزین، باشترین ڕێگە ئەوەیە هەموومان بگەڕێینەوە بۆ پابەندبوون و جێبەجێکردنی ئەو دەستورەی کە لەساڵی ٢٠٠٥ گەلانی عێراق دەنگیان پێ داوە**

**دەبێت بڕیاری شەڕ و ئاشتی بگێڕینەوە بۆ دەستی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت و چیدیکە ڕێگە نەدەین، چەند گرووپی میلیشیایی چەکدار، یاری بە چارەنووسی ئەم وڵاتە بکەن**

**بۆ ئێستای بارودۆخی سیاسیی عێراق، کاتی ئەوەیە ڕێگە نەدەین دەستی دەرەکی ئاراستەی پرۆسەی سیاسیی ئێمە دیاری بکات**

وڵاتی خۆمان لەبەر چاو بێت. لە ئێستادا کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی شیعەدایە بە حوکمی زۆرینە، دەبوو سەرکردایەتیی سیاسیی هێزە شیعەکان کە بەشێکی زۆریان لە خەباتی ئۆپۆزسیۆندا لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لەیەك سەنگەردا بوون و، پێکەوە خەباتمان کرد لە دژی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، بەداخەوە بەشێکیان کە گەیشتنە دەسەڵات مێژووی ئەو خەباتە هاوبەشەیان لە بیر خۆیان بردەوە و مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵ کێشەی کورد و عەرەبی سوننە نەکرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی جۆرێك لە بێمتمانەیی لەناو پرۆسەی سیاسی بێتە ئاراوە و زیان بە دووبارە بونیادنانەوەی ئەو عێراقە نوێیە بگەیەنن، کە هەموو لایەك ئومێدمان بۆ دەخواست.

بۆ ئەوەی عێراق لە پریشکی ئەم شەڕ و گۆڕانکارییانە بپارێزین، باشترین ڕێگە ئەوەیە هەموومان بگەڕێینەوە بۆ پابەندبوون و جێبەجێکردنی ئەو دەستورەی کە لەساڵی ٢٠٠٥ گەلانی عێراق دەنگیان پێ داوە. ئەوەی ئێستا لە سووریا دەگوزەرێت، دەبێت ئێمە بیکەینە پەندێك و سوودی لێوەربگرین. دەبێت بڕیاری شەڕ و ئاشتی بگێڕینەوە بۆ دەستی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت و چیدیکە ڕێگە نەدەین، چەند گرووپی میلیشیایی چەکدار، یاری بە چارەنووسی ئەم وڵاتە بکەن.

بۆ ئێستای بارودۆخی سیاسیی عێراق، کاتی ئەوەیە ڕێگە نەدەین دەستی دەرەکی ئاراستەی پرۆسەی سیاسیی ئێمە دیاری بکات. دەبێت عێراقییەکان بە «کورد و عەرەب و تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانەوە» یەکدەنگ و یەکڕیز بن، بۆ ئەوەی دووبارە پرۆسەی سیاسی ئەم نیشتمانە ڕێك بخەنەوە و، حوکمڕانییەکی دروست پیادە بکرێت، کە چیتر لەم وڵاتەدا یەکتری نەخوێندنەوە و یەکتری قبووڵنەکردن نەمێنێت و، هەموومان پابەندی دەستوورەکەی خۆمان بین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بەو جۆرە بێتە ئاراوە کە تیایدا تەواوی مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بێت، ژێرخانە گرنگەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی پتەو بونیاد بنێتەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی عێراق بە ئاستێك خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێت، کە شایستەیانە.

ئێستا لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا جۆرێك لە ناهاوسەنگی هەیە. وای دەبینم هەموو لایەك پێویستی بە بەخۆداچوونەوە هەیە. دەبێت بە شێوەیەکی نیشتمانی و عێراقییانە بیر لە چارەنووسی ئەم نیشمانە بکەینەوە، بۆ ئەمەش بە دووری نابینم کە دەبێت پاکتێکی نیشتمانی لەنێوان تەواوی هێزە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە گرێ بدرێت و، جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، دەستووری عێراق وەك ئەوەی گەلانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە، جێبەجێ بکرێت و هەر لەبەر ڕۆشنایی ماددەکانی ئەو دەستوورەدا کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین.

لە کۆتاییدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکان لەم ناوچەیە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەرگیز ناتوانرێت وەك فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە پشتی پێ ببەسترێت. ئەگەر سەرنج لە بارودۆخی سووریا بدەین، دەبینین هێزێکی گەورەی وەك ڕووسیا هاتبووە سووریا بۆ ئەوەی ڕژێمی ئەسەد بپارێزیت، بەڵام کاتێك بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات، وەك بینیمان پشتی لە ڕژێمی ئەسەد کرد. هەروەها ئێران کە چەندین ساڵە هێز لە دەوری ڕژێمەکەی ئەسەد کۆدەکاتەوە، ئەوانیش پشتیان لە ئەسەد کرد و بە تەنیا هێشتیانەوە، هەتا بەشار ئەسەد ناچار بوو، هەڵبێت و وڵات بەجێ بهێڵێت. هۆکاری هەموو ئەم شکستانەی ئەسەد ئەوە بوو، پشتی بە بەرژەوەندیی باڵای گەلی سووریا نەبەست و پشتی بە هێزی دەرەکی بەست، سەرەنجامیش هێزی دەرەکی بە جێیان هێشت و کەس فریای نەکەوت.

ئەوەی تایبەتە بە چارەنووسی برایانمان «گەلی کورد لە سووریا»، ئەوەیە کە دەبێت زۆر بە باشی بارودۆخی سیاسیی ئێستای ناوچەکە و هاوسەنگیی هێز لە سووریای دوای ئەم گۆڕانکارییانە بخوێننەوە. بوونی هێزەکانی پەکەکە و سەرکردایەتیی قەندیل لە ڕۆژئاوای کوردستان یاریکردنە بە چارەنووسی ڕۆژئاوا، بۆیە ئەگەر هێزەکانی سووریای دیموکرات کە بەشی هەرە زۆریان کوردی سووریان، خۆیان لە پەکەکە جیا نەکەنەوە، ئەوا هەموو کات ئەمە



دەبێتە کارتێك بۆ ئەوەی سوپای تورکیا هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوا و مەترسییان لەسەر دروست بکات. بۆیە دەبێت کاری سەرەکیی میدیای کوردستان ئەوە بێت، کە پرسی جیاکردنەوەی چارەنووسی کوردانی سووریا لە گەڵ پەکەکە بکاتە پرسێك و ڕای گشتیی بۆ دروست بکات و، ڕێگە نەدات ئەو دەرفەتەی لە سووریا هاتووەتە پێشەوە گەلی کوردی سووریا لە دەستی بدەن.

لایەنێکی دیکە کە پەیوەستە بە سەقامگیریی تەواوی ناوچەکە، ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوای کوردستان چەند خێوەتگە هەن وەك خێوەتگەی «هۆڵ و ڕۆژ» کەوەك ئاماژەیان پێکرا، زیاتر لە ٥٠ هەزار کەسیان تێدایە و بە کرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دادەنرێن، ئەگەر ئەم دوو خێوەتگەیە ئاسایشیان نەپارێزرێت و خەڵکەکەی ناوی بەرەڵا بکرێن، ئەمانە دووبارە دەبنەوە بە مەترسییەکی گەورە بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هەم لەناو سووریا و هەمیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

بە شێوەیەکی گشتی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە لە سووریا کە بە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد کۆتایی پێهات، وەك وەرچەرخانێکی ئەرێنی دەخوێندرێتەوە بۆ تەواوی ناوچەکە، ئەگەر بە لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بۆ عێراق زۆر گرنگە ڕێگە نەدات، گرووپە چەکدارەکان لە ناو عێراقەوە هێرش بکەنە سەر وڵاتانی دەوروبەر و بیانوو بدەن بە دەستەوە بۆ ئەوەی عێراق لەم شەڕەوە تێوە بگلێنن، بۆ کوردانی سووریاش دەرفەتێك هاتووەتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بە مافەکانی خۆیان بگەن، بەڵام زۆر گرنگە هەموو یەك ڕیز و یەك هەڵوێست بن و خۆیان لە تەوقی ئایدیۆلۆژیای پەکەکە بێننە دەرەوە.

**بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکان لەم ناوچەیە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەرگیز ناتوانرێت وەک فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە پشتی پێ ببەسترێت**



## شێخ حەیدەر ئەللامی

سەرکردە لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا:

# بۆچوونەکان لەیەک خاڵدا یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەشار ئەسەد حوکمڕانییەکی منداڵانە و هەرزەکارانەی پیادە کردووە

شێخ حەیدەر ئەللامی، یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا، ئەم هاوپەیمانییە کە نووری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، یەکێکە لە لایەنە سەرەکی و گرنگەکانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە حکومەتی ئێستای د.محەمەد شیاع سوودانی پێکهێناوە، زیاد لەمەش یەکێکە لەو پسپۆڕە دیارانەی ناو مەزهەبی شیعە کە وەك مامۆستایەك وانەی زانستەکانی فەقهی و شەرعی بە قوتابییانی حەوزەی عیلمی دەڵێتەوە و، لەو سەردەمی ئۆپۆزسیۆنیشدا لە سووریا بووە و بە هەمان شێوە وەك سیاسەتمەدار و مامۆستایەکی ئایینی کاری کردووە. لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارە «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، زۆر بە ڕاشکاوی جەختی لەسەر پاراستنی سەقامگیریی عێراق کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە نابێت عێراق لەم شەڕە نەخوازراوەوە تێوە بگلێت و بەمجۆرەش دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو:

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

سڵاو درووود بۆ فەخری كائینات محەمەد و ئەهلی بەیت و پیاوچاكان.

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەم، كە ئەم دەستەبژێرەی لە خەڵكانی سیاسی و خاوەن فیكر و بیروبۆچوونی جیاواز بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە «دەرهاویشتەكانی كەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاكامەكانی لەسەر هەرێمی كوردستان و عێراق» كۆكردووەتەوە، ئەم گردبوونەوەیەش خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە كە ئێمە گفتوگۆ لەسەر پرسێكی هەستیار و گرنگ دەكەین، كە ئێستا لە عێراق و كۆی ناوچەكە بەڕێوە دەچێت.

لە دەستپێكدا دەمەوێت سوپاسی ئەو پەیڤانە بكەم كە برای بەڕێزم هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان پێشكەشی كردین، كە پێموایە ئەوەی بەڕێزیان ئاماژەی پێكرد، ڕێگە ڕاستەكەیە بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە بكەین.

ئەگەر بە كورتی هەڵوەستەیەك لەسەر شێوازی حوكمڕانیی بەشار ئەسەد بكەم و، جەخت لەسەر تێڕوانینی دەوڵەتانیش بۆ ئەو شێوازەی حوكمڕانی لە سوریا بكەین، كە بەشار لە دوای حافز ئەسەدەوە لە كۆتایی نەوەدەكانەوە پیادەی دەكات، بۆچوونەكان لەیەك خاڵدا یەك دەگرنەوە، كە ئەویش ئەوەیە كە «بەشار ئەسەد حوكمڕانییەكی منداڵانە و هەرزەكارانەی» پیادە كردووە، بێگومان هەموو لایەكیش ئەو ڕاستییە دەزانن كە گرنگترین پرانسیپی حوكمڕانیی كاڵفامانە ئەوەیە كە دەبێتە حوكمڕانییەكی پۆلیسی.

ئەو ژینگەی حوكمڕانییە پۆلیسییە لە سووریای سەردەمی بەشار دروست كرا، وای كردبوو، هەر هاووڵاتییەكی سووری، بۆچوونی خۆی بە شێوەیەك لە دژی ڕژێمەكە دەربڕێت، ئەوا ئەگەری ئەوەی لەبەردەمدا بوو، كە بێ هیچ هۆیەك ڕووبەڕووی تۆمەتێك بكرێتەوە، لەلایەن ڕژێمەوە و بە چەندین تۆمەتی جیاواز لە زیندانە جیاوازەكاندا زیندانی بكرێت، كە لە ناو ڕژێمەكەی بەشار ئەسەد چەندین بەندیخانەی جیاواز هەبوون، وەك بەندیخانەی «ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی تاوان و.. هتد».

پسپۆڕان و شرۆڤەوانانی سیاسی، باش ئەو ڕاستییە دەزانن، كە لە دوای كۆچی دوایی حافز ئەسەد لە نیوەی دووەمی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو، قۆناغێكی هێجگار جیاواز لە حوكمڕانیی حافز ئەسەد دەستی پێكرد، بە جۆرێك كە دەتوانین بڵێین: حوكمڕانیی بەشار ئەسەد لە حوكمڕانیی باوكی زۆر جیاواز بوو، لە گەڵ ئەو جیاوازییە و پاشانیش ئەو دەرهاویشتانەی كە گۆڕانكاریی ناوچەكە بە دوای خۆیدا هێنایان، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٠وە كە ڕاپەرینەكان دەستیان پێكرد، بەشار ئەسەد پشتی لە میللەتەكەی كرد و پشتی بە چەندین لایەنی دەرەكی بەست، ئەم پشتبەستنە بە لایەنی دەرەكی وایكرد، بەشار جڵەوی حوكمڕانیی سووریای لە دەست دەربچێت و بكەوێتە دەستی هێزە دەرەكییەكان.

پێگەی ستراتیژی و جوگرافیی سووریا لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێگەی هەموو دەوڵەتانی كەنداو و دەوڵەتانی عەرەبیی دیكە گرنگتر بوو، پێگەیەكی زۆر ئاڵۆز و پێكەوە گرێدراوی ستراتیژی هەبوو. بەڕێوەبردنی دەوڵەتێكی لەم جۆرە پێویستی بە سەركردەیەكی كاریزمای نیشتمان و پۆلێك لە سیاسەتمەداری باڵا هەیە، كە هاوكاریی سەرۆكەكەیان بكەن و ڕاوێژ و پێشنیاری باشی پێشكەش بكەن، بەڵام بەشار نە خۆی كارێزمایەكی نیشتمانی بوو، نە ئەو پۆلە سیاسەتمەدارە باڵایەشی لە دەور بوو. ئەوانەی بەشار ڕاوێژی پێدەكردن، تەنیا ئەوەیان دەگوتەوە كە دەبێت بە شەڕ كێشەكان چارەسەر بكەین، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شەڕانەش سووریا چاوی لە پشتیوانیی دەرەكی بوو.

پاش ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی كرانە سەر غەززە و پاشانیش بۆ سەر باشووری لوبنان و شەهیدكردنی ژمارەیەك لە سەركردەكانی حزبوڵڵای لوبنانی، كە ئەمەش بەڕاستی بەرەی پێشەوەی مقاوەمەی زۆر لاواز كرد، ئەمە وایكرد، ڕژێمی بەشار بەرەو كەوتن هەنگاو هەڵبگرێت.. بۆیە كاتێك كەسێك سەرسووڕمان بەرانبەر ئەوە پیشان بدات، كە چۆن ڕژێمی بەشار ئەسەد لە شەو و ڕۆژێكدا ڕووخا، ئەمە مانای ئەوەیە

**هەموو لایەكیش ئەو ڕاستییە دەزانن كە گرنگترین پرانسیپی حوكمڕانیی كاڵفامانە ئەوەیە كە دەبێتە حوكمڕانییەكی پۆلیسی**

**لە ناو ڕژێمەكەی بەشار ئەسەد چەندین بەندیخانەی جیاواز هەبوون، وەك بەندیخانەی «ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی تاوان و.. هتد**

**بەشار ئەسەد پشتی لە میللەتەكەی كرد و پشتی بە چەندین لایەنی دەرەكی بەست، ئەم پشتبەستنە بە لایەنی دەرەكی وایكرد، بەشار جڵەوی حوكمڕانیی سووریای لە دەست دەربچێت و بكەوێتە دەستی هێزە دەرەكییەكان**

**ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی كرانە سەر غەززە و پاشانیش بۆ سەر باشووری لوبنان و شەهیدكردنی ژمارەیەك لە سەركردەكانی حزبوڵڵای لوبنانی، كە ئەمەش بەڕاستی بەرەی پێشەوەی مقاوەمەی زۆر لاواز كرد**

**هەر دامەزراوەیەکی میدیایی دەیەوێت، ڕووداوەکان بەو شێوەیە ڕووماڵ بکات کە خۆی مەبەستێتی، یان دەیەوێت ئاراستەی ڕووداوەکان بەو جۆرە بگۆڕێت، کە خۆی ئامانجیەتی**

**ئەوەی لەسەر خاکی سووریا بەڕێوە دەچێت، شەڕێکی گەورەی «موخابەراتی و ئەمنییە»، پێش ئەوەی بە دیاریکراوی شەڕێکی سەربازی بێت**

**ئەو دەوڵەتانەش کە بەو شێوە گەورەیە پشتگیریی ئەو گرووپە ئیسلامییانە لە سووریا دەکەن، لەناو زەنگاوێکدا بە چەقیوی خۆیان دەبیننەوە**

**سووریا وڵاتێکە ماوەی ٦٠ ساڵە بە ئاگر و ئاسن حوکمڕانی تێدا دەکرێت و دەزگای هەواڵگری بەسەر هەموو جومگەی دەوڵەتەکەدا باڵا دەست بووە**

ئەو کەسە بێ ئاگایە لەوەی چی لە ناوچەکە بەگشتی و لە سووریا بەتایبەتی گوزەر دەکات.

لێرەوە ئەگەر باس لە سووریای دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد بکەین، هەموو دەزانین کە سووریا وڵاتێکی گرنگە و نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانیەتی و دەوڵەتێکی فرە ئایین و فرە نەتەوەیە، بۆیە گرنگە سووریا وەك وڵاتێکی نەتەوە و بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی بمێنێتەوە.

ئەوەی ئێستاش لە ڕووسیا ڕوو دەدات، زۆر زۆر ترسناکە. لەم گفتوگۆیە دەمەوێت زۆر سادە و ڕاشکاوانە قسە بکەم. ئێمە ڕۆژانە چاودێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەین، ئێمەش لە کەناڵە جیاوازەکانەوە قسەی خۆمان دەکەین، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین، کە هەر کەناڵێکی ئاسمانی، یان هەر دامەزراوەیەکی میدیایی دەیەوێت، ڕووداوەکان بەو شێوەیە ڕووماڵ بکات کە خۆی مەبەستێتی، یان دەیەوێت ئاراستەی ڕووداوەکان بەو جۆرە بگۆڕێت، کە خۆی ئامانجیەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەر خاکی سووریا بەڕێوە دەچێت، شەڕێکی گەورەی «موخابەراتی و ئەمنییە»، پێش ئەوەی بە دیاریکراوی شەڕێکی سەربازی بێت. پلانەکانی بەڕێوەبردنی ئەم شەڕە موخابەراتی و ئەمنییە، لە ژوور و ڕێڕەوە تاریکەکان دادەنرێن و زۆر دوورە لە ناو سووریاوە و لەو بڕوایەدام، ئەوانەی پلاندانەری ئەو دۆخەن، ئەوانیش هێزی جیاواز بن.

هەر بۆیە ئێمە کاتێك باس لە ئیسلامییەکان دەکەین، یان باس لەو گرووپانە دەکەین کە خۆیان وەك ئیسلامی نمایش دەکەن و ئێستا لەناو سووریا بوونیان هەیە، وای دەبینم «دیسپلینێکی ئەوتۆیان نەبێت کە بتوانن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە بکەن و، ئەو توانایەشیان نییە وڵات بەڕێوە بەرن»، ئەوەش ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە بزووتنەوەی حەماس لە ساڵی ٢٠٠٨ دەسەڵاتی لە فەلەستین کەوتە دەست، بەڵام بینیمان حەماس چۆن شکستی هێنا. لە ساڵی ٢٠١١ ئیخوان موسلمین لە میسر دەسەڵاتیان وەرگرت، ئەوانیشمان بینی، چۆن شکستیان هێنا، بۆیە بۆچوونی من بەو جۆرەیە لەم قۆناغەدا ئەو هێزە ئیسلامییانە لە سووریا ناتوانن حوکمڕانی بکەن و دەوڵەت بەڕێوە بەرن.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا وەك ئەوەی هەیئەی تەحریری شام ڕایگەیاندووە، کە حکومەتێك پێکدەهێنن هەموو لایەك بەشداری تێدا بکات و حکومەتی هەمووان بێت، من وای دەبینم، تێگەیشتنی ئیسلامییەکان بۆ «بەشداری و هاوبەشی» پرسێکی ئاسان نییە و، پێویستی بە لۆژیك و فیکر هەیە. دەبێت لەوە تێبگەین، کە ئیسلامییەکان بۆچوونیان لەسەر بەشداری و هاوبەشی بە چ جۆرێکە.

لێرەدا من نموونەیەك باس دەکەم، کە زۆر گرنگە. چەند ساڵێك پێش ئێستا چەند گرووپێکی ئیسلامی هەولێریان بۆردومان کرد، لەم کاتەدا لەناو وەزراەتی پێشمەرگەی هەرێم فەرمانێك هەبوو، کە بە هەر شوێنێکەوە هێرش کرایە سەر هەرێمی کوردستان، دەبێت ئاگری چەکەکان ڕوو لەو شوێنە بکات. ئەم پرسە گەیشتە لای بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەوەی پێشمەرگە وەڵامی سەرچاوەی هێرشەکان بداتەوە، بەڵام سەرۆك بارزانی ئەمەی ڕەت کردەوە و پێی گوتن، ئەو شوێنەی هەولێری لێ بۆردمان کراوە، ناوچەی شیعەنیشینە، ئەگەر وەڵامیان بدەینەوە، مانای وایە ئێمەش شیعەی بێتاوان بۆردومان دەکەین، بۆیە من ڕێگە نادەم ناوچە شیعەنشینەکان بۆردمان بکرێت.

ئەم سەرکردە مەزنە «سەرۆك بارزانی» کە ئەم هەڵوێستەی نواند، لەبەر ئەوەیە تێڕوانینێکی زۆر قووڵی هەیە و باش دەزانێت لە گۆڕەپانی سیاسیی شیعە چی گوزەر دەکات و تیگەیشتنی ئیسلامی سیاسی و تەنانەت سەرکردە سەربازییەکانیشیان چۆنە. بۆیە ئەم تێگەیشتنە قووڵە لای هێزە ئیسلامییەکان لەم قۆناغی ڕاگواستنەی سووریا بوونی نییە، بۆیە قۆناغەکە زۆر قورس دەبێت. لەو بڕوایەدام ئەو دەوڵەتانەش کە بەو شێوە گەورەیە پشتگیریی ئەو گرووپە ئیسلامییانە لە سووریا دەکەن، لەناو زەنگاوێکدا بە چەقیوی خۆیان دەبیننەوە، هەروەك چۆن عەرەبستانی سعودی لە یەمەن لە ناو زەنگاوێکدا بە چەقیوی خۆی بینییەوە.

سووریا وڵاتێکە ماوەی ٦٠ ساڵە بە ئاگر و ئاسن حوکمڕانی تێدا دەکرێت و دەزگای



هەولگری بەسەر هەموو جومگەی دەوڵەتەکەدا باڵا دەست بووە، حزبی بەعس خاوەنی ئەزموونە و دەزانێت چی لە سووریا دەگوزەرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی هیوای ئەوە ناخوازم سووریا ڕووبەڕووی هیچ بارێکی ئاڵۆز ببێتەوە، بەڵام هاوکێشەکە وا دەبینم، لە ئایندەدا ئاژاوە و بۆمب تەقاندنەوە و شەڕی ناوخۆی یەخەی سووریا دەگرێتەوە.

دەرهاویشتەکان ئەوەمان پێدەڵێن لە قۆناغی داهاتوودا کە حزبی بەعس جوولە و هێرشی دەبێت، هەروەها ئەو فەرماندە سەربازییانەی کە لەناو سوپای ئەسەد بوون، بوونیان دەبێت.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە ناکرێت لەبەر چاوی نەگرین، ئەوەیە کە لە ناو گۆڕەپانی سووریا کاریگەریی دەوڵەتانیش بوونی دەبێت. لە ئێستادا هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی سووریا بوونیان هەیە، کە دەبێت ئەم بوونە بە شێوەیەکی ئەرێنی بەرجەستە بکرێت، نەك بە شێوەیەکی نەرێنی وەك لە عێراق بینیمان، بۆیە قۆناغی داهاتووی سووریا زۆر ترسناك دەبێت بۆ هەموو لایەك و دەبێت زۆر بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەتا ئەم قۆناغە ڕاگوزەرە تێدەپەڕێت و زەمینەسازی دەکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سووریا.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە. بەڕێزان لەم گفتوگۆیە باسی مەترسیی «حەشدی شەعبی»یان کرد لە پارێزگا سوننەکانی عێراق، هەروەها باسی هەرێمێکی فیدراڵیان کرد بۆ عەرەبی سوننە، لە وەڵامدا دەڵێم ئەو هێزەی حەشد کە لە پارێزگا سوننەکانن، «حەشدی سوننەن، نەك حەشدی شیعی»، سەبارەت بە دروستکردنی هەرێمی فیدراڵیی دیکەش لە عێراقدا ئەوە لە دەستووردا هاتووە و دەتوانرێت سێ پارێزگا دەنگی لەسەر بدەن، بەڵام نەك بە ناوی «هەرێمی عەرەبی سوننە» من ئەمە بە توندی ڕەت دەکەمەوە و ئەوانەش کە باسی هەرێمی عەرەبی سوننە دەکەن، چەند دەنگێکی نەشازن و لەناو واقیعی عەرەبی سوننەی عێراقدا کاریگەرییان نییە. دووبارە دەکەمەوە عێراق بێ عەرەبی سوننە بوونی نییە و عەرەبی سوننە کۆڵەکەی سەرەکیی دەوڵەتی عێراقن.



**سەڵاح بەدرەدین**

سیاسەتمەداری کوردستان:

# پەیامی سەرۆک بارزانی کاریگەریی لەسەر عەرەبی سووریا و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا هەیە

سەڵاح بەدرەدین، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە خەبات بۆ دۆزی ڕەوای کوردی سووریا دەکات و، جیا لە کاری سیاسییش بایەخی زۆری بە بزاڤی ڕۆشنبیریی کورد داوە، پێشتریش سەرۆکی سەنتەری کاوە بووە. لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق» بە ڕێگەی سکایپ بەشداریی لەگەڵ کردین و بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:

ئەو شەڕەی لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ لە نێوان ئیسرائیل و حەماس دەستی پێکرد، تەنیا لە غەززە نەمایەوە و باشووری لوبنانیشی گرتەوە، سەرەنجام بە سەرکەوتنی ئیسرائیل و تێکشکانی حەماس و حزبولڵا و کەوتنی ڕژێمی ئەسەد کۆتایی هات، ئەمەش باڵادەستیی ئێرانی لە ناوچەکەدا کەم کردەوە. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە ناتانیاهۆ (سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل) ئەوەی نەشاردووەتەوە کە داوای «ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی تازە» دەکات، ئەم بانگەشەیەی ئیسرائیل ئەو پەیامەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، بەوەی نابێت ئیسلامی سیاسیی حوکمڕانی بکات و نابێت شەڕی پرۆکسی لە ناوچەکەدا هەبێت و، بە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد ئەوەی پێی دەگوترێت «میحوەری مقاوەمە» زۆر لاواز بوو .

ئێستا هێزێکی ئەمریکا لە ناو سووریادا هەیە. ئەمریکا خۆی بانگەشەی ئەوە دەکات بوونی ئەو هێزەی لەوێ بۆ شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشە، بەڵام بە بۆچوونی من بوونی هێزەی ئەمریکا لە سووریا بۆ ململانێ بوو لەگەڵ ڕووسیا، لە ئێستا هێزەکانی ڕووسیا لە سووریا کشانەوە، بۆیە مەزندە دەکەم هێزەکانی ئەمریکاش لەوێ بکشێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بیانووەی وای کردبوو هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بوون، تەنیا بوونی هێزەکانی ڕووسیا بوون لەو وڵاتە، ئێستا ئەو بیانووەش نەما و، بەپێی ئەو زانیارانەی لای من هەن، کە سەردەمی تازە لە سووریا بانگەشەی ئەوە دەکات، کە نابێت هێزی داگیرکار و بیانی لەسەر خاکی سووریا بمێنن، بۆیە کە ڕووسیا کشایەوە، ئەوا دەبێت ئەمریکاش سووریا بەجێ بهێڵێت، سەبارەت بە تورکیا ئەوان دەڵێن ئێمە ڕێککەوتنمان هەیە، تورکیاش سوپای خۆی لە ناو سووریا دەکشێنێتەوە.

سەبارەت بە هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، ئێستا هەیئەی تەحریری شام ددانیان پێدا نانێت و دەڵێت ئەو هاوپەیمانییە لەگەڵ کەوتنی ئەسەد کۆتایی هات و ئێستا دەبێت بیر لە هاوپەیمانیی تازە بکرێتەوە، سەبارەت بە دۆزی کوردیش لە سوریا، ئەوەی دەردەکەوێت، ئەوەیە کە دەسەڵاتی تازەی دیمەشق «پەکەکە، پەیەدە، هەسەدە» بە نوێنەری کوردی سووریا نازانن، بۆیە لەم قۆناغەدا بۆ ئێمە وەك کوردی سووریا زۆر گرنگە بیر لە کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ کوردی سووریا بکەینەوە، ئەمەش بەو مانای هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەگەڵ خەڵکانی سەربەخۆ و بێلایەن «کە من پێم باشە بێلایەنەکان زۆرینە بن»، پێکەوە کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی کۆنگرەیە «پڕۆگرام و بۆچوون» ئامادە بکات و لەسەر بنەمای ئەو پڕۆگرامە تازەیە هەوڵەکان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق بکەین، بۆ ئەمەش دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە پرسی کوردی سووریا پرسێکی سەربەخۆیە و تەنیا پەیوەندی بە گەلی سووریاوە هەیە و گرێدراوی هیچ لایەنێکی دەرەوەی غەیری سووری نییە. بۆیە دەبێت پەکەکە و سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکە واز لەو پرسە بهێنێن و بەجێبهێڵن بۆ کوردی سووریا، ئەمەش بۆ ئەوەیە کوردی سووریا خۆی دۆسیی کێشەکانی بباتە دیمەشق و لەسەر مێزی دانوستاندن داکۆکیی لەسەر بکات. دەمەوێت ڕاشکاوانە قسەبکەم، کە ئێمە کەناڵی پەیوەندیی باشمان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە تازەیەی دیمەشقدا هەیە، ئەوەی پێی دەگوتریت «لەشکری ئازاد» و بریتین لە چەندین ئەفسەری گەورەی سووریا، ئەوانە هەموویان دۆستی ئێمەن و ئێستا بەشێکن لە هەیئەی تەحریری شام، ئەم ئەفسەرانە ئیسلامی نین، بەڵکو بەشێك بوون لە حزبی بەعس و دەسەڵاتی ئەسەد، دوای جیابوونەوەیان لە ڕژێم ئێستا لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە تازەیەن و زۆر نزیکن لە ئەحمەد شەرع و ئەوان ڕاوێژی دەدەنێ و هاوکاریی دەکەن بۆ ئەوەی کاروباری وڵات هەڵسووڕێنێت.

مەبەستم لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر ئێمە وەك کوردی سووریا بتوانین بە زوویی کۆنگرەیەکی نیشتمانی گرێ بدەین، دەتوانین ببینە لایەنێك لە نووسینەوەی دەستووری داهاتووی سووریادا، ئەم کۆنگرەیە دەتوانێت نوێنەرایەتیی کوردی سووریا بکات، دڵنیاشم ئەگەر ئێمە بەم پڕۆگرامە تازەیە بێینە ناو پرۆسەکە، ئەوانیش گوێمان لێ دەگرن بۆ سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە، لە ئێستادا ئێمە لەگەڵ قامیشلۆ قسەمان کردووە و داوامان کردووە پەیەدە و ئەنەکەسە بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکەن، ئێستا

**بوونی هێزی ئەمریکا لە سووریا بۆ ململانێ بوو لەگەڵ ڕووسیا، لە ئێستا هێزەکانی ڕووسیا لە سووریا کشانەوە، بۆیە مەزندە دەکەم هێزەکانی ئەمریکاش لەوێ بکشێنەوە**

**سەردەمی تازە لە سووریا بانگەشەی ئەوە دەکات، کە نابێت هێزی داگیرکار و بیانی لەسەر خاکی سووریا بمێنن، بۆیە کە ڕووسیا کشایەوە، ئەوا دەبێت ئەمریکاش سووریا بەجێ بهێڵێت**

**دەسەڵاتی تازەی دیمەشق «پەکەکە، پەیەدە، هەسەدە» بە نوێنەری کوردی سووریا نازانن، بۆیە لەم قۆناغەدا بۆ ئێمە وەک کوردی سووریا زۆر گرنگە بیر لە کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ کوردی سووریا بکەینەوە**

**ئێمە کەناڵی پەیوەندیی باشمان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە تازەیەی دیمەشقدا هەیە، ئەوەی پێی دەگوتریت «لەشکری ئازاد» و بریتین لە چەندین ئەفسەری گەورەی سووریا، ئەوانە هەموویان دۆستی ئێمەن و ئێستا بەشێکن لە هەیئەی تەحریری شام**



**ئەگەر ئێمە وەک کوردی سووریا بتوانین بە زوویی کۆنگرەیەکی نیشتمانی گرێ بدەین، دەتوانین ببینە لایەنێک لە نووسینەوەی دەستووری داهاتووی سووریادا**

**شەقامی سیاسیی سووریا بە کورد و عەرەبەوە داوا دەکەن، پەیەدە خۆی لە پەکەکە جیا بکەتەوە**

لە ڕووی پرانسیپەوە قبووڵیان کردووە، بەڵام ئێمە داوامان لێ کردوون، بە فەرمی بەیان دەربکەن، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوەیە کە دۆزی کوردی سووریا سەربەخۆ بێت و گرێدراوی هیچ هێزێکی دەرەکی نەبێت، بۆیە گرنگە پەیەدە خۆی لە پەکەکە جیا بکاتەوە، شەقامی سیاسیی سووریا بە کورد و عەرەبەوە داوا دەکەن، پەیەدە خۆی لە پەکەکە جیا بکەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من پەیەدە و پەکەکە بوونە یەك جەستە و زۆر زەحمەتە بتوانن خۆیان لە یەکدی جیا بکەنەوە، مەگەر لێکترازانێك لە ناو پەیەدە ڕوو بدات و تەیارێکی کوردی لە پەیەدە جیا ببێتەوە و پاشان حزبێکی سیاسی ڕابگەیەنێت.

لێدوانی ئەم دواییەی ئەحمەد شەرع سەبارەت بە گەلی کوردی سووریا شتێکی باش و ئەرێنییە، بەڵام بە تەنیا ئەو لێدوانە بەس نییە، پێشتریش بەشار ئەسەد گوتبووی «کورد هەیە و کورد بەشێکە لە نەسیجی کۆمەڵگەی سووری»، بەڵام پرسی ئێمە لەوە زیاترە، کورد لە سووریا لەسەر ئەرز و خاکی خۆیەتی و نەتەوەیەکی ڕەسەنە و دەبێت وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەك کەمینەیەك، هەروەها خاوەنی پرسێکی سیاسیی و ڕەوایەتییە، ئێستا کاتی ئەوەیە بە یەك دەنگ و بە پڕۆگرامێکی تازەوە داکۆکی لە مافەکانی کوردی سووریا بکەین. پەیامەکەی بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی بۆ لێدوانەکەی ئەحمەد شەرع زۆر ئیجابی بوو، هاندەرێکە بۆ ئەوانیش بۆ ئەوەی باشتر لەم پرسە بێنە پێشەوە، لەمەش زیاتر پەیامی سەرۆك بارزانی کاریگەریی لەسەر عەرەبی سووری و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووری هەیە، شکۆی سەرۆك بارزانی لەلای هەموو لایەك بە تەقدیرەوە سەیر دەکرێت.

لە ناو ئەو هاوکێشە تازەیەی ئێستادا لە سووریا دروست بووە، تورکیا فاکتەری سەرەکییە و هەموو کارتەکان لە دەستی تورکیادان، بۆیە وای دەبینم، تورکیا سازش لەسەر هەردوو پرۆسی پەکەکە و هەدەسە نەکات، پێدەچێت لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ ڕێککەوتنی کردبێت، بەڵام وەك دەزانن تا دەستبەکار نەبێت، ناتوانێت هیچ بڕیارێك بدات، دیسان دووبارەی دەکەمەوە، وەك کوردی سووریا دەبێت خۆمان



خاوەنی پرسی خۆمان بین. سەرنج بدەن ئەمریکا کە هەتا ئێستاش سوپاکەی لە سووریایە هەتا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی بەرانبەر دۆزی کورد لە سووریا نەبووە، مامەڵەیان لەگەڵ هەدەسە بۆ بەرژەوەندیی خۆیانە لەم پرسەدا ئیسرائیل دەیەوێت گەمەیەك بکات، بەڵام هیچ هەنگاوێکی کردەیی هەڵناگرێت، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی ئیسرائیل لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبییە و دەیەوێت لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی ڕێك بکەوێت، بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری بپارێزێت.

لە دوماهیدا دەخوازم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، ئەوەی پێی دەگوترا «هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریا»، لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیەی سووریادا کۆتایی هات، هەروەها ئەوەی لە بەیانەکەی «عەقەبە» باس لە بڕیاری ٢٢٥٤ی ئۆپۆزسیون دەکات، ئەو بڕیارە بۆ شێوازی گفتوگۆی هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سوورىایە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد، بەڵام ئێستا ئەو لایەنەی کە دەبوو بەپێی ئەو بڕیارە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، کەتووە و نەماوە، بۆیە بڕیارەکەش کۆتایی هاتووە و کاری پێ ناکرێت، دەبێت سەرلەنوێ شێوازێکی تازە بێتە ئاراوە و لەسەر بنەمایەکی تازە گفتوگۆ دەستی پێ بکرێتەوە.

بۆ ئێمە وەك کوردی سووریا، زۆر گرنگە بە پەلە گرێدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ کوردی سووریا بکەین، کارێکی زۆر باش دەبێت، ئەوانەی لەم کۆنگرەیە بەشدار دەبن، خەڵکانی سەربۆخۆ و بێلایەن و سەر بە هیچ حزبێکی سیاسی نەبن، ئەگەر لەم هەنگاوەدا سەرکەوتوو بین، دڵنیام کەناڵی زۆر باشمان هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشقدا دەست پێ بکەین و، بتوانین ئەم گۆڕانکارییانە بکەین و دەرفەتێك بۆ داکۆکی لە مافەکانی گەلی خۆمان دروست بکەین و ببینە بەشێك لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری تازەی سووریا، لە ناو ئەو دەستوورەدا مافەکانی خۆمان بچەسپێنین. دەبێت هۆشیارانە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا مامەڵە بکەین و دەبێت کێشەی کوردی سووریا لە پەکەکە و سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل جیا بکەینەوە و خۆمان وەك کوردی سووریا خاوەنی کێشەی خۆمان بین.

**کورد لە سووریا لەسەر ئەرز و خاکی خۆیەتی و نەتەوەیەکی ڕەسەنە و دەبێت وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک کەمینەیەک**

**دەبێت هۆشیارانە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا مامەڵە بکەین و دەبێت کێشەی کوردی سووریا لە پەکەکە و سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل جیا بکەینەوە و خۆمان وەک کوردی سووریا خاوەنی کێشەی خۆمان بین**



## سەرمەد ئەلبەیاتی

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە کاروباری ئاسایش و سەربازی:

# بەپێی ئەو نەخشەیەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بڵاوی کردەوە، عێراقیش بەشێکە لە هیلالی شیعی، ئەوەی لەو نەخشەیەدا ناوی لێنراوە «دەوڵەتە بێزراوەکان- دول النقمة»

سەرمەد ئەلبەیاتی، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە کاروباری ئاسایش و سەربازی، پێشتر یەکێك بووە لە ئەفسەرەکانی «پۆلی زرێپۆش لە سوپای عێراق» و بەشداری لە چەندین شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کردووە و، یەکێکە لەو چاودێرە سیاسییانەی کە بڕوای بەوە هەیە کە «لە عێراقدا ئاسایش و سیاسەت پەیوەستن بە یەکەوە، بۆیە دەکرێت لە ڕوانگەی ئاسایش و سەربازییەوە ڕووداوە سیاسییەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت»، لەمەش زیاتر یەکێکە لەو کەسایەتییە دیارانەی کە بەردەوام لەسەر شاشەی کەناڵە عێراقی و عەرەبی و کوردستانییەکان لەسەر پرسە گەرمەکانی عێراق و ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەی ڕاشکاوانەی خۆی هەیە. لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بە ڕوانگەیەکی ئاسایش و سەربازی خوێندنەوەی بۆ کەوتنی خێرای ڕژێمی ئەسەد و ئەو دەرهاویشتانە، کە ئەم گۆڕانکارییانە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەمجۆرەش بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:

زۆر سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەم دەستپێشخەرییە گرنگەی کردووە، بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، ئەم پرسە و دەرهاویشتەکانی پەیوەندی بە تەواوی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و عێراقیشەوە هەیە.

من وەك پسپۆڕێکی ئاسایش و سەربازی لەسەر ئەم ڕووداوانە قسە دەکەم، لەبەر ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە «لە ئێستادا سیاسەت بە تەواوەتی پەیوەست بووە بە ئاسایشەوە»، لەمەش زیاتر لە هەندێك کاتدا هەندێك تیۆر و واقیعی ئاسایش هەیە، کە زۆر بە کتوپڕی ڕوو دەدەن و دەبینین سیاسەت بە سەریدا زاڵ بووە، ئەمەش بە تەواوەتی ئەوەیە کە ئێستا لە سووریا ڕوو دەدات. لێرەدا من دەگەڕێمەوە بۆ مێژوویەکی زۆر نزیك کە چەند ڕۆژێکە نەك زیاتر.

لێرەدا بەشێوەیەکی پیشەگەریی سەربازی و دوور لە سیاسەت لەسەر ئەم پرسە قسە دەکەم. کاتێك چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام دەستیان کرد بە کۆنترۆڵکردنی حەلەب، ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەی ڕاستەقینە هەبوایە، بە ئاسانی نەدەگەیشتنە حەما، ماوەی نێوان حەلەب و حەما ١٤٥ کیلۆمەترە، واتە بە نزیکەی ماوەی نێوان بەغدا و کوت، یان ماوەی نێوان سلێمانی و هەولێر، ئەوجا شتێك کەمتر، یان زیاتر. باشە با جارێ لە هەڵویستی ڕووسیا بگەڕێین، لەبەر ئەوەی من هەرگیز پشت بە ڕووسیا نابەستم، ئاگادارم ڕووسەکان لە چەندین ڕووداوی دیکە و لە بارودۆخە ناسکەکاندا چۆن لێی کشاونەتەوە، بەڵام با بێینەوە سەر هێزی سوپای سووریا، سوپای سوریا خاوەنی سەدان فڕۆکەی مێکی ٢٥ و ٢٩یە، خاوەنی سەدان تۆپی دوورهاوێژ و سەدان تانك و زرێپۆشی ڕووسییە. پرسیار ئەوەیە چۆن لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەیئەی تەحریری شام لە حەلەبەوە دەگاتە حەما کە ماوەی نێوانیان ١٤٥ کیلۆمەترە و تۆپۆگرافیای گۆڕەپانی شەڕەکە تەواو دەشتاییە و تەختە و بواری خۆشاردنەوەی تێدا نییە؟ هەروەها چۆن گەیشتنە حمس کە ئەویش ٤٥ کیلۆمەتر لە حەماوە دوورە؟ بۆچی سوپای سووریا لەو جوگرافیا فراوانە ڕووبەڕووی ئەو هێزە نەبوونەوە؟ بۆیە ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی پرسەکە پرسێکی سیاسییە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە لە ئێستادا «سیاسەت بە پەیوەستە بە ئاسایشەوە».

لەم بارودۆخەدا من هەست بە هەندێك مەترسی لەسەر کوردی سووریا دەکەم. مەترسییەکەم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە زیاتر لە ٢٥ گرووپ لە ناو هەیئەی تەحریری شام هەن، بۆیە ترسی ئەوەم هەیە، لەوانەیە هێزەکانی سووریای دیموکرات و یەکێك لە گرووپەکانی هەیئەی تەحریری شام ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە. گرووپەکانی ناو هەیئەی تەحریری شام زۆرن، بۆ نموونە لە ناویاندا «گرووپی نوورەدین زەنگی، سوپای تەحریری شام، فەیلەقی شام، یەکەی قەوقازی و چەندین ناوی دیکە»، ئەم هێزانە هەموویان پەیوەندیی زۆر باشیان لەگەڵ تورکیا هەیە، لە بەرانبەردا تورکیا پەیوەندییەکی زۆر خراپی لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات هەیە.

هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ناوچەکانی «حەسەکە و قامیشلۆ» بوونیان هەیە، لەم ناوچەیە لە هەندێك شوێن چەند کەمپ و بەندیخانە هەن. ئەوانەی لە ناویان بەندن، زەخیرەی تیرۆرن. ئەگەر لەبیرتان بێت، کاتێك بەندییەکان «بەندیخانەی غویران»یان شکاند، توانییان لە ماوەی پێنج ڕۆژدا بچنە دەرەوە، هەر بۆیە ئەگەر لەو کاتەدا هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچانە بوونیان نەبوایە، کارەساتێك دروست دەبوو، هەروەها مەترسییەکی دیکە هەیە، ئەویش هەر دوو خێوەتگەی «هۆل» و «ڕۆژ»ـە کە بە تەنیا لە خێوەتگەی «هۆل» نزیکەی ٥٠ هەزار کەس هەن، هەروەها کەمپی مەهاجرات و کەمپی ژمارە ٩ هەیە، کە ئەمانە بە ناو جەرگەی دڵی تیرۆریستانی داعش هەژمار دەکرێن. لەسەر ئەم پرسە لە چەندین کۆڕی ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق باسمان کردووە و، بە ڕاپۆرت باڵیۆزی وڵاتانمان لێ ئاگادار کردووەتەوە. لەسەر ئەم

**ئاگادارم ڕووسەکان لە چەندین ڕووداوی دیکە و لە بارودۆخە ناسکەکاندا چۆن لێی کشاونەتەوە**

**زیاتر لە ٢٥ گرووپ لە ناو هەیئەی تەحریری شام هەن، بۆیە ترسی ئەوە هەیە، هێزەکانی سووریای دیموکرات و یەکێک لە گرووپەکانی هەیئەی تەحریری شام ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە**

**هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ناوچەکانی «حەسەکە و قامیشلۆ» بوونیان هەیە، لەم ناوچەیە لە هەندێک شوێن چەند کەمپ و بەندیخانە هەن. ئەوانەی لە ناویان بەندن، زەخیرەی تیرۆرن**

**ئیسرائیل بە ڕێژەی ٩٠٪ توانای سەربازیی سووریای خاپور کردووە، گریمانەی ئەوە هەیە، ئیسرائیل زیاتر پێشڕەوی بکات بۆ ناو خاکی سووریا کە ئێستا هەتا «جەبەل شێخ» هاتووە**

**دوایین ڕاپۆرتم بە دەست گەیشتووە، کە دەڵێت ئیسرائیل ئامادەکاریی تەواو دەکات بۆ لێدانی ئێران، ئەمەش واتە ئیسرائیل دەیەوێت، بە تەواوەتی هیلالی شیعی تێکبشکێنێت**

**کۆگای چەکەکانی سوپای سووریا شکێنراون و هەروەها چەکی دامەزراوەکانی ئاسایش هەمووی کەوتنە دەستی هاووڵاتیان، منداڵانی تەمەن ١٠-١٥ ساڵ لە لازقیە و شوێنەکانی دیکەش چەکیان دەست کەوتووە**

پرسە بەدەنگەوەهاتنی سادە هەبووە، واتە وەك پێویست نەبووە، بۆیە وازمان لێهێناوە.

لەم خاڵەدا ترسی من لەوەیە، ئەگەر تورکیا ئاراستەی سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و هێرش بکاتە سەر هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە بێگومان ئەم هێزە لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری لێدەکرێت، ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکە، ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەو خەڵکەی لەناو ئەو کەمپ و بەندیخانانە بەندن، ڕزگاریان بوو و هەڵاتن و پاشان دەستیان گەیشت بە چەك و خۆیان پڕچەك کردەوە، ئەوا کارەساتێکی گەورە دروست دەکەن.

مەترسییەکی دیکە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئیسرائیل بە ڕێژەی ٩٠٪ توانای سەربازیی سووریای خاپور کردووە، گریمانەی ئەوە هەیە، ئیسرائیل زیاتر پێشڕەوی بکات بۆ ناو خاکی سووریا کە ئێستا هەتا «جەبەل شێخ» هاتووە. ئەگەر لاوازیی سووریا بە فرسەت وەربگرێت و بگاتە قونەیتەرە، ئەمەش لەوانەیە کێشە لە ناوچەکە دروست بکات. هەر ئێستا کە لەناو ئەم گفتوگۆیە قسە دەکەم، دوایین ڕاپۆرتم بە دەست گەیشتووە، کە دەڵێت ئیسرائیل ئامادەکاریی تەواو دەکات بۆ لێدانی ئێران، ئەمەش واتە ئیسرائیل دەیەوێت، بە تەواوەتی هیلالی شیعی تێکبشکێنێت. ئەگەر پرۆسەکە بە غەززە دەستی پێکردبێت و پاشان باشووری لوبنان و کەوتنی ڕژێمی ئەسەدی بەدوادا هات، کەواتە ئەوەی لە هیلالی شیعی دەمێنێتەوە تەنیا «ئێران و عێراقە»، بێگومان بەپێی ئەو نەخشەیەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بڵاوی کردەوە، عێراقیش بەشێکە لە هیلالی شیعی، ئەوەی لەو نەخشەیەدا ناوی لێنراوە «دەوڵەتە بێزراوەکان- دول النقمة».

لەم بارودۆخەدا عێراق پێویستی بە بڕیاری خێرا و دروست هەیە. من بۆچوونی د.محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقتان لەسەر ئەم پرسە بۆ دەگوازمەوە وەك خۆی «سەرۆك وەزیرانی عێراق چاوەڕێی ئەوە دەکات، تا بزانێت دەوڵەتانی ناوچەکە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم حکومەتە تازەیەی سووریا دەکەن.

هەتا ئێستا هەیئەی تەحریری شام هەنگاوی دروستیان هەڵگرتووە. دوێنێ (١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤) ئەحمەد شەرع، یان ئەوەی پێشتر پێیان دەگوت «ئەبو محەمەدی جۆلانی»، کێشەکە ئەوەیە دوو ناوی هەیە و نازانین بە کامیان ناوی بێنین، بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە هەموو چەکەکان لە وەزارەتی بەرگری کۆدەکەنەوە و ڕێگە نادەن چەك لە شەقام بوونی هەبێت.

من لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە بڕوا بەو قسانەی ئەحمەد شەرع ناکەم، لەبەر ئەوەی کۆگای چەکەکانی سوپای سووریا شکێنراون



و هەروەها چەکی دامەزراوەکانی ئاسایش هەمووی کەوتنە دەستی هاووڵاتیان، منداڵانی تەمەن ١٠-١٥ ساڵ لە لازقیە و شوێنەکانی دیکەش چەکیان دەست کەوتووە.

بێگومان سرووشتی ئەو ناوچانە وەك سرووشتی کوردستان شاخاوییە، چەکداران توانای خۆحەشاردانیان هەیە، لەمەش زیاتر ناوچەیەکی دارستانە، بۆیە ناوچەیەکی زۆر ترسناکە بۆ خۆحەشاردانی چەکداران. لە هەفتەی ڕابردوو لە ناوچەی «تل زەبرە» کەمینێك بۆ بەشی کارگێڕیی کاری سەربازیی فەیلەقی شام لەلایەن پاشماوەی ڕژێمی ئەسەدەوە دانراوە، ١٥ چەکداری فەیلەقی شامیان کوشتووە، بێجگە لە بریندارەکان، ئەم ناوچەیە من خۆم سەردانیم کردووە و نزیکەی ١٤٠ کیلۆمەتر لە لازقیە دوورە و نزیکە لە ناوچەی «جەبلە»، ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ دووبارە دروستبوونەوەی ئاژاوە و پاشاگەردانی لە سووریادا.

هەر ئێستا کە ئێمە ئەم گفتوگۆیە دەکەین، ئەمریکییەکان داوایان کردووە کە هەموو ئەمریکییەکان لە سووریا خۆیان کۆبکەنەوە و بێنە دەرێ، ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەی ترسناکە و ناوچەکە گڕی گرتووە و کەس نازانێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت.

سەردانی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق، هەروەها دوو سەردانی محەمەد حەسان نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی یەك مانگدا بۆ لای مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف، ئەمانە هەموویان نامە بۆ عێراق دەنێرن، دەبێت عێراق لە ناواخنی ئەو نامانە تێبگات.

لە ئێستادا باشترین ڕێگە لە بەردەم عێراق ئەوەیە کە بە وردی چاودێریی بارودۆخەکە بکات. بەڵێ پێویستە هاوکاریی گەلی سووریا بکەین، کەرەستەی فریاگوزاریی خواردن و سووتەمەنیان بۆ بنێرین، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین هەتا سیماکانی ئەم حکومەتە تازەیەی دیمەشق دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی بزانین چۆن لەسەر ئاستی سیاسی و ئەمنی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

لەسەر ئەم پرسە لە ئێستادا لەناو عێراق دوو ئاراستە هەیە. ئاراستەیەك دەڵێت نابێت مامەڵە لەگەڵ هەیئەی تەحریری شام و جۆلانی بکەین، لەبەر ئەوەی پێشتر تیرۆریست بووە، ئاراستەیەکی دیکەش هەیە کە چاوەڕێی ئەوە دەکات، بزانێت بارودۆخی سووریا بەرەو کوێ دەچێت. بە بۆچوونی من باشترین بژارە ئەوەیە چاوەڕێ بکەین، بزانین کاروبارەکان لە سووریا بە کوێ دەگەن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سنوورەکانمان زۆر باش کۆنترۆڵ کراون و ترسیان لەسەر نییە، بۆیە باشترە چاوەڕێ بکەین، بۆ ئەوەی بزانین بارودۆخی سووریا بەرەو کوێ دەچێت.

**ئەمریکییەکان داوایان کردووە کە هەموو ئەمریکییەکان لە سووریا خۆیان کۆبکەنەوە و بێنە دەرێ، ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەی ترسناکە و ناوچەکە گڕی گرتووە و کەس نازانێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت**

**پێویستە هاوکاریی گەلی سووریا بکەین، کەرەستەی فریاگوزاریی خواردن و سووتەمەنیان بۆ بنێرین، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین هەتا سیماکانی ئەم حکومەتە تازەیەی دیمەشق دەردەکەوێت**





**فاروق حاجی مستەفا**

**سەرۆکی دامەزراوەی «بەرچاڤ» بۆ میدیا و ئازادییەکان:**

# ئەگەر ئەو هێزە ئیسلامییە توندهاژۆیانە ڕۆژئاوا داگیر بکەن، ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش دەخەنە مەترسییەوە

**فاروق حاجی مستەفا، سەرۆکی دامەزراوەی «بەرچاڤ» بۆ میدیا و ئازادییەکان و بونیادنانی تواناکان، یەکێکە لە ڕۆژنامەنووس و نووسەرە دیارەکانی کوردی سووریا و، یەکێکە لەو قەڵەمە بە بڕشتانەی کە لەسەر ئاستی ڕۆژنامە عەرەبییە نێودەوڵەتییەکان بوونی هەبووە و داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد کردووە.لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:**

جێگەی دەستخۆشییە کە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوانەیەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە ساز کردووە.

پێش ئەوەی بێم بۆ ئەم گفتوگۆیە، باشیی بەختی من لەوەدا بوو، کە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا بووم لەگەڵ نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سووریا، کە ڕاستەوخۆ هاتم بۆ ئێرە. ئەو بیروبۆچوونانەی کە لەو کۆبوونەوەیە ئاڵوێر کران، جۆرێك لە نیگەرانی و مەترسی بۆ سەر ئایندەی سووریا لە خۆی گرتبوو. ئەوجا وێڕای ئەو مەترسییانە، ئێمە وەك گەلی کوردی سووریاین کە پێمان دەڵێن «ڕۆژئاوای کوردستان، یان باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا»، دەبینین ناوێکی یەکگرتوومان نییە بە داخەوە، تەنانەت لەسەر ئاستی حزبە کوردییەکانیش و هەر لایەك بە جۆرێك ناومان دەبەن.

لە سووریای ئەمڕۆدا کۆمەڵێك هێزی دژ بە یەك لەناو گۆڕەپانەکە بوونیان هەیە و هەر یەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بارودۆخەکە هەڵدەسووڕێنن. هەر بۆ نموونە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ هێزەکانی ئیسرائیل چوونەتە پارێزگای «درعا» لەوێ چەکیان لە خەڵکە دیارەکەی ئەو ناوچەیە داماڵیوە، لە هەمان کاتدا سێ هێرش کراوەتە سەر پارێزگای

«دێرەزور» هەتا ئێستا ناسنامەی هێرشبەرەکە ئاشکرا نییە، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی فورات نزیك لە کۆبانێ ناوچەی ئێمە بۆمبباران کراوە و دایکی خۆم لە ئاکامی ئەو هێرشانە کۆچی دوایی کردووە و ڕاپۆرتی پزیشکی ئاماژەیان بەوە کردووە، بە هۆی ترسەوە تووشی جەڵدەی دڵ بووە و بووەتە هۆی ئەوەی بمرێت.

ئەم پێشهاتانە پێمان دەڵێن، کە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا «ڕۆژئاوا» لە بەردەم مەترسییەکی ئاشکرادایە و، ئەگەر ئەو هێزە ئیسلامییە توندهاژۆیانە ڕۆژئاوا داگیر بکەن، ئەوا دێنە سەر سنووری هەرێمی کوردستان و ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش دەخەنە مەترسییەوە، لەسەر ئاستی سیاسیش وەك دەبینین ئەحمەد شەرع کەسێکی لە حکومەتەکەی بۆ کاروباری کوردی سووریا دیاری کردووە، کە کەسێکی بیانییە و سووری نییە، ڕاشکاوانەتر یەکێکە لەو ئیسلامییە بیانییانەی کە پەیوەندی بە هەیئەی تەحریری شامەوە کردووە.

مەترسییەکی دیکە لەسەر ڕۆژئاوا ئەوەیە کە لە دەوروبەری «حەسەکە، دێرەزور، ڕەقە» هێزەکانی سوپای نیشتمانیی سووریا کە تورکیا پشتگیریان لێدەکات، لەو ناوچانە بوونیان هەیە، مەزندەی ئەوە دەکرێت، ئەم هێزە بە هاندانی تورکیا هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و، ئەم نییەتەش لەو هێزە دەخوێنرێتەوە کە هێرشێکی لەو جۆرە بکاتە سەر ڕۆژئاوا، بەڵام لە بەرانبەردا هیچ ئاماژەیەك لەلایەن ئەحمەد شەرعەوە کە ئێستا لەدوای کەوتنی ئەسەد ئەو سەرۆکی سووریایە، بوونی نییە کە ڕێگری لەو جۆرە هێرشە بکات. بۆیە من خۆم کە یەکێکم لە زیندانییەکانی پێشووی ڕژێمی ئەسەد، ناتوانم بە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد دڵخۆش بم لەبەر ئەوەی ئەو پێشهاتانەی دەیانبینم، جێگەی دڵخۆشی نین.

هەر بۆیە پرسیار ئەوەیە، ئەگەر بە هاندانی تورکیا، هێزەکانی سوپای نیشتمانیی سووریا ڕۆژئاوا بگرن، بارودۆخەکە چی بەسەر دێت؟ ئێستا ئەو هێزانە لە شاری «منبج» بوونیان هەیە، بەڵام سەرنج بدەن، ئێستا دانیشتووانی ئەم شارە کە هەموویان عەرەبن لە دژی ئەم هێزە نارەزایی دەردەبڕن و بە ڕەفتارەکانی ئەم هێزە ڕازی نین. بۆیە ئەگەر وای دابنێین، هێزی سوپای نیشتمانیی سووریا ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکاتەوە و دەست بکەن بە دزی و تاڵانی دژی دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچەیە، ئەوا حەتمەن قبووڵ ناکرێت و شەڕێکی ناوخۆیی گەورە ڕوودەدات، ئێستا ئێمە لەبەردەم ئەگەری ئەو شەڕەداین.

ئێمە وەك کوردی سووریا، کە هێزەکانمان بریتین لە پەکەکە، هێزەکانی سووریای دیموکرات، یان هێزەکانی پەیەدە، ئەگەر ئەو هێزانە هێرش بکەنە سەر ڕۆژئاوا ئەوا شەڕێکی گەورە ڕوودەدات. ئەوجا ئەم مەترسییە تەنیا لەسەر ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو لە کەنارەکانی فوراتیش شەڕ ڕوو دەدات، هەروەها لە باشووری سووریاش هەتا ئێستا ناوچەیەك هەیە بە ناوی «سویدا» کە دانیشتووانەکەی «درووز» ین، ڕێگەیان نەداوە هێزەکانی تەحریری شام بچنە ناو ئەو شارەوە، بۆ ئەمە ئەحمەد شەڕع لە سووریاوە پەیوەندی بە وەلید جونبوڵات کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە ناوبژیوان و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵام من بەپێی ئەو پەیوەندییە تایبەتییانەی کە هەمە و ئاگادارم، مەحاڵە «درووز»ییەکان ڕێگە بدەن هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام بچنە ناو شارەکەوە. لەمەش زیاتر ئەو زانیارییانەی لەدوای کۆبوونەوەی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەحمەد شەرع دەست کەوتوون، ئاماژە بەوە دەکەن، کەلەو کۆبونەوەیە بە هیچ شێوەیەك باس لە بڕیاری «٢٢٥٤» کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی سووری لە عەقەبە نەکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆکی تازەی سووریا «ئەحمەد شەرع» ددان بە ئۆپۆزسیۆنی پێشووی سووریا و دەستەی دانوستاندن نانێت، تەنیا باس لە کاروباری مرۆیی و پێداویستیی مرۆیی بۆ گەلی سووریا کراوە.

لایەنێکی دیکە کە ئەویش ناتوانرێت بە گەشبینییەوە سەیر بکرێت، ئەوەیە کە ڕەفتارەکانی ئەحمەد شەرع خەریکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکانیش دەگرێتەوە، هەر بۆ نموونە ناوی سەندیکای پارێزەرانی سووریایان گۆڕیوە بۆ «پارێزەرە پێشەنگەکان»، هەر دوای ئەوە

**لە سووریای ئەمڕۆدا کۆمەڵێک هێزی دژ بە یەک لەناو گۆڕەپانەکە بوونیان هەیە و هەر یەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بارودۆخەکە هەڵدەسووڕێنن**

**ئەگەر هێزی سوپای نیشتمانیی سووریا ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکاتەوە و دەست بکەن بە دزی و تاڵانی دژی دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچەیە، ئەوا حەتمەن قبووڵ ناکرێت و شەڕێکی ناوخۆیی گەورە ڕوودەدات**

**بەپێی ئەو پەیوەندییە تایبەتییانەی کە هەمە و ئاگادارم، مەحاڵە «دورز»ییەکان ڕێگە بدەن هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام بچنە ناو شارەکەوە**

**سەرۆکی تازەی سووریا «ئەحمەد شەرع» ددان بە ئۆپۆزسیۆنی پێشووی سووریا و دەستەی دانوستاندن نانێت، تەنیا باس لە کاروباری مرۆیی و پێداویستیی مرۆیی بۆ گەلی سووریا کراوە**



**ئێمە سوپاسگوزاری بۆ پەیامەکەی سەرۆک مسعود بارزانی دەکەین، بە ڕاستی ئەو پەیامەی بەرێزیان ئێمەی ئاگادار کردەوە، لەوەی پارێزگاری لە پەیوەندییەکانمان بکەین لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی سووریا بەگشتی**

دەستەیەکیان بۆ ئەم سەندیکا داناوە و ئەوانەی دیکە نێردراونەتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەم هەنگاوانەی ئەحمەد شەرع کە بڕوای بە ئۆپۆزسیۆنی پێشووی سووریا و بڕیاری ٢٢٥٤ نییە و بەو شێوەیەش مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکان دەکات، ئێمە لە سووریا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئیشکالیەتی دەستووری دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختەیە بەو مانایەی بەرەو شەڕێکی خوێناویی ناوخۆیی هەنگاو هەڵدەگرین.

بە ڕاشکاوی دەڵێم، ئێمە لەناو بارودۆخێکی زۆر خراپداین، ناتوانین هیچ هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی بۆ بارودۆخی کوردی سووریا بکەین. ئێمە پەیامەکەی سەرۆك مسعود بارزانی بەرز دەنرخێنین و سوپاسی دەکەین، بە ڕاستی ئەو پەیامەی بەرێزیان ئێمەی ئاگادار کردەوە، لەوەی پارێزگاری لە پەیوەندییەکانمان بکەین لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی سووریا بەگشتی و پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی. بەڵام ئەو پەیامەی ئەحمەد شەرع کە وەك دڵنیاکردنەوە بەرانبەر چارەنووسی کوردی سووریا داویەتی، زۆر ڕوون نییە، هەر بۆ نموونە باسی لەوە نەکردووە کە ئەو پابەندە بە گێڕانەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ شاری عەفرین، ئەو تەنیا دەڵێت «هەوڵ دەدەین ئەو ئاوارە کوردانە بگێڕینەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە عەفرین»، ئەم جۆرە لێدوانانە تەمومژی زۆری لە سەرە و ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت.



ی ئەوەی ئێستا دەیبینین، ئەوەیە کە پرۆسەی قۆناغی ڕاگواستن لە دەرەوەی چەتری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەچێت، هەر بۆیە ئەگەر ئەم پرۆسەیە نەخرێتەوە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت، دەسەڵاتی تازەی دیمەشق زۆر لەسەردەمی ئەسەد خراپتر بێت.

کێشەی ئێمەی کوردی سووریا، تەنیا ئەوەندە نییە کە لە دەستووردا ئاماژە بە ماف و ناسنامەمان نەکراوە، ڕژێمی سووریا لە هیچ یاسا و بڕیارێکیدا دانی بە کورد نەناوە وەك هاووڵاتیەکی سووری، تەنانەت ناوی « کورد» لە یاسا ئیستسنایەکانیشدا نەهاتووە، ناوی کورد وەك «بیانی» هاتووە و ناوە کوردییەکانیش وەك «ناوی عەجەمی» ئاماژەیان پێکراوە، واتا بە هەموو شێوەیەك بوونی کورد لە سووریا ڕەت کراوەتەوە.

بۆ ئێستای هێزە کوردییەکانی سووریا کە وێناکە هیچ ڕوون نییە، دەبێت بە دوای دەرفەتێك بگەڕێن و سوود لەو دەرفەتە وەربگرین، بۆیە باشترین بژارە ئەوەیە کە زۆر بە توندی دەست بە بڕیاری «٢٢٥٤»ی هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریا و لیژنەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی و هەڵوێستی کۆمکاری عەرەبییەوە بگرین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بارودۆخی سووریا زۆر شڵەژاوە، گرنگە لە ئێستادا بەو جۆرە هەنگاو هەڵبگرین، کە بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندیی وڵاتانی عەرەبی یەك بگرێتەوە، کە ئەوانیش مەترسیی ئەوەیان هەیە، تورکیا زیاتر دەستتێوەردان لەناوخۆی سووریادا بکات.

**گرنگە لە ئێستادا بەو جۆرە هەنگاو هەڵبگرین، کە بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندیی وڵاتانی عەرەبی یەک بگرێتەوە، کە ئەوانیش مەترسیی ئەوەیان هەیە، تورکیا زیاتر دەستتێوەردان لەناوخۆی سووریادا بکات**



# به كەوتنی ڕژێمی ئەسەد جیا لەوەی پڕۆژەی «پشتێنە و ڕێگە»ی چین و ڕووسیا كۆتایی هات، بە هەمان شێوە باڵادەستیی نفووزی ئێرانیش لە ناوچەكە نەما


## موخەلەد حازم

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە كاروباری ئاسایش و ستراتیژی:


موخەلەد حازم، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە كاروباری ئاسایش و ستراتیژی و، ڕاوێژكاری ئاسایش و یاسایی بووە، یەكێكە لەو توێژەر و شرۆڤەوانە سیاسییانەی كە لەسەر پرسە هەستیارەكانی عێراق و ناوچەكە بە بەردەوامی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكانی هەرێمی كوردستان و عێراق و كەناڵە عەرەبییە نێودەوڵەتییەكان قسەی ڕاشكاوانەی خۆی هەیە. لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەكانی كەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاكامەكانی لەسەر هەرێمی كوردستان و عێراق»، زۆر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر كێشە ڕیشەییەكانی ناوچەكە كرد و، ئەو ئاراستانەشی ئاماژە پێكرد، كە هێزە گەورەكان دەیانەوێت لەم ناوچەیەدا جێبەجێی بكەن و نەخشەی تەواوی ناوچەكە بگۆڕن، بەم جۆرەش دید و بۆچوون و پێشنیارەكانی خستەڕوو:

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە، کە ئەم دەستەبژێرە سیاسییەی کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی گرنگ «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق» بە وردی گەنگەشە بکەین.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، دەبێت قووڵتر لەسەر ئەم گۆڕانکارییانەی هاتوونەتە ئاراوە هەڵوەستە بکەین؟ ئەوەی ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوە دەچێت، لە بنەڕەتدا کێشە و ململانێی بەرژەوەندییەکانە لە نێوان جەمسەرە گەورەکاندا، کە ئەویش بریتییە لە «جەمسەری ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی و جەمسەری ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی».

ئەم ململانێیە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی «بەهاری عەرەبی» لە دوای ساڵی ٢٠١٠ دەستی پێکردووە، ڕێککەوتنی سایکس – پیکۆ کۆتایی هاتووە، ئێستا پرۆژەی تازە بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە ئاراوە کە پرۆژەکە ناوی لێ نراوە «پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە».

بێگومان چۆن ڕێککەوتنی سایکس – پیکۆ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی زلهێزەکاندا ئیمپراتۆرەکانی بەسەر چەندین دەوڵەتدا دابەش کرد و ئەمەش سەپێندرا بەسەر گەلانی ناوچەکەدا، بە هەمان شێوە ئەمڕۆ ئێمە لە بەردەم دیمەنێکی دیکەداین، کە ئەویش «پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە»یە، کە دەوڵەتەکان لە ناوخۆیاندا دابەش دەکات، ئەمەش بەو مانایەی بنەمای پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکەیە لەسەر بنەمای بونیادنانی سیستمی فیدراڵی، بونیادنانی سیستمی فیدراڵییش بەو مانایەیە کە ئەو دەوڵەتانەی ئێستا بە دەوڵەتی «شەڕ» ناو دەبرێن و بوونەتە ڕێگر لە پرسەکانی «وزە، سەرچاوەکانی وزە، ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنی وزە، بوونەتە کێشە بۆ کەنارە ئاوییەکان و پەکی ئاڵوێری بازرگانی و گەشەی ئابووری دەخەن» دەبێت ئەم دەوڵەتانە لە چوارچێوەی بونیادنانی فیدراڵیدا دەسەڵاتیان سنووردار بکرێت. کەواتە ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین: «ململانێکە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەوە نییە کامە باشە و کامە خراپە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کێ لەسەر کەرتی وزە باڵادەست دەبێت لە داهاتوودا».

لە دەستپێکی هەڵگیرسانی شەڕ لەم ناوچەیەدا، بێگومان ئەوەی لە غەززە و لوبنان ڕوویان دا، هەموو دیراسەتکراو بووە و بەرنامەی بۆ دانراوە، ئەوەشی لە سووریا ڕووی دا، دیسان دیراسەکراو بووە و بەرنامەی بۆ داڕێژرا بوو.

بنەمای ئەم پرسە ئەو نەخشەیەی نەتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزی کردەوە و تیایدا کۆمەڵێك دەوڵەتی بە سەرچاوەی شەڕ «دول النقمة» وەسف کرد، مەبەستیشی لەو دەوڵەتانە، ئەو دەوڵەتانە بوو کە پرۆژە ئایندەییەکانی دەوڵەتانی زلهێز لە ناوچەکەدا پەك دەخەن.

ئیسرائیل بە تەنیا ئەم شەڕەی نەکردووە، بەڵکو ئەمریکا و هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی و دەوڵەتانی بەهێزی ناوچەکە پشتیوانییان لێ کردووە، ئامانج لەم پاڵپشتییە بۆ ئەوە بووە، کە بەرژەوەندییەکانی جەمسەر ڕووسیا و چین لە ناوچەکەدا ڕابگرێت و ڕێگە نەدات، ئەم جەمسەرە باڵادەستیی بەسەر وزەی ئەم ناوچەیەدا هەبێت.

جەمسەری « ڕووسیا و چین» پرۆژەیان بۆ ئەم ناوچەیە پرۆژەی «پشتێنە و ڕێگە»یە، لە بەرانبەردا پرۆژەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پرۆژەی «ڕێگەی سەوزە»ـە، ئەم ڕێگەیە هیندستان و سعودیە و ئەردەن و ئیسرائیل پێکەوە گرێ دەداتەوە بۆ کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، هەر بۆیە ئەمڕۆ بە کەوتنی ڕژێمی بەشار، گرنگترینستوونی بڕبڕەی پشتی باڵادەستیی ئێران لە ناوچەکە، هەروەها پرۆژەی پێشتنە و ڕێگەی شکاند.

ئەو پرۆژەیەی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی کاری لەسەر دەکرد، پرۆژەیەکە هەر لە ساڵی ١٩٩١وە (دوای کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق – ئێران) لە چوارچێوەی تیۆری ئوم ئەلقرە «ام القری» کاری لەسەر دەکرێت. بەپێی ئەم تیۆرە «ئێران لە دوای شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ عێراق، جارێکی دیکە نایەوێت بکەوێتە

**ئەوەی ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوە دەچێت، لە بنەڕەتدا کێشە و ململانێی بەرژەوەندییەکانە لە نێوان جەمسەرە گەورەکاندا، کە ئەویش بریتییە لە «جەمسەری ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی و جەمسەری ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی»**

**ڕێککەوتنی سایکس – پیکۆ کۆتایی هاتووە، ئێستا پرۆژەی تازە بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە ئاراوە کە پرۆژەکە ناوی لێ نراوە «پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە»**

**بنەمای پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی تازە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکەیە لەسەر بنەمای بونیادنانی سیستمی فیدراڵی**

**بنەمای ئەم پرسە ئەو نەخشەیەی نەتانیاهۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزی کردەوە و تیایدا کۆمەڵێک دەوڵەتی بە سەرچاوەی شەڕ «دول النقمة» وەسف کرد**

**ئیسرائیل بە تەنیا ئەم شەڕەی نەکردووە، بەڵکو ئەمریکا و هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی و دەوڵەتانی بەهێزی ناوچەکە پشتیوانییان لێ کردووە**

**کەوتنی ڕژێمی بەشار، گرنگترین ستوونی بڕبڕەی پشتی باڵادەستیی ئێران لە ناوچەکە، هەروەها پڕۆژەی پێشتنە و ڕێگەی شکاند**

**ئەوەی بەسەر هێزەکانی حزبوڵڵادا هات و ئەو تێشکانەی ڕووبەڕووی بوونەوە، پڕۆژەیەکی ئێرانی هەڵوەشاندەوە کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کاری لەسەر دەکات**

**ئەحمەد شەرع سەرۆکی هەیئەی تەحریری شام لە ناو تەوقێکدایە و ناتوانێت لەناوی بێتە دەرەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر بێتە دەرەوە و ئاراستەیەکی دیکە بگرێت، لەوانەیە تیرۆری بکەن و هەمان چارەنووسی ئەبووبەکر بەغدادی و سەرکردەکانی دیکەی تیرۆریستانی قاعیدەی دەبێت**

شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دیکە»، بۆ ئەمەش هەنگاوی بەو ئاراستەیە هەڵگرت کە بەربەست بۆ خۆی دروست بکات لە چوارچێوەی عەقیدەی «ویلایەتی فەقیە» کە عەقیدەیەکی سنووربڕە و لە یەك شوێندا سەقامگیر نابێت و پەل دەهاوێت بۆ ئەو شوێنانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستیەتی.

کۆماری ئیسلامی بۆ سەرختنی ئەم پڕۆژەیە کاری لەسەر بونیادنانی سێ میحوەر کرد «عێراق، سووریا، لوبنان»، نەشهات کار لەسەر بەهێزکردنی ئەم دەوڵەتانە بکات، بەڵکو کاری لەسەر بەهێزکردنی ئەو گرووپانە کرد، کە بڕوایان بە عەقیدەی «ویلایەتی فەقیە» هەیە.

لە ئێستادا ئەوەی بەسەر هێزەکانی حزبوڵڵادا هات و ئەو تێشکانەی ڕووبەڕووی بوونەوە، پڕۆژەیەکی ئێرانی هەڵوەشاندەوە کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کاری لەسەر دەکات.

بە کەوتنی ڕژێمی ئەسەدیش جیا لەوەی پرۆژەی «پشتێنە و ڕێگە»ی چین و ڕووسیا کۆتایی هات، بە هەمان شێوە باڵادەستیی نفووزی ئێرانیش لە ناوچەکە نەما.

بێگومان دەستی دەرەکی ڕۆڵی هەبووە لە کەوتنی ئەسەد و چوونە دەسەڵاتی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام لە دیمەشق، پێشتر تورکیا کاری لەسەر کردووە و حکومەتی لە ئەدلب بۆ پێکهێنان، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەحمەد شەرع سەرۆکی هەیئەی تەحریری شام لە ناو تەوقێکدایە و ناتوانێت لەناوی بێتە دەرەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر بێتە دەرەوە و ئاراستەیەکی دیکە بگرێت، لەوانەیە تیرۆری بکەن و هەمان چارەنووسی ئەبووبەکر بەغدادی و سەرکردەکانی دیکەی تیرۆریستانی قاعیدەی دەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین، هەتا ئێستاش ئەمریکا دیراسەی ئەو پرسە دەکات، کە ئایا ئەحمەد شەرع لە لیستی تیرۆریستان بهێنێتە دەرەوە، یان نا، هەروەها ئیسرائیلیش بە هۆشیارییەوە سەیری ئەم پرسە دەکات و دەیەوێت بزانێت چی لە ناو ئەم گۆڕانکارییانەدا دێتە دەرەوە و ڕژێمی داهاتووی سووریا چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت.



تورکیا ئەو ڕۆڵە گەورەیەی لە پشتیوانیی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام گێڕا، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوە بوو کە «هەرێمێکی فیدڕاڵی بۆ کوردی سووریا» دابمەزرێت، تورکیا لەو ڕوانگەیەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکات، کە بوونی هەرێمیکی دیکەی کوردستان لە سووریا شان بەشانی هەرێمی کوردستان لە عێراق، زەمینیەك دروست دەبێت کە لە ئێران و تورکیاش هەمان ئەزموون دووبارە ببێتەوە، یان ڕێڕەوێکی ئاوی بۆ کورد بکرێتەوە و سەرەنجام کوردستانی گەورە دابمەزرێت. بۆ ڕەوینەوەی ئەم مەترسییە هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام لە ناکاو گەیشتنە «منبج» و چاوەڕێی ئەوەش دەکرێت بەرەو شوێنی دیکە پێشڕەوی بکەن، ئامانج لەم پێشڕەوییەش ئەوەیە کە ڕێگە نەدەن شار و گوندە کوردییەکانی سووریا هەموویان پێکەوە گرێ بدرێن.

سەبارەت بە مەترسیی پێکدادانی نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات و چەکدارانی



هەیئەی تەحریری شام، ئەمریکا لەو ناوچانە هەیە و بە تەواوەتی کێڵگە نەوتییەکانی «عومەر، کۆنیکۆ، دێرەزور»ی کۆنترۆڵ کردووە و ڕێگە نادات کە هێزەکانی سووریای دیموکرات بنەمای گەمەی شەڕەکە ببەزێنن.

لەم چوارچێوەیەدا تورکیا ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەمریکا هەیە بەوەی نابێت ڕێگە بدات لە ناوچە کوردنیشەکان بە هیچ جۆرێك دەوڵەت ڕابگەیەنرێت، بەڵام لەوانەیە لە یەکێك لە قۆناغەکانی داهاتوودا ئەمریکا پشتگیریی ئەوە بکات کە شێوەیەك لە ئۆتۆنۆمی بە کوردەکانی سووریا بدرێت. هەروەها ڕێگەش نادەن کە هەرێمێك بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، لە سووریاش دابمەزرێت، لەبەر ئەوەی وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئەمە گەمەی هێزە گەورەکانە و نایانەوێت هەر چوار پارچەی کوردستان پێکەوە یەك بگرنەوە.

سەبارەت بە کاریگەریی ئەو گۆڕانکاییانەش لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان، دید و بۆچوونی من بەو جۆرەیە کە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە و گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان نابێت و، ئەم هەرێمە لە دەرەوەی ئەو نەخشەیەیە کە بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەیە.

سەبارەت بە عێراق، سیستمی سیاسیی عێراق سەلامەت دەبێت لەبەر ئەوەی سیستمێکە ئەمریکا بەشدار بووە لە دامەزراندنیدا، بەڵام لە عێراقدا کێشەیەك هەیە، کە ئەویش کێشەی گرووپە چەکدارەکانە «فصائل المقاومة» ئەمانە بە پاشکۆی ئێران دادەنرێن، بۆیە ئەمانە دەبێت حکومەتی عێراق بە بڕیارێك مامەڵەیان لەگەڵ بکات و ئەم مەترسییە نەهێڵێت. لەوانەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا هەندێك ڕووداو بێنە پێشەوە کە پێشتر مەزندەمان بۆ نەکردبێت، لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە زۆر خێرا و پێشبینی نەکراون.

**پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە و گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان نابێت و، ئەم هەرێمە لە دەرەوەی ئەو نەخشەیەیە کە بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەیە**



## د.مەهدی ئەبووبەکر

**مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی:**

# گۆڕانکاریی گەورە لە عێراق ڕوو دەدەن، ڕەنگە بگەن بە ڕووخانی دەوڵەتی عێراق و پارچە پارچە بوونی

**د.مەهدی ئەبووبەکر مامۆستای سیستمە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیی سیاسییە لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی و، یەکێکە لەو چاودێرە سیاسییانەی لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ پرسە گەرمەکانی ناوچەکە و پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و شرۆڤەی وردی سیاسییان بۆ دەکات، لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، لە سلێمانییەوە و بە ڕێگەی سکایپ، بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی لەسەر ئەم پرسە گرنگ و هەستیارە خستەڕوو:**

ئەم ڕەوشە تازەیەی دروست بووە، ناوچەکەی خستووەتە بەردەم دوو بژارەوە، یەکەمیان «دەرفەتی کرانەوە»، دووەمیان «مەترسیی جەنگ و پێکدادان». سەبارەت بەو دەرفەتەی کە دروست بووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاڵبوونەوە و لەناوچوونی هەژموونی ئیسلامی سیاسیی شیعەگەرا. کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە ناوی «بەرەی بەرەنگاریی» زۆربەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینی خستبووە ژێر هەژموونی سیاسی، سەربازیی و هەواڵگریی خۆیەوە. بەو هۆیەشەوە شەڕ و پێکدادان زۆربەی ناوچەکەی گرتبووەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ گەلانی ناوچەکە لە کۆیرەوەرییەکەوە بۆ کۆێرەوەرییەکی دیکە دەچوون، کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سیاسیی شیعەگەرا لە ناوچەکەدا؛ دەرفەتێکی زێڕینە لەبەردەم گەلانی ناوچەکەدا تا دەست بە بنیادنان و گەشەکردن بکەن لە ڕووی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

سەبارەت بە مەترسییەکان؛ ئەوە پەیوەستن بە سەرهەڵدانەوە و گەشەکردنەوەی سەرلەنوێی ئیسلامی سیاسیی سوننەگەراوە، کە خۆیان وەکو ئەڵتەرناتیڤی شیعەی سیاسیی بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیلەوە بخەنەڕوو. دەتوانین بڵێین: ئەگەر ئەم گریمانەیە بێتەدی، ئەوا ناوچەکە لە جاران خراپتر تووشی کارەسات وماڵوێرانی دەبێتەوە، چونکە گەشەکردنی ئیسلامی سوننی هەڕەشەیە نەك بۆ ئەو دەوڵەتانەی پێشتر کەوتبوونە ژێر هەژموونی شیعەی سیاسییەوە بە سەرکردایەتیی ئێران، بەڵکو نائارامیی،

جەنگ و کوشتار دەباتە ناو ئەو دەوڵەتانەی وەکو «دەوڵەتانی میانڕەو» لە جیهانی عەرەبیدا ناو دەبرێن، لێرەدا مەبەست لە عەرەبستانی سعوودی، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، ئوردن و میسرە.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەوا دەتوانین بڵێین: هەمان «دەرفەت و مەترسیی» لەبەردەم دەرگای هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان «دەرفەت و مەترسییەکان» کاریگەرییان زیاترە و مۆرکێکی زیاتر کوردستانییانە وەردەگرێت.

ئەگەر باس لەو دەرفەتانە بکەین کە هاتوونەتە بەردەم هەرێمی کوردستان، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێك باس لەوە بکەین؛ ڕاستە دەرفەتەکان هاتوون، بەڵام ئەو دەرفەتانە پێویستیان بە کۆمەڵێك فاکتەری یارمەتیدەر هەیە، تا بەدی بێن؛ لە پێش هەموویانەوە؛ پێویستە هەردوو پارتی فەرمانڕەوای هەرێمی کوردستان «پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»، کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان لە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەر بکەن، حکومەت و پەرلەمانێکی بەهێزی یەکگرتوو دابمەزرێنن، هێزی پێشمەرگە و ناوخۆ یەك بخەنەوە و متمانە بۆ دامەزراوە یاساییەکانی هەرێم بگێڕنەوە. هەروەها دەست بە جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازیی ئابووریی، کارگێڕی، سیاسی و یاسایی بکەن، ئەوکات دەتوانن لەم گۆڕانکارییە تازەیەی لە نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا دروست بووە، سوود وەربگرن و هەرێمی کوردستان بەهێز بکەن.

پێویستە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەماندا ڕوویان داوە، گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەی تریش کە لە مانگی داهاتوو ڕوودەدات لەبەرچاو بگرین، ئەویش دەستبەکاربوونی «دۆناڵد ترەمپ»ـە وەکو سەرۆکی چوار ساڵی داهاتووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە پێچەوانەی ئەوانەی لە ستراتیژ، سیاسەت، بیرکردنەوە و باری سایکۆلۆژیی ترەمپ دەترسن، وەکو خۆم ترەمپ بە دەرفەتێکی گەورە بۆ سەرجەم گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەبینم، بەتایبەتیی بۆ هەرێمی کوردستان تا بتوانین لە سەردەمی دەسەلاتەکەیدا «پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان» سەرپێ بخەین. بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەرفەتەکە هەمان دەرفەتە، بۆ ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی مافەکانیان لە چوار ساڵی دەسەڵاتی دۆناڵد ترەمپدا.

لە هەرێمی کوردستان، ئەو هۆکارەی دەرفەتی زیاتری بۆ دروستکردنی دەوڵەت دروست کردوە، ئەوەیە کە لە ماوەی داهاتوودا دەوڵەتی عێراق وەکو ئێستا نامێنێتەوە، بەڵکو بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاریی گەورە لە عێراق ڕوو دەدەن، کە ڕەنگە بگەن بە ڕووخانی دەوڵەتی عێراق و پارچە پارچە بوونی، بەڵام لانی کەمی گۆڕانکارییەکان؛ گۆڕانکارییە لەم سیستمە سیاسییە سەرکوتکارە تائیفییەی لە دوای ٢٠٠٣وە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە ڕوو دەدات و هەژموونی حزبە سیاسییە شیعەگەراکان بە چەکدار و بێ چەکەوە تا ئاستی نەمان دەڕوات. لە بەرانبەردا ڕۆڵی زێدەتر بە شیعەی مەدەنیی و سوننەکان دەدرێت، دەستی ئێران لە عێراق دەبڕدرێت، هەموو ئەوانە دەرفەتێکی زۆر گەورە بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەڕەخسێنن.

ئەگەر باس لە مەترسییەکانیش بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین؛ ئەوەی مەترسییەکان زیاتر و قووڵتریان دەکاتەوە «دابڕان و لێکترازان»ی نێوان حزبەکانی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتیی دابڕانی هەر دوو حزبە باڵادەستەکە «پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»، چونکە ئەو دوو ئیرادەیەی لە نێوان ئەو حزبەدا سەبارەت بە هەموو پرس و بابەتە سیاسی، ستراتیژییەکان دروست بووە؛ بە شێوەیەکی مەترسیدار لەسەر ئاراستە و هەڵوێستی سیاسییان سەبارەت بە کۆی گۆڕانکاریی و ڕووداوەکان ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە ئەگەر ئەو دوو حزبە ئیرادەیەکی یەکگرتووی کوردستانییانە دروست نەکەن، ئەوا کۆی ئەو دەرفەتانەی کە بە هۆی گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوینەوە جێبەجێ ببێت، بەداخەوە هەرێمی کوردستان بەم دۆخە سیاسییەی ئێستاوە ناتوانێت سوودیان لێوەربگیرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشەی وجوودی لە ڕووی دەستووریی و یاساییەوە دەکاتەوە، ئەگەرەکانی لەناوچوون، یان لانی کەم دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو هەرێم لە ڕووی دەستوورییەوە زیاتر دەکات، لە کاتێکدا ئێستا بە دیفاکتۆ دوو هەرێمە لە ڕووی سیاسیی و ئیدارییەوە. جگە لەو مەترسییانەیش نابێت ئەگەری شەڕ و نائارامیی و سەرهەڵدانەوەی تیرۆریش نادیدە بگیرێت، چونکە ئەگەر گەلانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لەبری بژارەی دەرفەتی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە، بژارەی دووەم واتە بژارەی شەڕ و پێکدادانیان هەڵبژارد، ئەوا بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان، بەم دۆخە نالەبارەوە ناتوانێت خۆی لە نائارامی و شەڕ و ململانێی تیرۆریستان بپارێزێت.

**کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سیاسیی شیعەگەرا لە ناوچەکەدا؛ دەرفەتێکی زێڕینە لەبەردەم گەلانی ناوچەکەدا تا دەست بە بنیادنان و گەشەکردن بکەن**

**ترەمپ بە دەرفەتێکی گەورە بۆ سەرجەم گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەبینم، بەتایبەتیی بۆ هەرێمی کوردستان تا بتوانین لە سەردەمی دەسەلاتەکەیدا «پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان» سەرپێ بخەین**

**ئەوەی مەترسییەکان زیاتر و قووڵتریان دەکاتەوە «دابڕان و لێکترازان»ی نێوان حزبەکانی هەرێمی کوردستانە**



**ئیبراهیم برۆ**

**ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا:**

# قۆناغی داهاتووی سووریا لە ماوەی ٦١ ساڵی حوکمڕانیی بەعس باشتر دەبێت

**ئیبراهیم برۆ، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە)یە و، لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی دانوستاندنی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بووە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد. لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە دەکەین، ئەویش ڕووداوێکە دوای ٦١ ساڵ لە حوکمڕانیی حزبی بەعس و ٥٤ ساڵ لە حوکمڕانیی بنەماڵەی ئەسەد، کە گەلانی سووریا کارەسات وماڵوێرانیی گەورەیان بە دەست ئەم ڕژێمەوە بەسەر هات.

لێرەدا من ناگەڕێمەوە باسی ڕەفتارە دڕندەکانی ڕژێمی پێشوو بکەم، کە بەسەر گەلی سووریای هێنا، بەڵکو هەڵوەستە لەسەر ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە دەکەم کە تەنیا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ڕوویان داوە. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە دوای ١٤ ساڵ لە شەڕی ناو سووریا، جۆرێک لە ڕێککەوتن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی لەسەر کەوتنی ڕژێمی ئەسەد کراوە، ئەوەی کە ڕووی دا بەو خێراییە و بەبێ ئەوەی هیچ بەرگرییەك بکرێت، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕێککەوتنی نێوان کۆمەڵێك هێزی جیاواز.

بارودۆخی ئێستای سووریا زۆر زۆر ئاڵۆزە، ئەوەی کە ڕوو دەدات، هەموو بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ڕژێمی پێشوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕژێمی پێشوو بە ئاستێك عیناد بوو، کە ڕێگەی نەدەدا هیچ بوارێك بڕەخسێت بۆ ئەوەی بە چارەسەری سیاسییانە کێشەکان چارەسەر بکرێن.

لە ئێستادا لەسەر ئەو جوگرافیا بچووکەی خاکی سووریا، کۆمەڵێك لایەن هەن کە بەرژەوەندییەکانیان هاودژن و یەك ناگرێتەوە، لەسەرخاکی سووریا لە یەك کاتدا ئەمریکا و ڕووسیا، هەروەها ئێران و تورکیا بە بەردەوامی

هەبوون، هێزەکانی ئیسرائیل بە بەردەوامی بە ئاسمانی سووریاوە بووە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە دوو هێزی زۆر گەورەی نێودەوڵەتی «ئەمریکا و ڕووسیا» هەروەها سێ هێزی گەورەی هەرێمی «تورکیا، ئێران، ئیسرائیل» هەموویان پرۆکسیان هەبووە و لەسەر خاکی سووریا شەڕیان کردووە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بە هۆی جیاوازی و تێڕوانینەکانیان لەسەر دۆسیێ سووریا، نەیانتوانی بە باشی و سەرکەوتووانە بارودۆخی سووریا بەڕێوە بەرن، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیاریەتیی ئەو بارودۆخە هەڵبگرن، کە ئێستا دوای کەوتنی ڕژێمەکە هاتووەتە ئاراوە.

ڕۆڵی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ دوورخستنەوەی سووریا لە کارەسات زۆر لاواز بوو، لەم ماوانەی دواییدا هەوڵێکیان خستە گەڕ بە دوو ئامانج:

١- دوورخستنەوەی ڕژێمی ئەسەد لە میحوەری ئێرانی.

٢- دانانی سنوورێك بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر و هەناردەکردنی «کەپتاگۆن» لەلایەن ڕژێمی سووریا بۆ دەرەوە.

بەڵام دەوڵەتانی عەرەبی نەیانتوانی ڕژێمی ئەسەد لە ئێران دوور بخەنەوە، نەشیانتوانی کارێك بکەن کە سنوورێك بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر دابنێن و سووریا ناچار بکەن واز لە هەناردەکردنی کەپتاگۆن بهێنێت.

لەناو ئەم بارودۆخەدا کە ئەحمەد شەرع (ئەبو محەمەدی جۆلانی) دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، لەلای هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی سووریا ترسی گەورە هەیە، ئەمەش واتە تەنیا «کورد و عەلەوی» ترسیان نییە، بەڵکو ئەم ترسە لای «کریستیان، دروزییەکان، تەنانەت لای عەرەبی سوننە» ش هەیە.

لە ئێستای سووریادا «بۆمبی کاتکراو» هەیە، ئەویش مەسەلەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشە، لە ناو هەر دوو کەمپی «هۆل و ڕۆژ» هەروەها بەندیخانەی غوەیران و قامیشلۆ، بە هەزاران بەندکراوی تیرۆریستانی داعشی هەیە، بوونی ئەم تیرۆریستە بەندکراوانەش پەیوەندیی بە مامەڵەی دووسەرەی هێزەکانی هاوپەیمانانەوە هەیە. ئێمە بینیمان دوای کەوتنی تاڵیبان لە ساڵی ٢٠٠١ ئەمریکا تیرۆریستانی ئەلقاعیدەی گواستەوە بۆ بەندیخانەی گۆنتانامۆ، بەڵام لە سووریا تیرۆیستانی داعشی لە شوێنێك داناوە کە هەر چوار دەوری کێشەیە و لە ناو هاووڵاتیاندا خیوەتگەی بۆ دروست کردوون و بەندی کردوون، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەمریکا بە هێشتنەوەی تیرۆریستانی داعش لەم ناوچەیەدا ئامانجی ئەوەیە دەیەوێت ئاژاوەیەکی دیکە لەم ناوچەیەدا دروست بکات؟.

ئیدارەی ئەمریکی لە ماوەی مانگی داهاتوو دەگۆڕێت و دۆناڵد ترەمپ دەبێتەوە سەرۆکی ئەمریکا، ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەیە و، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئیدارەی تازەی ئەمریکا بەنیازن کێشەی تیرۆریستانی داعش لە سووریا چارەسەر بکەن، بە مانایەکی دیکە ئایا عێراق و وڵاتانی دیکەی ئەوروپی ناچار دەکەن تیرۆریستەکانی خۆیان ببنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان؟.

بۆمبێکی دیکەی کاتکراو لەم ناوچەیەدا پرسی کێشەکانی نێوان تورکیا و هێزەکانی سووریای دیموکراتە، لە ساڵانی ڕابردوو تورکیا هەموو هەوڵێکی داوە بۆ ئەوەی هێرشی ڕۆژئاوای کوردستان بکات، لەم پرسەدا گرنگە ئێمە زۆر واقیعی بین، بیانووی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوا بوونی هێزەکانی پەکەکەیە لەم ناوچەیە، بۆ ئەمەش تورکیا بیانوویەکی گەورەی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بگەیەنێتە قەناعەت، تورکیا پێیان دەڵێت «ئێوە وەك ئەمریکا و ئەوروپا بە هەزاران کیلۆمەترتان بڕیوە و هاتوون بۆ شەڕی دژە تیرۆر و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی لە وڵاتانی خۆتان، بەڵام بە هەمان شێوەی ئێوە منیش بەدەست تیرۆرەوە دەناڵێنم، کە ئەویش ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر سنووری من هەیە و خۆتان بە تیرۆریست پۆلێنتان کردووە، بۆیە دەبێت هێزەکانی سووریای دیموکرات، ئەم بارودۆخە بە وردی بخوێننەوە و ئەو گۆڕانکارییانە لەبەر چاو بگرن کە لە گۆڕەپانەکەدا هاتوونەتە ئاراوە.

پێشتر کە ڕژێمی ئەسەد مابوو، هەروەها هێزەکانی ئێران و حزبوڵڵای لوبنانی لە ناو سووریا بوون، لەوانەیە بیانوویەك بۆ هێزەکانی سووریای

**دوو هێزی زۆر گەورەی نێودەوڵەتی «ئەمریکا و ڕووسیا» هەروەها سێ هێزی گەورەی هەرێمی «تورکیا، ئێران، ئیسرائیل» هەموویان پرۆکسیان هەبووە و لەسەر خاکی سووریا شەڕیان کردووە**

**دەوڵەتانی عەرەبی نەیانتوانی ڕژێمی ئەسەد لە ئێران دوور بخەنەوە، نەشیانتوانی کارێک بکەن کە سنوورێک بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر دابنێن و سووریا ناچار بکەن واز لە هەناردەکردنی کەپتاگۆن بهێنێت**

**بیانووی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوا بوونی هێزەکانی پەکەکەیە لەم ناوچەیە، بۆ ئەمەش تورکیا بیانوویەکی گەورەی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بگەیەنێتە قەناعەت**

**دەبێت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی داوای ئەوە بکات کە هەموو هێزێکی بیانی «غەیرە سووری» خاکی سووریا بەجێ بهێڵێت، ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەوا بە دیاریکراوی ناوچە کوردییەکانی سووریا ڕووبەڕووی مەترسییەکی زۆر گەورە دەبنەوە**



دیموکـرات هەبووبێـت کـە ملکەچـی فەرمانـی هێزەکانـی ئەمریـکا نەبێـت، بـۆ دوورخسـتنەوەی چەکدارانـی پەکەکـە لـە ڕۆژئـاوا، بـەڵام ئەمـڕۆ بارودۆخەکـە وا دەخوازێت کـە هێزەکانـی سووریای دیموکـرات و سـەرکردەکانی پەیـەدە بـە بـێ ئـەوەی هیـچ فرسـەتێك لەدەست بدەن، جیاکردنەوەی خۆیـان لـە پەکەکـە ڕابگەیەنـن، ئەمـەش دەبێـت بـە کـردەوە جێبەجێـی بکـەن، نـەك تەنیـا بـە قسـە. هەروەهـا دەبێت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتـی داوای ئـەوە بـکات کـە هەمـوو هێزێکـی بیانـی «غەیـرە سـووری» خاکـی سـووریا بەجـێ بهێڵێـت، ئەگـەر ئەمـە نەکرێت، ئـەوا بـە دیاریکراوی ناوچـە کوردییەکانـی سـووریا ڕووبـەڕووی مەترسـییەکی زۆر گـەورە دەبنـەوە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە هیزەکانـی سـووریای دیموکـرات ناتوانـن گۆڕانـکاری بەسـەر خۆیانـدا بهێنـن، ئـەوە لەبەرچـاو ناگـرن کەسـێکی وەك ئەحمـەد شـەرع (ئەبـوو محەمـەدی جۆلانـی) یەکێـك بـووە لەسـەرکردەکانی ئەلقاعیـدە، پاشـان بـووە بـە سـەرۆکی بـەرەی نوسـرە و دوای ئەویـش هەیئـەی تەحریـری شـام، لـە ئێستاشـدا بانگەشـەی ئـەوە دەکات، هەیئـەی تەحریـر شـام هەڵدەوەشـێنێتەوە، مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەو دەتوانێت خۆی بگۆڕێت و خـۆی بگونجێنێـت، بـەڵام هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات بـەو ئاسـتە عینـادی دەکـەن.

لـە ئێسـتادا کـە بـاس لـە قۆناغـی ڕاگـوزەر دەکرێـت، وەك هەمـوو دەوڵەتانـی جیهـان مـاوەی سـێ مانـگ دایـاری کـراوە بـۆ ئـەوەی بکەوێتـە قۆناغـی ڕاگواسـتن، لێـرەدا ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ بڕیـاری ٢٢٥٤ کـە بەشـێکە لـە بەیانـی عەقەبەی کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سـووریا، ئـەوا دەبێـت «سـووریای ئاینـدە هـی هەمـوو پێکهاتـە جیـاوازەکان بێـت» و دەبێـت لـە مـاوەی ئەو سێ مانگەدا دەستەی دانوستاندنی ئۆپۆزسیۆن، (کە من خۆم یەکێکم لە ئەندامانی ئـەو دەسـتەیە و تـا ئێسـتا هەڵنەوەشـێنراوەتەوە)، لەگـەڵ حکومەتـی سـووریا دانوسـتاندن بـکات.

بەیانـی عەقەبـە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە دەبێـت بەندەکانـی بڕیـاری ٢٢٥٤ کـە پەیوەندیـدارە بـە مـاوەی حوکمڕانیـی ڕاگـوزەر، بـە شـێوەیەکی گشـتی و دوور لـە تایفەگەرایـی

**ئەگەر دەسەڵاتی ئێستا بەم شێوەیەی ئێستا حوکمڕانیی سووریا بە یەکڕەنگی بکات، ئەوا لەگەڵ ئەوەی شێوازەکەیان تا ڕادەیەک پەسەندە، بەڵام ناتوانن بەم شێوەیە لە بەڕێوەبردنی سووریادا بەردەوام بن**



جێبەجێ بکرێت، دەستەیەکی دامەزرێنەر کە دەستەی نووسینەوەی دەستووره دابمەزرێت و زەمینەیەکی لەبار بۆ هەڵبژاردن دابین بکرێت.

ئەم قۆناغە زۆر گرنگە ئەگەر بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی ئێستا بەم شێوەیەی ئێستا حوکمڕانیی سووریا بە یەکڕەنگی بکات، ئەوا لەگەڵ ئەوەی شێوازەکەیان تا ڕاددەیەك پەسەندە، بەڵام ناتوانن بەم شێوەیە لە بەڕێوەبردنی سووریادا بەردەوام بن.

سووریا دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە، ئەم پێناسەیە لە هەموو دیکۆمێنتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریادا جەختی لەسەر کراوەتەوە. ڕاستە ڕژێمی پێشوو جەختی لەسەر «یەك حزب، یەك سەرکردە، یەك گەل» دەکردەوە، بەڵام لە هەموو دیکۆمێنتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریادا، بەتایبەتی بەیانی ٢ی ڕیاز لە ساڵی ٢٠١٧ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «سووریا دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە، پێکهاتووە لە کورد و عەرەب و سریان و ئاشووری و تورکمان و هەموو پێکهاتە جیاوازەکان و، دەبێت دەستووری سووریا هەموو ئەم مافانە مسۆگەر بکات».

لە ئێستادا هەڵوێستی درووز زۆر هەستیارە، لەبەر ئەوەی درێژ دەبنەوە بۆ لوبنان و ئیسرائیل و داواکارییان لە حکومەتی سووریا هەیە.

عەلەوییەکان ترسی ئەوەیان هەیە بکەونە بەر هێرشی تۆڵەسەندنەوە، بۆیە پێویستیان بەوە هەیە بپارێزرێن، کوردیش ترسی لەوە هەیە کە جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سووریاوە کە پێی دەگوترێت ئینتدابی فەرەنسی، ناوی کورد لە دەستوور و یاساکانی سووریادا نەهاتووە.

بۆیە هەموو پێکهاتەکانی گەلی سووریا ترسیان هەیە، بەڵام سەرەنجام نابێت پەلە لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەم گۆڕانکارییە بکەین. وای دەبینم قۆناغی داهاتووی سووریا لەو ماوەی ٦١ ساڵی حوکمڕانییەی بەعس باشتر دەبێت.

**هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سووریاوە کە پێی دەگوترێت ئینتدابی فەرەنسی، ناوی کورد لە دەستوور و یاساکانی سووریادا نەهاتووە**



## د. کاوە ئەزیزی

ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا:

# ئەگەر دەستتێوەردانی ئەمریکا نەبووایە، تورکیا تەواوی کوردستانی سووریای داگیر دەکرد

**د.کاوە ئەزیزی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریایە و، سیاسەتمەدارێکی دیاری ڕۆژئاوای کوردستانە و لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ڕووخانی ڕژێمی سووریا بۆ گەلی سووریا بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، وەرچەرخان و چرکەساتێکی مێژوویی بوو. ئەگەر ئەو ڕووداوە بۆ گەلی سووریا ڕزگاربوون بێت لە کۆیلایەتیی ڕژێم، ئەوا بۆ کورد ڕزگاربوونە لە کۆیلایەتیی ڕژێم و دەرفەتێکە بۆ گەیشتنی کورد بە مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆی.

ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس، شکستخواردنی پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی شۆڤێنیی عەرەبە، لە پاش ڕووخانی ڕژێمی فاشیی بەعس لە بەغدا، هاوکات شکستی هیلالی شیعە و بەرەی ئێرانی شیعەیە تا دەگاتە دەریای سپیی ناوەڕاست.

دوای ڕووخانی ڕژێمی تایەفەخوازی عەلەویی بەعس، کە تەوەری سەرەکیی هەژموونی ئێران بوو، بە دەمیەوە هەژموونی ئێران لە سووریا و لوبنانیشدا ڕووخا.

ئێران دوای کشانەوەی لە سووریا، کەوتەوە کۆمەککردن بە حزبوڵڵا بۆ ئەوەی خۆی ڕێك بخاتەوە و درێژە بە پیادەکردنی سیاسەتی ئێران لە لوبنان بدات.

لەسەر زاری سەرۆکی حزبوڵڵاوە، ئەحمەد شەرع (ئەبوو محەمەدی جۆلانی)ی جاران، لە بارەی سەوداکردن لەگەڵ ئیسرائیل هۆشداریی دا، لەو کاتەی ئەحمەد شەرع ڕایگەیاند، ئەوان کاریان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و دەرکردنی ئێرانییەکان کرد و، ئەوان شەڕی ئیسرائیل ناکەن، ئیدی دوو ڕژێم سەنگەر لە یەکدی دەگرن (ڕژێمی تازەی سووریا و ئێران) پێشتر ئێران بە پرۆسەی ڕزگارکردنی سووریا لە ڕژێمی ئەسەد و دەسەڵاتی تایەفەخوازانەی دەگوت، «ئەوە پیلانێکی ئیسرائیل و ئەمریکا بوو»، ئەم قسەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرەی مقاوەمە و دژبەری درێژەی هەیە، ئیدی ئێران کەوتە خۆئامادەکردن و پڕچەککردنی گرووپەکانی شیعەی لایەنگری خۆی لە عێراق، تا بۆ پیلانی دیکەی دواتری خۆی ساز و ئامادەیان بکات، ئیسرائیلیش لە لای خۆیەوە چەندین جار گوتوویەتی و چەند پاتی کردووەتەوە، هەر

کەسێ شەڕی لەگەڵ بکات، بەرەنگاری دەبێتەوە، هەر کەسێکیش پەلاماری بدات، لە چەنەی دەداتەوە.
گرووپەکانی شیعەی هەواداری ئێران لە عێراق هێشتا درێژە بە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل دەدەن، ئا لێرەدا عێراق کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشەوە، لە لایەکەوە حزبوڵڵا و ئێران هەڕەشە لە ڕژێمی تازەی سووریا دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئیسرائیل گەف لە میلیشیاکانی عێراق دەکات، ئێستاش عێراق بوو بە بەرەی پێشەوەی ئێران دژ بە هەر دەرەنجامێکی ئەو گۆڕانە جیۆسیاسییەی لە سووریادا ڕووی دا.
کشانەوەی ئێران لە سووریا و هەروەها حزبوڵڵا و میلیشیاکانی و ڕووخانی ڕژێم، بۆشاییەکی گەورەی سیاسی لێ کەوتەوە، کە هەر زوو تورکیا قۆزتییەوە، ئیدی زۆر توند و دژوار هەڕەشە لە خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژهەڵاتی فرات دەکات، ئاستی داواکاریی خۆیشی بەرزتر کردووەتەوە، نەك هەر داوای کشانەوەی پەکەکە لە ڕۆژهەڵاتی فرات دەکات، بەڵکوو داوای دەرکردنی پەیەدە و هەسەدەش دەکات. ئێستاش داوای چەکداماڵین و هەروەها کشانەوەی لە خاکی زۆرینەی عەرەبی سووریا دەکات، ئەمەش دەروازەی فیتنەیەکە تورکیا لە نێوانی کورد و عەرەبی سووریا دەینێتەوە. ئەگەر دەستتێوەردانی ئەمریکا نەبوایە، تورکیا تەواوی کوردستانی سووریای داگیر دەکرد.
ڕووخانی ڕژێمی سووریا بۆشاییەکی گەورەی ئەمنیی دروست کرد و بواری بە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك داعش و قاعیدە دا، بێنەوە مەیدان، ئەمەش مایەی مەترسییە بۆ ڕژێمی تازە لە سووریا و عێراقیش.
بوونی ڕژێمی ئیسلامی بە پاشخانی سەلەفی لە دیمەشق لە نموونەی دەستەی ڕزگارکردنی شام، کە ڕایگەیاند ئەو دەخوازێت ڕژێمی سووریا بگۆڕێت، کە عەلەوییە و ئێرانیش لە سووریا دەردەکات و شەڕی ئیسرائیلیش ناکات، ئەوە فاکتەرێکی نائارامی و بەرەنگارییەکی ئاشکرای هەژموونی هیلالی شیعەیە، بەرانبەر بەویش لە عێراقدا دەسەڵاتدارییەك لە بەغدا هەیە کە زۆرینەی شیعە تێیدا باڵادەستن و لە سایەی هەبوونی گرووپگەلی شیعە و هەواداری ئێران لەسەر سنووری سووریا، ئەمەش بابەتێکی زۆر مەترسیدارە، بەدەم هەموو ئەمانەشەوە، سوننەی عێراق داوای هەرێمێکی فیدراڵ دەکەن و هەست بە نادادی دەکەن و پێیان وایە ناوچەکانیان لە لایەن حەشدی شەعبییەوە داگیر کراون، ئەمەش زەمینە بۆ هاتنی گەلێك ڕێکخراوی سوننەی توندڕەو و هاوکار لەگەڵ ژینگەی سوننەی عێراق بەرەو ناوەڕاستی عێراق خۆش دەکات، لە پێشەوەی هەموانیش قاعیدە و داعش.

**لە ئاستی هەرێمیدا**

تورکیا هەوڵ دەدات تەواوی باکووری سووریا داگیر بکات، بەوەی بە گوێرەی پەیمانی میللی بە بەشێك لە خاکی تورکیای دەزانێت و، کاتێك حەلەب ڕزگار کرا، لە پەرلەمانی تورکیا ئاهەنگ بۆ ڕزگارکردنەکەی گێڕدرا.
ئیسرائیلیش لە لای خۆیەوە بەرەو نێو خاکی سووریا پێشڕەویی کرد و ڕێککەوتننامەی ١٩٧٤ی پێشێل کرد، بۆ ئەوەی ناوچەیەکی دابڕ لە نێوان خۆی و سووریا دابمەزرێنێت بۆ پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی عیبری.

**لە ئاستی نێودەوڵەتیدا:**

لە ناوچەکەدا ململانێیەکی سەرەکی لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکا بەرپا دەبێت، ڕووسیا دەستبەرداری بنکەکانی لە حمێمیم و تەڕتووس و ئەو ماڵومولکەی نابێت کە لە دەوڵەتی سووریای کڕیون، هەرچی ئەمریکایە ئەوا سووریا بە ناوچەیەکی هەژموون و ناوچەیەکی ستراتیژی بۆ پاراستنی ئیسرائیل دەزانێت، پەیکەری جیۆسیاسیی سووریا گۆڕا، ئیدی هەر دەبێت یاریزانانی نێویشی بگۆڕێن.
سووریای دوای ڕووخانی ڕژێم لە بەردەم سێ سیناریۆدایە:
یەکەم: سوورىاییەکان دەتوانن بە سازان بگەنە ڕێکارێك کە بە یارمەتیی هەرێمی و نێودەوڵەتی کار بۆ قۆناغێکی ڕاگوزەر بکەن و بە هەڵبژاردنێکی بێگەرد و دیموکراتییانە و بە چاودێریی نێودەوڵەتی پەرلەمانێك هەڵبژێرن و دەستوورێك بنووسن کە مافی هەمووان بگرێتە خۆ و دەوڵەتێکی دیموکرات و فرەیی و فیدراڵ و یەکگرتوو دابمەزرێنن.
دووەم: درێژەکێشانی پەشێوی و ململانێ لە نێو گرووپگەلی هەمەجۆر، ئەمەش دەبێتە مایەی دابەشبوونی سووریا بۆ چەند ناوچەیەکی هەمەجۆری هەژموون.
سێیەم: دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئاکامی ململانێی لایەنەکان دێتە دی، دەستتێوەردان دەکەن و ئەمەش سووریا دەکاتە بازنەیەکی ململانێی نێوان زلهێزان.
ئایندەی سووریا تەنیا کار لە گەلی سووریا ناکات، بەڵکوو کار لە تەواوی ناوچەی دەوروبەری ئەو وڵاتەش دەکات. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە زەحمەتە و دەبێتە نموونەیەك بۆ هیوا و هاتنەوەسەرخۆی تەواوی ناوچەکە، شکستی سووریاش لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە دەبێتە مایەی زیاتر هەڵایسانی قەیران لە ناوچەکە و پتر ئاڵۆزبوونی دۆخی جیۆسیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە.

**ئێران دوای کشانەوەی لە سووریا، کەوتەوە کۆمەککردن بە حزبوڵڵا بۆ ئەوەی خۆی ڕێك بخاتەوە و درێژە بە پیادەکردنی سیاسەتی ئێران لە لوبنان بدات**

**عێراق کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشەوە، لە لایەکەوە حزبوڵڵا و ئێران هەڕەشە لە ڕژێمی تازەی سووریا دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئیسرائیل گەف لە میلیشیاکانی عێراق دەکات**

**کشانەوەی ئێران لە سووریا و هەروەها حزبوڵڵا و میلیشیاکانی و ڕووخانی ڕژێم، بۆشاییەکی گەورەی سیاسی لێکەوتەوە، کە هەر زوو تورکیا قۆزتییەوە**

**ئیسرائیلیش بەرەو نێو خاکی سووریا پێشڕەویی کرد و ڕێککەوتننامەی ١٩٧٤ی پێشێل کرد، بۆ ئەوەی ناوچەیەکی دابڕ لە نێوان خۆی و سووریا دابمەزرێنێت**




**پ د. ئیسماعیل حەساف**

پسپۆڕ لە پرسی کورد و فەلسەفەی مێژوو و پەیوەندیی نێودەوڵەتی:


# باشترین چارەسەر بۆ سووریا دروستبوونی فیدراڵییە بۆ کورد و درووز و عەلەوی، دیمەشقیش وەک پایتەختێکی لاوازی سیمبولی بمێنێتەوە

پ.د. ئیسماعیل حەساف، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە دۆزی کورد، هەروەها تایبەتمەندە لە فەلسەفەی مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکێکە لەو ئەکادیمیستانەی کە چەندین ساڵە کار لەم بوارەدا دەکات و، ساڵی ١٩٨٦ دکتۆرای لە بەشی توێژینەوەی کوردی لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی سۆڤێت لە مۆسکۆ بەدەست هێناوە و، سکرتێری (پارتی پێشڕەوی کوردستان- سووریا)یە و، ئەندامە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریا. لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی سەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:

ڕووخانی حزبی بەعس دوای ٦١ ساڵ حوکمرانی، کە ٥٤ ساڵی ماڵباتی ئەسەد تێیدا حوکمڕان بوون، دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی هاوچەرخی سووریا و ناوچەکەدا. فاکتەری ڕاستەوخۆ لە ڕووخاندنی بەشار ئەسەد، سەرکەوتنی ئیسرائیل بوو لە گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لەسەر زەوی، لە غەززە و باشووری لوبنان و لەناو بردنی سەرکردەکانی حەماس و حزبوڵڵا و هێزی ئێران لە سووریا، سەرباری فاکتەری دیکەی درێژخایەن، بە چەشنێك ڕەوش گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە لایەکەوە ئیدی سەرکردایەتیی بەعس توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نەما، لە لایەکی دیکەشەوە چیدی گەل توانای بەرگەگرتنی ئەو ڕەوشەی نەما.

«گریگۆری لوکیانۆف» توێژەر لە پەیمانگەی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵات لە ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا، ئاماژەی بەوە دا، کە هۆکاری ناوخۆیی سیاسی، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە ڕووخانی حکومەتی دیمەشقدا، هەر بە گوتەی ئەو، دوای ئەوەی هێزی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٥ چووە نێو ئەو وڵاتەوە، حکومەتی ئەسەد هیچ چاکسازییەکی ئابووری و سیاسیی ڕاستەقینەی نەکرد، سەرەنجام گوێی بە ڕاسپاردەی دەسەڵاتی ڕووسیا و ئێران و ئەو ڕێککەوتننامانەی لە نێو سووریا و بڕیارەکانی ئەستانا و ژنێڤیش نەدا.

ئەو پسپۆڕە دووپاتی کردەوە، ئەمە وای کرد، کۆتایی بەو کێشانە نەیەت کە «بەهاری عەرەب»ی و جەنگی ناوخۆیان لێ کەوتەوە، کە بریتی بوون لە گەندەڵی و خراپیی بەڕێوەبردن و قۆرخکاری لە خزمەتی مەدەنی و هێزی چەکداردا. سەرباری ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە هیچ بووژانەوە و باشبوونێك بەدی نەهات، کە سزاکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی فراوان ڕێگر بوون لە بەدیهاتنی. لوکیانۆف ئەوەشی گوت: «لە سایەی ئەم هەلومەرجەدا، سوپای سووریا، کە هەر ئەو سوپایە بوو کە لە کاتی شەڕ و بە پشتیوانیی ڕاوێژکارانی سەربازیی ئێرانی و ڕووس پێك هێندرا، کەوتە پاشەکشەکردن، چونکە حکومەت بە کردنی دارایی پێویستی نەبوو تا بتوانێ خەرجیی بەڕێوەچوونی بگرێتە ئەستۆ»، لە ئاکامی ئەوە، حکومەتی سووریا دەستی لە ئامادەسازی و سەربازاندن هەڵگرت، تەنیا سوپایەکی پیشەگەر مایەوە، کە لە ڕووی کردەنییەوە شتێکی نەبوو بیدات. لە ئاکامی ئەمەش پاڵنەری هێزی چەکدار نزیکەی تا نزمترین ئاستی دابەزی، پیشەگەرییەکەشی لە کورتیی دا. لە ئاکامی ئەمەش، هێرشی دەستەی ڕزگارکردنی شام (هەتەشە) لە هەمان ڕۆژی ئاگربەستەکەی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا دەستی پێ کرد، کە تەنیا لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا بوو بە مایەی ڕووخانی ڕژێم، ئەویش بە ڕەزامەندیی ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسرائیل و بە ئەرێی ڕووسیا، ئەویش بەرانبەر بە گرێبەستی پەیوەست بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا، بە پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆی تورکیاش. فەرماندەکانی ئێرانی داواکارییەکی سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەدیان ڕەت کردەوە، کە داوای یارمەتیی سەربازیی کردبوو لەو شەڕەی دژ بە یاخیبووان، چونکە ترسی هێرشی ئیسرائیلیان هەبوو بۆ سەر فڕۆکەکانیان. ئەوەی ڕاددەی مەترسیداریی دۆخەکە دەخاتە ڕوو، ڕووداوی ئەو فڕۆکەیەی ئێران بوو کە لە پاش هەڕەشەی گورزێکی ئیسرائیل، ناچار بوو بگەڕێتەوە.

سەرباری ئەوە، لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد سووریا پێ دەنێتە قۆناغێکی ئاڵۆزی ڕاگوزەرەوە، کە لەسەر ئاستی هەرێمی و بەتایبەتی بۆ سەر عێراق، ڕەنگدانەوەی گەورەی دەبێت. لە ڕێی شرۆڤەکردنی دۆخی ئێستا، گەلێك جووڵە هەیە وا پێ دەچێت کە ئامانجی دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکەی هەبێت، تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵی باڵای دەبێت لە نەخشەڕێژکردنی ڕێڕەوی ئایندەدا.

**لە سووریا چی دەقەومێت؟**

وێڕای ئەوەی هەندێك شێوەی لێکچوونی دۆخی سووریا لەگەڵ هەڵزنانی بزووتنەوەی تاڵیبان بەرەو تەختی دەسەڵات لە ئەفغانستاندا هەیە، بەڵام دۆخی سووریا بە تەواوی جیایە، چەندین نەتەوە و تایەفە هەن کە دۆخی توانای سەربازی و ئایدیۆلۆژیای جیاوازیان هەیە. کۆمەڵگەی سووریاش بە تەبیعەت کۆمەڵگەیەکی عەلمانی و پراگماتییە، توندڕەویی ئایینی ڕەت

**فاکتەری ڕاستەوخۆ لە ڕووخاندنی بەشار ئەسەد، سەرکەوتنی ئیسرائیل بوو لە گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لەسەر زەوی، لە غەززە و باشووری لوبنان و لەناو بردنی سەرکردەکانی حەماس و حزبوڵڵا و هێزی ئێران لە سووریا**

**گەلێک جووڵە هەیە وا پێ دەچێت کە ئامانجی دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکەی هەبێت، تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵی باڵای دەبێت لە نەخشەڕێژکردنی ڕێڕەوی ئایندەدا**

**پتر لە پەنجا بنکەی سەربازیی ئێران لە سووریادا جێگیر بوون، هاوکات ئێران پشتیوانیی لە حزبوڵڵای لوبنان و گرووپی دیکەش دەکرد کە لە سووریادا کاریان دەکرد**



دەکاتەوە، بەتایبەتی کورد و عەلەوی و درووز و کریستیان و ئیسماعیلی و زۆرینەی سوننەش. نەخاسمە کە سوننە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەتایبەتی لە حەما، باجی توندڕەویی ئیسلامیی دا.

لە سایەی ئەم هەلومەرجەدا، بە تەبیعەتی حاڵ، مەزندە ناکرێت یەك هێزی سیاسی بتوانێت هاوسەنگییەکی ئەرێنیی هێز و دیدێکی ئایندەیی بۆ هەمووان بسەپێنێت. لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵگەی سووریا شەکەت و ماندووە، لە ئاکامی ١٤ ساڵ شەڕ و سزای ئابووری و هی دیکەوە، سەرەنجام ئەوان ئامادەن پشتیوانی لە هەر حکومەتێك بکەن کە ئاشتی و خۆشگوزەرانییان بۆ دابین دەکات، بە لای کەمەوە کوالێتیی ژیان هەندێك بەرەو باشی ببات، بۆیە دەبینین سەرکردەی گرووپەکە، ئەبوو محەمەدی جۆلانی (ئەحمەد شەرع)، هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دووبارە ناولێنانی ڕێکخراوەکەی و لایەنانی سیاسیی خۆی، بۆ ئەوەی خۆی وەك گرووپێکی فرە میانڕەو بخاتە ڕوو، بەڵام ئەگەریش هەیە گرووپی جیهادیی دژ بە جۆلانی پەیدا ببن. بۆیە باشترین چارەسەر بۆ سووریا دروستبوونی فیدراڵییە بۆ کورد و درووز و عەلەوی، دیمەشقیش وەك پایتەختێکی لاوازی سیمبولی بمێنێتەوە.

## کاریگەریی ڕەوشی سووریا بەسەر دەوڵەتانی دراوسێوە

### ئێران:

ئێران یەکەم لایەن بوو پشتیوانیی لە بەشار ئەسەد کرد، پتر لە پەنجا بنکەی سەربازیی ئێران لە سووریادا جێگیر بوون، هاوکات ئێران پشتیوانیی لە حزبوڵڵای لوبنان و گرووپی دیکەش دەکرد کە لە سووریادا کاریان دەکرد. سوپای پاسدارانی ئیسلامی و هێزی چەکداری بن کۆنترۆڵی ئەو، ڕێنمایی ڕاستەوخۆیان بۆ هات کە بەشداری لە کردارەکانی ئەو کاتەدا نەکەن. ڕووخاندنی ئەسەد بە شێوەیەکی نەرێنی کاری لە ئاسایشی ئێران کرد. دەوڵەتانی ڕۆژاوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ئێران، پشتیوانییان لە ئۆپۆزسیۆنی چەکداریی سووریا کرد. ئیسرائیل ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد، کە خاکی سووریا بۆ گواستنەوەی چەکی تایبەت بۆ حزبوڵڵا لە لوبنان بەکار دەهێنێت، ئێستا نە ئێران و نە حزبوڵڵا لە سووریا نەمان.

(ماکۆس شنایدەر) سەرۆکی پرۆژەی «ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا» لە دامەزراوەی «فریدریش ئیبرت»، گوتی: «ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کار لە دەسەڵاتی ئێران دەکات لە نێو ئەوەی پێی دەگوترێت «بەرەی مەقاوەمە» کە دژ بە ئیسرائیلە، کە حزبوڵڵا و یاخییانی حووسی لە یەمەنیش دەگرێتەوە.

**مەزندە دەکرێت ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر گرووپ و ڕێکخراوە چەکدارییەکانی شیعەی سەر بە ئێران لە عێراقدا، ئیدی لێرەوە پێویستە سەرکردایەتیی عێراق کار بۆ کەمکردنەوەی بوونی ئێران لە عێراقدا بکات**

**داخستنی دەروازەکانی سووریا ڕەنگە عێراق ناچار بکات، بە دوای بەدیلی دیگەدا بگەڕێت بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ئەورووپادا، ئەمەش خەرجیی بازرگانی بەرز دەکاتەوە و پێگەکەشی لاواز دەکات**

**ئایندەی عێراق بەندە بە ڕاددەی توانای لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان گوشاری نێودەوڵەتی و هەرێمی و دابینکردنی بەرژەوەندیی ستراتیژییانەی خۆیدا**



ئەگەر دۆخ هەڵایسێت، ڕەنگە لە سنووری باکووری کەفکاس، بە گوێرەی چەند ژێدەرێك، تەوەری جەنگێك هەڵدەگیرسێت. باشووری کەفکاس واتە (بەشی باشووری زنجیرە چیای کەفکاس و خاکی دەشتاییەکەی، کە سنووری نێوان کیشوەری ئەورووپا و ئاسیایە، لە باشووری ڕووسیاوە بەرەو سنووری تورکیا و ئەرمینیا درێژ دەبێتەوە، لە نێوان دەریای ڕەش لە ڕۆژئاواوە تا دەریای قەزوین لە ڕۆژهەڵاتەوە بەدەم ئێرانەوە). شنایدەر گوتیشی: «شکستی ئێران لە سووریا هاوشێوەی شکستی یەکێتیی سۆڤێت بوو لە ئەفغانستاندا، خۆ ڕەنگە واتای کۆتاییهاتنی ڕژێمی ئیسلامی بێت لە تاراندا.

کاریگەریی ڕەوشی سووریا بەسەر عێراقەوە:

لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد مەزندە دەکرێت، سووریا کێشەی بۆشایی ئەمنیی بۆ دروست ببێت، کە درێژایی سنوورەکەی لەگەڵ عێراقدا یەك دەگرێتەوە، ئەمەش ئەگەری هەڵکشانی نائارامیی تایەفەخوازی بەرز دەکاتەوە، لە ڕێی چالاککردنی جموجووڵی گرووپە توندڕەوەکانی وەك

ڕێکخراوی داعش، کە سوود لەو بۆشاییە ئەمنییە وەربگرن و دووبارە خۆیان ڕێك بخەنەوە و جێگیر بن، بە هەمان شێوە هەندێك گرووپی چەکدار ئەم ڕەوشە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی هەژموونی خۆیان بەهێز بکەن، بەتایبەتی لەسەر سنووری عێراق و سووریا، ئەمەش هەڕەشەی هەڵایسانی ململانێی تایەفی لە عێراقدا دروست دەکات، مەترسییەکەش لە سێگۆشەی سوننەوە دێت، کە ئامێزە بۆ توندڕەویی ئایینی لە عێراق و بیابانی شام و ناوچەی دێرەزور و ئەلبووکەمالدا، ئەو ناوچانەش هاوسنووری عێراقن. پێشبینی دەکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانیی لە ستراتیژێك دەکات کە ئامانجی داخستنی دەروازەکانی سنوورە، ئەمەش ڕێگر دەبێت لە ڕایەڵی پەیوەندیی نێوان حزبوڵڵا و هاوپەیمانانی هەرێمییەوە.

هەر بۆیە، مەزندە دەکرێت ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر گرووپ و ڕێکخراوە چەکدارییەکانی شیعەی سەر بە ئێران لە عێراقدا، ئیدی لێرەوە پێویستە سەرکردایەتیی عێراق کار بۆ کەمکردنەوەی بوونی ئێران لە عێراقدا بکات.

دوای ڕووخانی ئەسەد، ڕەنگە تەرازووی هێزی نێوان بەغدا و دیمەشق بگۆڕێت، ئەویش بە کاریگەریی بەرژەوەندیی ئەمریکا، تەلەبیب هانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دەدات، دەروازەکانی سنووری سووریا قایم بکەن و ڕێ بە هیچ ئاسانکارییەك نەدرێت کە ببێتە مایەی پشتیوانیکردن لە حزبوڵڵا و گرووپی دیکەی دژبەری ئیسرائیل. داخستنی دەروازەکانی سووریا ڕەنگە عێراق ناچار بکات، بە دوای بەدیلی دیکەدا بگەڕێت بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ئەورووپادا، ئەمەش خەرجیی بازرگانی بەرز دەکاتەوە و پێگەکەشی لاواز دەکات، وەك ناوەندی هەرێمی، ڕەوشەکە ئاماژە بەوە دەکات کە داخستنی دەروازەکانی سنووری نێوان سووریا و عێراق ڕەنگە بەشێك بێت لە پلانێکی ستراتیژی و ئەمریکا پشتیوانیی لێ دەکات بۆ دابڕینی حزبوڵڵا و بڕینی کۆمەك و پشتیوانیکردنی، ڕەنگە ئەم داخستنی سنوورە وەك کارتی گوشار دژ بە عێراق بەکار بێت، بۆ ئەوەی لە هاوپەیمانیی هەرێمیی دژ بە بەرژەوەندیی ئەمریکای دووری بخاتەوە. وێڕای ئاستەنگەکان عێراق دەرفەتی ئەوەی هەیە کە وەك ناوبژیوانی هەرێمی خۆی بخاتە ڕوو بۆ بەدیهێنانی ئارامی، لە پاڵ جەختکردنەوە سەر بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆی لە گەرمەی ململانێی هەڵایساوی جیۆسیاسیدا.

لە کۆتاییدا، ئایندەی عێراق بەندە بە ڕاددەی توانای لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان گوشاری نێودەوڵەتی و هەرێمی و دابینکردنی بەرژەوەندیی ستراتیژییانەی خۆیدا، بە بێ ئەوەی بگلێتە نێو ململانێی گەورەی هەرێمییەوە. هەر چۆنێك بێت، چیدی بوار بۆ درێژەدان بە دروشمەکانی گرووپەکانی عێراق، ئەوانەی پەیوەستن بە بەرەی مقاوەمەوە، نەماوە.

**ڕووسیا:**

ڕووسیا گرنگترین بنکە و ناوچەی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست لەدەست دا. سووریا لە ساڵی سەربەخۆیی ئەو وڵاتەوە لە ١٩٤٦وە ناوچەیەکی هەژموونی سۆڤێت و پاشان ڕووسیا بوو، لوکیانۆف ئاماژە دەکات، کە پێشینەی سەرەکیی ڕووسیا پرۆسەی سەربازیی ئۆکرانیایە. «ئەلکسەندەر گابۆییف» بەڕێوەبەری کارنیگی بۆ ڕووسیا و ئۆراسیا گوتی: «ئەوەی ڕووی دا، گورزێکی گەورە بوو بۆ هەژموونی هەرێمایەتیی ڕووسیا و ناوبانگەکەی». ئایدیۆلۆژستی توندڕەوی نەتەوەیی ڕووس «ئەلکسەندەر دۆگین» بەم چەشنە پەسنی ڕووداوەکەی کرد «ڕووداوێکی کارەساتبار بوو».

بە کۆتاییهاتنی هەژموونی ئێران لە سووریا، ململانێی تورکیا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو و سعوودیە لە سووریا دێتە پێش، لەم بوارەشدا ئیسرائیل براوەی یەکەمە، دوای ڕووخانی ئەسەد بە سێ ڕۆژ، ئیسرائیل هێرشی زۆر چڕی کردە سەر توانا سەربازییەکانی سووریا، بە ئاسمانی و دەریایی و وشکانییەوە، بەم هێرشانە سووریای لە ڕووی توانای سەربازییەوە گەڕاندەوە بۆ بەر لە سەردەمی سەربەخۆیی.

**تورکیا:**

تورکیا لەم کاتەدا دەستێکی باڵای هەیە لەوەی ئێستا لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە لە سووریا ڕوو دەدات، سەبارەت بەو شوێنانەی داگیری کردوون، بەتایبەتی عەفرین، پێم وا نییە لێیان بکشێتەوە، بەڵکوو دەیانخاتە سەر تورکیا،

**به کۆتاییهاتنی هەژموونی ئێران له سووریا، ململانێی تورکیا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو و سعوودیه له سووریا دێته پێش، لەم بوارەشدا ئیسرائیل براوەی یەکەمه**

**تورکیا لەم کاتەدا دەستێکی باڵای هەیه لەوەی ئێستا له ڕووی سیاسی و سەربازییەوە له سووریا ڕوو دەدات**

**ئەگەر ئاوڕ له کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوخۆی نەداتەوە، به دووری نازانم پشێوی و شۆڕشێکی جەماوەری دژ به ڕژێم لەوێش بەرپا ببێت**

وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٤دا لە قوبرس کردی، هاوکات گۆڕانی دیموگرافی لە ناوچەکەدا بەرپا دەکات، هەر ئەمەشە ئەمڕۆ بە گوێرەی میساقی میللی ڕوو دەدات.

هەڵبەت ئەگەر تورکیا پرسی کورد لە ناوخۆدا چارەسەر نەکات، ئەگەر ئاوڕ لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوخۆی نەداتەوە، بە دووری نازانم پشێوی و شۆڕشێکی جەماوەری دژ بە ڕژێم لەوێش بەرپا ببێت. فەیلەسووفی ڕووس «ئەلکسەندەر دۆگین» دەڵێت: «سووریا بۆ ئەردۆغان تەپکە و داو بوو». هەر بە گوتەی ئەو، ناپاکیی لەگەڵ ڕووسیا و ئێراندا کرد، بڕیاری خۆ بە فەتارەتدانی دا، ئێستا کۆتایی تورکیا دەستی پێ کرد. دۆگین دەشڵێت: «تا ئێستا پشتیوانیمان کردوون، بەڵام لە ئێستا بە دواوە تۆبە دەکەین».

**سەبارەت بە کاریگەریی ڕووداوەکانی سووریا بەسەر هەرێمی کوردستانەوە:**

ئاشکرایە هەر چییەك پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێت، هەموو لایەنەکان لەسەری کۆکن و ڕێك دەکەون، لێرەدا بە چەند خاڵ باسی ئەو مەترسییانەی سەر هەرێمی کوردستان دەکەین:

١- بوونی قەسەدە بە ناوی (نەتەوەی دیموکرات)ـەوە لە ناوچەکانی عەرەبنشیندا، کە دروشمێکی تۆپاوییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕەنگە لە لایەکەوە ململانێی نەتەوەیی لێ بکەوێتەوە، کە بچووکبوونەوەی سنووری نەتەوەیی کوردستانی سووریای لێ دەکەوێتەوە، لە ڕێی ئەوەی ناوچەی ناکورد بخرێتە سەر جوگرافیای ئیدارەی خۆسەر، پاشان لاملیی سەرکردایەتیی «پ.ی. د» لە ڕووی ڕێککەوتن لەگەڵ «ئەنەکەسە»دا بۆ بەهاناوە چوونی ڕەوشەکە.

٢- ئەگەر قەسەدە هەژموونی خۆی لەدەست بدات، ئەوا بۆشاییەك جێدەهێڵێت و دەبێت پڕ بکرێتەوە، نەبادا کورد ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە، وەك ئەوەی لە عەفرین و سەرێکانی و گرێ سپی ڕووبەڕووی بوونەوە.

٣- مەترسیی ڕاستەقینە لە گەڕانەوەی داعش بە شێوەیەکی دیکە هەیە، نەخاسمە کە ١٠ هەزار داعش لە زیندانی غوێران و کەمپی پەنابەرانی (هۆل)دا دەستبەسەرن. سەرەنجام قووڵایی کوردستانی سووریا هێڵێکی بەرگرییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەر گۆڕانێکی نەرێنی ڕوو بدات، نەرێنییانە کار لە ئاسایشی باشووری کوردستان دەکات.

٤- بە دووری نازانین کە ناوچەکانی کورد دوایین ناوچەی ململانێی گەرم بن لە وڵاتەکەدا، بە هۆی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و جیۆسیاسییەوە.

**دواجار، پێویستە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان ئەك کارانە بکات:**

١- کار بۆ بەجێگەیاندنی پڕۆژەی سەرۆك مەسعوود بارزانی بکات، تایبەت بە هەردوو ڕێککەوتننامەی هەولێر و دهۆك، بە ئامانجی بەدیهێنانی گوتاری یەکگرتووی سیاسی و داخوازیی کورد لە چوارچێوەی ستراتیژێکی دیاریکراودا، ئەگەرنا کورد لە گەمەکە بەشخوراو دەبێت.

٢- بیر لە دۆزینەوەی ڕێکارێك بکرێتەوە بۆ ڕەوانەکردنی پێشمەرگەی ڕۆژ، ئەگەر پێویست بوو بە ڕێککەوتن لەگەڵ قەسەدە، یان بە شێوەیەکی دی.

٣- گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کورد لە هەرێمەوە بەرەو ماڵوحاڵی خۆیان (یەکسەر دوای جێگیربوونی ڕەوشەکە)، چونکە گۆڕانی دیموگرافی ئیدی بووەتە مەترسییەك بۆ سەر ناوچەی جزیرە لە نێویشیاندا قامیشلۆ وەك پایتەختی هەرێمی داهاتوو.

٤- پێم وایە دروستکردنی ڕایەڵی پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕژێمی تازەدا کارێکی پێویستە و دەبێ نووسینگەیەکی هەرێم لە دیمەشق بکرێتەوە بەرانبەر بە کردنەوەی کونسوڵخانەی سووریا لە هەولێر.

هەرچەندە دەستەی ڕزگارکردنی شام (هەتەشە) پاشخانێکی ئایینی توندڕەو و جیهادیی هەیە، بەڵام بە بڕوای من بەرەو باشتر دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگەی سووریادا بگونجێت، من بەوە گەشبینم.

پاشان، بە بێ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سووریا، وڵات ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت، بە هەمان شێوە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیاش ئارامی و ئاسایش نابینن.

**سەرەنجام قووڵایی کوردستانی سووریا هێڵێکی بەرگرییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەر گۆڕانێکی نەرێنی ڕوو بدات، نەرێنییانە کار لە ئاسایشی باشووری کوردستان دەکات**

**دروستکردنی ڕایەڵی پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕژێمی تازەدا کارێکی پێویستە و دەبێ نووسینگەیەکی هەرێم لە دیمەشق بکرێتەوە بەرانبەر بە کردنەوەی کونسوڵخانەی سووریا لە هەولێر**

**بە بێ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سووریا، وڵات ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت، بە هەمان شێوە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیاش ئارامی و ئاسایش نابینن**



**نووری بریمۆ**، سیاسەتمەدار:

# ڕژێمی ئەسەد دوایین قەڵای حزبی بەعس و حوکمڕانیی عەلەوییەکان بوو کە جارێکی دیکە لە سووریا دەسەڵات ناگرنەوە دەست

نووری بریمۆ، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دێرینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریایە، لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، زۆر بە وردی لەسەر ئەو فاکتەرانە هەڵوەستەی کرد، کە بوونە هۆکاری کەوتنی ئەو ڕژێمە و بەمجۆرەش دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:

زۆر سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەم دەرفەتەی ڕەخساند، بۆ ئەوەی زۆر ڕاشکاوانە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەین، کە ئەویش کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و دەرهاویشتەکانیەتی لەسەر کورد و ناوچەکەیە.

ئێمە وەك کورد، ئامادەین لە هاوکێشەی تازەی سووریادا، بۆیە پێویستمان بەوەیە گوێ لە بەرانبەری خۆمان بگرین، ئەوجا بەرانبەر دۆستەکانمان، یان دوژمنەکانیشمان بن.

من وەك سیاسەتمەدارێك کە ماوەی ٥٢ ساڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سووریا کار دەکەم، وای دەبینم، ئەو دیمەنەی ئێستای سووریا دیمەنێکی زۆر ئاڵۆز و جیاوازە و، مەزندە دەکەم لای هەموو کاراکتەرە سەرەکییەکانیش ئەم هاوکێشە هەر ئاڵۆز بێت، بەوانەشی کە لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا بڕیاربەدەستن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کەوتنی ڕژێمی ئەسەد ڕووداوێکی ئەرێنییە بۆ سووریا و بۆ دەرەوەی سووریاش، لەبەر ئەوەی ڕژێمی ئەسەد قەڵای ستەمکاری بوو، دوایین قەڵای حزبی بەعس و حوکمڕانیی عەلەوییەکان بوو، کە جارێکی دیکە لە سووریا دەسەڵات ناگرنەوە دەست.

ئەو ڕژێمە هەتا سەر ئێسقان کوردی چەوساندووەتەوە. هۆکارێك بوو بۆ داپۆشینی دۆزی کورد لە سووریادا، بە هیچ جۆرێك لە دەستووری ئەو وڵاتەدا ناوی کورد نەهاتووە، شۆڤێنییەتی دەسەڵات، بووە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەکی گەورە لە نێوان شەقامی کوردی و عەرەبی لە سووریا دروست بکات.

ئێمە وەك کورد لە سووریا کێشەیەکی دیکەمان هەیە، ئەویش بوونی چەکدارانی پەکەکەیە لە ڕۆژئاوا، پەکەکە وای کرد کە لە نێوان شەقامی کوردی و عەرەبیدا خوێن بکەوێتە نێوانمانەوە. هێزەکانی پەکەکە لە «تەل ڕەفعەت، ڕەققە، دێرەزور» هەن، کە ئەمانە هەمووی ناوچەی عەرەبنشینن و کاری زۆر خراپیان کردووە و خەڵکیان لێ کوشتوون. من خۆم خەڵکی عەفرینم کە دراوسێی «تەل ڕەفعەت»ین. سەمیر نەشار کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا پەیوەندیی پێوە کردم و پێی گوتم: «چەکدارانی پەکەکە هاتوون و تەل ڕەفعەتیان داگیر کردووە، ئایا تەل ڕەفعەت کوردستانە؟ هاتوون لەسەر خاکی خۆمان ڕۆڵەکانی ئێمە دەکوژن، لەبەر چی؟»، هەر ئەو کات سەمیر نەشار پێی گوتم: «چەکدارانی پەکەکە بەرەو ڕەققە و دێرەزور دەچن، هەرچەندە من مەزندەم نەدەکرد، بچنە ئەو شوێنانە، بەڵام دواتر چوون و دەستیان بە سەر شارۆچکەیەکی سووریدا گرت کە ناوی (باغۆرە) لە سنووری عێراق و ناوەکەیان گۆڕی و کردیان بە «باهۆز».

ئەم کەوتنە خێرایەی ڕژێمی ئەسەد گۆرانییەکی ئوم کەلسومم بیردینێتەوە کە دەڵێت: «كَانَ صَرْحًا مِنْ خَيَالٍ فَهَوَي»، ئەمەش بەو مانایەی ڕژێمی ئەسەد بۆ گەلی سووریا ببووە گورگ و تێیان بەر ببوو، بەڵام لە پڕێکدا گۆڕا بۆ کەروێشك و هەڵات، سەرنج بدەن ماوەی نێوان حەلەب و حەما ١٤٥ کیلۆمەترە، هەروەها دەوروبەری دیمەشق هەمووی بنکە و بارەگای سەربازییە، بەڵام لە چاوتروکانێکدا بوو بە کەروێشك و هەڵات، بەبێ ئەوەی ئەفسەرەکانی خۆیشی ئاگادار بکاتەوە.

لێرەوە ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ئەم سیستمە تازەیە بکەین، کە ئێستا لە دیمەشق دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، دەبێت ئەوە لەبەر چاوبگرین کە لەپشت هەیئەی تەحریری شامەوە هێزێکی گەورەی دەرەکی هەیە. دەڵێن جارێکیان پرسیار لە عەنتەر بن شەداد دەکرێت و پێی دەڵێن: تۆ چۆن دەڵێیت من بە تەنیا دەتوانم شەڕ لەگەڵ ١٠٠٠ چەکدار بکەم، ئایا ئەمە درۆ نییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: «شەڕیان لەگەڵ دەکەم، ئەگەر هەزار چەکدار لە پشتمەوە بن»، ئەم بەسەرهاتە ئەوەمان پێ دەڵێت، لە پشتی هەیئەی تەحریری شامەوە هێزێکی گەورە هەیە، ئەم واقیعەی ئێستا پێمان دەڵێت هێزی گەورەی نێودەوڵەتی و هەرێمی دەستیان لەم گۆڕانکارییانەی سووریادا هەیە، ئەحمەد شەرع ئەگەر لەلایەك خزمەتی سووریا و تورکیا بکات، ئەوا لەلایەکی دیکە خزمەتی لایەنی دیکە و هێزی دیکەی ناوچەکەش دەکات، ئەگەر سەرنج بدەین ئەمانە دەخوێنینەوە:

- ڕۆڵی ڕووسیا لە ناو سووریا کۆتایی هات و کشایەوە.
- ڕۆڵی باڵادەستیی ئێران لە ناوچەکەدا

**وەک کورد لە سووریا کێشەیەکی دیکەمان هەیە، ئەویش بوونی چەکدارانی پەکەکەیە لە ڕۆژئاوا، پەکەکە وای کرد کە لە نێوان شەقامی کوردی و عەرەبیدا خوێن بکەوێتە نێوانمانەوە**

**دەبێت ئەوە لەبەر چاوبگرین کە لەپشت هەیئەی تەحریری شامەوە هێزێکی گەورەی دەرەکی هەیە**

**ئەحمەد شەرع ئەگەر لەلایەک خزمەتی سووریا و تورکیا بکات، ئەوا لەلایەکی دیکە خزمەتی لایەنی دیکە و هێزی دیکەی ناوچەکەش دەکات**

**ڕۆڵی باڵادەستیی ئێران لە ناوچەکەدا کۆتایی هات، لینکی نێوان «تاران، بەغدا، دیمەشق، بەیروت» پچڕێندرا**

**ئێمەی کوردی سووریا، تەنیا یەک بژارە لە بەردەممان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر کەسێک لە دیمەشق دەسەڵاتی لە دەستدا بێت، دەبێت بە ئەقڵانی مامەڵەی لەگەڵ بکەین**

**هێزەکانی سووریای دیموکرات زیانێکی گەورەیان بە دۆزی کورد لە سووریا گەیاندووە، لە ئێستاشدا بە هیچ جۆرێک بیر لە دۆزی کورد لە سووریا ناکەنەوە**

**دەبێت شەقامی کوردی بێتە دەنگ و داوا بکات، چەکدارانی پەکەکە لە قامیشلۆ و عامووودا بچنە دەرەوە و بگەڕێنەوە بۆ قەندیل و شارەکانی ئێمە تێکەڵی شەڕ نەکەن**

کۆتایی هات، لینکی نێوان «تاران، بەغدا، دیمەشق، بەیروت» پچڕێندرا.

● هێزی سووریای دیموکرات، دەبێتە هێزێکی داواکراو لەسەر ئاستی ناوخۆی سووریا، لەبەر ئەوەی زۆر خراپ بوون لەگەڵ خەڵکەکەیدا بەتایبەتی لەو شارە عەرەبانەی چوونە ناویەوە.

● لەوانەیە تورکیا بیر لە هێرشکردن بۆ سەر ڕۆژئاوا بکاتەوە.

لە ناو ئەم واقیعە دژوارەدا، عەلەوییەکان ترسی ئەوەیان هەیە بکەونە بەر شاڵاوی تۆڵەسەندنەوە، بەڵام ئێمەی کورد دوو ترسمان هەیە، یەکەمیان ترسی ئەوەی کە سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل وازمان لێ نەهێنن و ببنە بیانوو بۆ ئەوەی تورکیا هێرشمان بکاتەسەر، ترسی دووەممان ئەم سیستمە تازەیەیە کە چۆن دەستووری تازە دەنووسێتەوە و مامەڵەمان لەگەڵ دەکات.

ئێمەی کوردی سووریا، تەنیا یەك بژارە لە بەردەممان هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر کەسێك لە دیمەشق دەسەڵاتی لە دەستدا بێت، دەبێت بە ئەقڵانی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی لانیکەم بتوانین شارەکانی خۆمان لە کاولبوون بپارێزین، بۆیە ئەولەوییەتی ئێمە دەبێت ئەوە بێت کێ لە دیمەشق دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، مامەڵەی لەگەڵ بکەین و دانوستاندنی لەگەڵ دەست پێبکەین.

ئێمە لەم کۆڕە موناقەشەی جددی لەسەر پرسێکی زۆر هەستیار دەکەین و لە ناو مزگەوتێك نین تا وەعز بە خەڵك بدەین، دەبێت هاوکێشە سیاسییەکە وەك خۆی بخوێنینەوە. هێزەکانی سووریای دیموکرات زیانێکی گەورەیان بە دۆزی کورد لە سووریا گەیاندووە، لە ئێستاشدا بە هیچ جۆرێك بیر لە دۆزی کورد لە سووریا ناکەنەوە، تەنیا ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکەن کە لە قەندیلەوە بۆیان دێت، بۆیە لە ئێستادا دۆزی کورد لە سووریا پێویستی بەوەیە کە کەسانێك ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیمەش مامەڵە بکەن، بۆ ئەوەی زەمینەیەك بێنێتە ئاراوە بە مافەکانی خۆمان بگەین، پێویستمان بەوە نییە هێزەکانی سووریای دیموکرات بە فەرمانی پەکەکە شارەکانمان بکەن بە سەربازگە.

نورەدین زازا کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزاڤی کورد لە سووریا و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا بوو، لە کۆبوونەوەکانیدا بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکرەوە و پێی دەگوتین: «ئەگەر ئێمە وەك کوردی سووریا بیر لە چەك بکەینەوە، خۆمان ماڵوێران دەکەین»، بۆیە ئێمەی کوردی سووریا، دەبێت بڕوامان بە دیالۆگ هەبێت، لەبەر ئەوەی تەنیا بە دیالۆگ دەگەینە چارەسەرێك، وەك لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێ کرد، ئێمە لاوازترین ئەڵقەی ناو هاوکێشە تازەکەی سووریاین، ڕاستە ئێمە لە دوای عەرەبی سوننە گەورەترین پێکهاتە و نەتەوەین لە سووریادا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئێمە لە باکووری ئەورووپا ناژین، بەڵکو ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین، پەندێکی کوردیمان هەیە کە دەڵێت: «هەمان تاس و هەمان حەمامە» با چارەنووسی ئێمەش وا نەبێت.

لە دوماهیدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئێمە وەك کورد دەبێت زۆر بە ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا بکەین. دەبێت شەقامی کوردی بێتە دەنگ و داوا بکات، چەکدارانی پەکەکە لە قامیشلۆ و عامووودا بچنە دەرەوە و بگەڕێنەوە بۆ قەندیل و شارەکانی ئێمە تێکەڵی شەڕ نەکەن، ئەگەر شەڕ دەکەن، با لە شوێنی خۆیان بیکەن، بەڵام ئێمە نەکەنە سووتەمەنیی ئەو شەڕە نەخوازراوەی ماڵی کوردانی سووریا وێران دەکات.





### شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# هیچ بیرمەندێک مەزندەی ئەوەی نەکردووە کە پێش کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٢٤ ئەم گۆڕانکارییە گەورانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێنە ئاراوە

**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە و، یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە زۆر بە وردی و چڕی بەدواداچوون بۆ ڕووداوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەکات، لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بەم جۆرە دیدوبۆچوون و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە هەتا ئێستا، ئەمە یەکەمین جارە وەرچەرخانی گەورەی بەم شێوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێتە ئاراوە و باڵانسی هێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە بەم جۆرە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

ئەوەی لە ناو دیمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیبینین زیاتر لە خەیاڵێکی سیاسی «political fiction» دەچێت و، کەم تا زۆر هیچ بیرمەندێك مەزندەی ئەوەی نەکردووە کە پێش کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٢٤ ئەم گۆڕانکارییە گەورانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێنە ئاراوە، لە هەناوی ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەدا، بمانەوێت یان نەمانەوێت، جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داهاتوو نابێتەوە بەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی پێشوو، یان ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێمە بینیومانە و ناسیومانە.

ئاراستەی خێرای گۆڕانکارییەکان ئەوەمان پیشان دەدەن، ئەوەی هەتا ئێستا ڕووی داوە و بینیومانە، ڕووداو و گۆڕانکاریی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پرسەکە زۆر لەوە گەورەترە کە بە کەوتنی بەشار ئەسەد، یان تێکشکانی حزبوڵڵای لوبنانی چوارچێوەکەی دیاری بکرێت، بەڵکو دەرهاویشتەی ئەم گۆڕانکارییانە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی ئەو سیستمی کە پێی دەگوترا «سیستمی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست» مرد و ناوچەکە چاوەڕێی سیستمێکی نوێ دەکات، کە هێشتا لەدایك نەبووە.

لە کۆڕبەندی مێپس کە تایبەت بوو بە ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە مانگی ڕابردوو لە زانکۆی ئەمریکی-کوردستان لە دهۆك بەڕێوە چوو، د.ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا، زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە نەخشەی ئەم ناوچەیە بەسەر گەلانی ناوچەکە سەپێندرا، بۆیە نابێت نەخشەی ئەم جارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەرماندا بسەپێندرێت. داد ئۆغلۆ جیا لەوەی بە سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون لەقەڵەم دەدرێت، لە هەمان کاتدا وەك بیرمەندێکیش مامەڵە لەگەڵ بۆچوونەکانی دەکرێت، بەتایبەتی کە خاوەنی تیۆری «سفر کێشە- zero problem» بۆ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا ئەو سیاسەتەی ئابووریی تورکیای هەڵساندەوە و کردی بە ئەندامی گرووپی (G20).

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ئەگەری گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بکەین، ئەوا زۆر بە سادەیی وەك دەڵێن: «ئەم کاسەیە لەسەر سەروەریی دەوڵەتدا دەشکێ»، ڕاشکاوانەتر لە ناو سیستمی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەروەریی دەوڵەت پێویستی بە پێناسەیەکی دیکە دەبێت، ئەم بۆ چوونە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەروەها هەوڵدان بۆ دروستکردنی میلیشیای چەکدار لەسەر بنەمای مەزهەبی هەر لە پاکستانەوە تا دەگاتە باشووری لوبنان و یەمەن، هیچ بەهایەکیان بۆ سەروەریی دەوڵەت نەهێشتووەتەوە، دەوڵەتانی هەرێمیی بەهێز لە پشت ئەو گرووپانەوەن و بە هەموو شێوەیەکی لۆجیستی و مەعنەوی پشتیان گرتوون، باشترین نموونەش سەرکەوتنە خێراکەی هەیئەی تەحریری شام و سەرۆکەکەی (ئەحمەد شەرع)ـە، کە پێشتر ناوی ئەبوو محەمەدی جۆلانی بووە و یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریست و پاشانیش جەبهەی نەسرەو و دواتر داعش و ئێستا لە دیمەشق وەك سەرۆکی سووریا ڕەفتار دەکات و، ئەوەش ناشاردرێتەوە کە هێزی سەرەکی لە پشت ئەحمەد شەرعەوە، دەوڵەتی تورکیایە.

لە ناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا، هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئایندەی دۆزی کورد لە هەر چوارپارچەدا ئەرکێکی مێژوویی دەکەوێتە سەرشان، پەیامەکەی ئەم دواییەی لەسەر قسەکانی ئەحمەد شەرع بەرانبەر گەلی کوردی سووریا، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە سەرۆك بارزانی نایەوێت ئەو دەرفەتەی هاتووەتە پێشەوە بۆ کورد بەگشتی و کوردی سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی لە دەست بدرێت و دەیەوێت بە دیدێکی کوردانە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکرێت، نەك بە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ئایدیۆلۆژیەتی حزبی مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە هەستیارانەدا بکرێت، کە چارەنووسی ئێستا و ئایندەی دۆزی کوردی پێوە بەندە.

لەم گفتوگۆیەدا هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەوە کرایەوە، ئەم گۆڕانکارییانە دەرهاویشتەی نەرێنیی لەسەر هەرێمی کوردستان نابێت، بەڵام ئەوەی لەم بارودۆخەدا ناتوانرێت بە جێگیری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوەیە هەموو پرسەکان لە ناو ئەم وەرچەرخانە گەورەیەدا قابیلی ئەوەیە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بۆیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش پێویستمان بەوەیە بە زوویی ناوماڵی خۆمان ڕێك بخەینەوە و پەلە بکەین لە کاراکردنەوەی پەرلەمان و ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و هەوڵەکان یەك بخەین، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێنین.

دوایین خاڵ کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم و هەڵوەستەی لەسەر بکەم، پرسی دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپە وەك سەرۆکی ئەمریکا، کە نوێنەرایەتیی پارتی کۆماریی ئەمریکا دەکات. مێژووی ئەم پارتە هەر لە ئەبراهام لینکۆڵینەوە تا دەگاتە ترەمپ لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەڵات لەسەر زۆر پرسی گرنگی نێودەوڵەتی بڕیاری یەکلاکەرەوەیان داوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نیوسەدەی ڕابردوو، دەبینین تەنیا کۆمارییەکان توانییان بڕیاری گرنگ و یەکلاکەرەوە بدەن و کێشەکان ڕاست بکەنەوە، هەر کۆمارییەکانیش خۆیان بە میراتگری «سیستمی نوێی جیهان» دەزانن.

لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زەمینەی لەبار بۆ بڕیارە سەیرەکانی دۆناڵد ترەمپ هاتووەتە ئاراوە و لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥ـەوە دەستی پێ دەکات، لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش هەموو ئەگەرەکان بە کراوەیی ماونەتەوە، بەڵام بژاردەی دروست بۆ ئێمە وەك کورد ئەوەیە بە لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی تازەدا بکەین و پەلە لە ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی سیاسیی خۆماندا بکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕووبەڕووی ئالنگارییش ببینەوە، بە مامەڵەی لۆژیکانە بیگۆڕین بۆ دەرفەت و دەرفەتەکەش بۆ بەرژەوەندیی باڵای کوردستان بقۆزینەوە.

**سەرۆک بارزانی نایەوێت ئەو دەرفەتەی هاتووەتە پێشەوە بۆ کورد بەگشتی و کوردی سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی لە دەست بدرێت**

**ئاراستەی خێرای گۆڕانکارییەکان ئەوەمان پیشان دەدەن، ئەوەی هەتا ئێستا رووی داوە و بینیومانە، رووداو و گۆڕانکاریی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**سەرهەڵدانی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەروەها هەوڵدان بۆ دروستکردنی میلیشیای چەکدار لەسەر بنەمای مەزهەبی هەر لە پاکستانەوە تا دەگاتە باشووری لوبنان و یەمەن، هیچ بەهایەکیان بۆ سەروەریی دەوڵەت نەهێشتووەتەوە**



پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# باشترین بژاردە بۆ پێکهاتەکانی سووریا ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی نیشتمانی و ئاشتەواییە لەژێر دروشمی «سووریای نوێ تەنیا بۆ سوورپاییەکان»

**پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردیش گلۆپە، کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە، لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژیمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بەم جۆرە دیدوبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

قسەکردن لەسەر پرسی سووریا و دوای ئەم هەموو گۆڕانکارییانە، باسێکی ئاڵۆزە، هاوکێشەکان ئاڵۆزن، لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەکە لە ئازادکردن، ململانێ، بەرژەوەندی، ژێردەستە و چەوساوە، گەلێک زۆرن، سووریا جیاوازترە لە هەموو ناوچەکانی دیکە و وڵاتانی دەوروبەری، کە جەنگ تیایدا ڕووی داوە، یان ئازاد کراون. لە لایەکەوە ئەم جەنگ و ململانێیە زۆری خایاندووە و زیاتر لە دەیەیەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕانی سیاسی لەو وڵاتەدا ڕووی داوە، پێنج دەدیەیە دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری خوێنڕێژ زوڵمی تیادا دەکات و خەڵک دەچەوسێنێتەوە و تۆوی ڕق و کینەی تیادا چاندووە، ئەم بەرەیەی زاڵ کردووە بەسەر ئەو بەرەیەدا، پرسێکی گەورەی وەك پرسی نەتەوەیی کوردی تێدایە کە ١٠٠ ساڵە و بەرخودان تیایدا بەردەوامە، وابەستەیە بە پرسی کورد لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان. پرسی مەزهەبی لەو وڵاتەدا هەیە کە سەرچاوەی بەشی زۆری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هاوسنوورە لەگەڵ کۆمەڵێك وڵاتدا کە خۆیان ململانێ و گرژییان هەیە، بەتایبەتی لوبنان و عێراق و تورکیا و ئێستا ئیسرائیلیش.

هەندێك هاوکێشەی سیاسی تێك چوون، ئاوەژوو و بوونەتەوەوە، هەندێك وڵات هێزیان لەدەست داوە، کە مێژوویەك لەو وڵاتەدا خەباتیان کردووە و خەرجیان کردووە و سەربازیان بە کوشت داوە، هەندێك وڵات دەرفەتی زیاتری بۆ ڕەخساوە تا بێتە ناوەوە، هەندێك وڵات



داوای هەژموونی زیاتر دەکات، هەندێك وڵات دەیەوێت بە کەمترین زەرەر لە گەمەکە دەرباز ببێت. ئەمانە بە ئاسانی ڕاست نابنەوە و دڵڕازی ناکرێن و بێدەنگ ناکرێن، جگە لەوەش بوونی هێزی چەکدار و ئیسلامی سیاسی کە سەرچاوەی پشێوین، هێزی بیانی کە لە سووریا جێگیر کراون، کار بۆ ئەجێندای خۆیان دەکەن و بەرژەوەندیی سووریا لای ئەوان زۆر گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندیی خۆیان پارێزراو بێت، هێشتا بەرچاوڕوونییش نییە، ئەو مەتبەخە نێودەوڵەتییە کە ئێستا چاودێریی بارودۆخی سووریا دەکات و لە پشت ئەم ڕووداوانەوەیە، نییەتی چییە بۆ سووریا، سووریایەکی پڕ گێژاو و ناسەقامگیر، یان سووریایەکی سەقامگیر، لەوەش قووڵتر نەخشە نوێیەکە دیار نییە بۆ سووریا و ئایندەی ناوچەکە، تا ئەمانە ڕوون نەبن، ئاسان نییە بڕیاردان لەوەی ئایندەی سووریا چی بەسەردێت، چونکە ئەم مێژووە قووڵەی ململانێ وڵاتی دابەش کردووە هەر کۆمەڵێك حەق بە خۆی دەدات، هەر بەرەیەك، لایەك لەو وڵاتەدا خۆی بە ڕاست دەزانێت و ترسی لەوەی دی هەیە و بۆ پارێزگاری لە خۆی بیر لە چەندین میکانیزم دەکاتەوە، ئەگەر تەنانەت میکانیزمەکە جەنگ و ململانێی چەکدارییش بێت. ئەم دابەشبوونە بۆ کۆمەڵێك ڕیاڵیتی کاتی دەبێت بڕەوێتەوە و یەکتریان قەبووڵ بێت،

لەژێر دەستی دەرەکی و هاندەرەکانیان بێنە دەرەوە، دەبێت بە حوکمڕانییەکی ڕاگوزاری و بێلایەنیی چاودێریی بەهێزی نێودەوڵەتی ماوەیەکی زۆر و دوور لە چەك و جەنگ و گرژی و بەریەککەوتن ئەو وڵاتە بەڕێوە ببرێت، تاکو لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوە لە نێوان پێکهاتەکاندا دروست بکرێت و ڕەتکردنەوەی یەکتر لە زیهنییەتی تاکی پێکهاتەکانی وڵاتدا کاڵ بکرێتەوە. لە هەموو گرنگتر بڕیاری سوورییەکان خۆیانە کە بە دروشمی «سووریای نوێ تەنیا بۆ سووریایەکان»ـە، پڕۆژەیەك و ئاشتەواییەکانی نیشتمانی ڕاگەیەنن. کە تەنیا بە عەقڵی سووریایی بیر بکەنەوە، ئەو وڵاتە بۆ خۆیان پێکهاتەکانی سووریا و هاووڵاتیانی بە ڕەگەز سووری بونیادی بنێنەوە، چونکە ئەوان قوربانیدەری یەکەمی ئەو هەموو ساڵە زوڵم و ستەمەی ڕژێمی ئەسەد و جەنگ و ململانێکانی ئەم دواییەش بوون. لە ئەگەری دروست نەبوونی سەقامگیری لە وڵاتەکەیاندا هەرخۆیان قوربانی دەدەن، ئەوەی دی جەنگی بەرژەوەندیی خۆی و شەڕی هاوکێشەکان دەکات، بە وەکالەتیش دەیکات خۆی دەستی ناسووتێت. باشترین میکانیزمیش بۆ گەیشتن بەم پرۆژە نیشتمانییە لێکتێگەیشتن و دیالۆگی نێوان پێکهاتەکانە، وەك ئەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە ڕاگەیاندراوەکانی تایبەت بە سووریا لەم ڕۆژانەدا جەختی لەسەر کردووە.

**هەر بەرەیەک، لایەک لەو وڵاتەدا خۆی بە ڕاست دەزانێت و ترسی لەوەی دی هەیە و بۆ پارێزگاری لە خۆی بیر لە چەندین میکانیزم دەکاتەوە، ئەگەر تەنانەت میکانیزمەکە جەنگ و ململانێی چەکدارییش بێت**

**هێزی بیانی کە لە سووریا جێگیر کراون، کار بۆ ئەجێندای خۆیان دەکەن و بەرژەوەندیی سووریا لای ئەوان زۆر گرنگ نییە**



## د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# ئەمریکا کە شەڕکەری سەرەکیی دژ بە سەرانی قاعیدە و داعش بوو، ئەمڕۆ لەگەڵ هاوەڵی نزیک لە ئەمیرەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانە کۆ دەبێتەوە و خەریکی دانوستانە لەگەڵیاندا

**د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، مامۆستای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق» بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

ئایا بە ئاوابوونی هیلالی شیعی ئێران لە سووریا، مانگی چواردەشەوەی تورکیا لەو وڵاتە هەڵدێ؟ کێ ناڵێ ئەمریکا ئەزموونی ئەفغانستان لە سووریاوە ناگوازێتەوە بۆ عێراقیش؟ سووریا دەبێتە وڵاتێکی فیدڕاڵی، یا دابەش دەبێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری ورووژاویتر پێمان دەڵێن، کە بارودۆخی ناوچەکە بەندە بە ئەگەرەکانی داهاتووی سووریاوە، کە کراوەن و کاریگەری و دەرهاویشتەی ئەرێنی و نەرێنییان بەسەر ناوچەکەدا بەگشتی دەبێت. هەرچەندەش هێشتا زووە قسە لەسەر ئەگەرەکانی دوای ئەسەد بکرێت، بەو پێیەی ئەگەرەکان بە چەندین هۆکار و لایەنی ناوخۆیی و دەرەوەی ئەو وڵاتەوە بەندن و تایبەتمەندییەکانیان وەك پێویست ڕوون نین.

ئەگەرێك بۆ داهاتووی سووریا باس دەکرا، فیدڕاڵیزم بوو، کە لە ئێستادا و دوای کۆتا لێدوانەکانی دەسەڵاتی ئێستای دیمەشق، وەك جاران جێی باس و خواس نەماوە، بەو لێدوانانە هەموو لایەکیان دڵنیا کردەوە کە سووریای نوێ فیدڕاڵی و فرەهەرێم نابێت، دیاریشە کە فیدڕاڵیزم نە لە عەقڵییەتی ئەواندا جێی دەبێتەوە و باوەڕیان پێی هەیە، نە کەلەکەی ئەو دەوڵەتەش دەگەیەنێتە عەرزی، کە یاریکەرێکی سەرەکیی نێو گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی سووریایە، ئەمەش بۆ کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان، ئەگەر و پێشهاتێکی خراپە و دڵخۆشکەر نییە. دیارە کە تورکیا دەیەوێ هەرێم ببێتە دراوسێ و هاوسنووری دەوڵەتێکی ڕادیکاڵ و گۆشکراو بە دژایەتیکردنی پرس و ڕۆڵی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا، هەڵوێستی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواش لەگەڵ ئەو هێزانە، کە زۆر نەرمە و موجامەلەیان پێوە دیارە، دیار نییە تا چ ڕاددەیەك بە هاوسۆز و پاڵپشتیکار لە پرسی کورددا

دەمێننەوە، بۆ ئەم قسەیەم لێدوانی شارەزاییەکی ئەڵمانی لە کاروبار سووریا بەناوی «ئەندریە بانك» دەهێنمەوە، کە زۆر ڕاشکاوانە و وەك ئەوەی کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی جۆلانیی لە گیرفاندا بێت، دەڵێت: «جۆلانی چەندین ساڵە نەك هەر پەیوەندیی بە قاعیدەوە نەماوە، بەڵکو ڕووبەڕووشیان وەستاوەتەوە»، بە گوێرەی ئەو لێدوانەی ئەندریە بێت، جۆلانی نیازی دژایەتیکردنی ڕۆژئاوای نییە و تەرکیزی سەرەکیی لەسەر داهاتووی سووریا و پێکهاتەکانی ئەوێیە، بەشێك لە ناوەندی میدیایی و چاودێران لە ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناسییش بە هەر ئەندازەیەك بێت، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هەندێك هەڵسوکەوتی نەرم و سازشکاری کاتیی ئەو ڕێکخراوە لە هەڵمەتەکانیان بۆسەر پێگە و شارەکانی سووریا و مامەڵەیان لەگەڵ بەشێك لە دارودەستەی ڕژێمی پێشوو، ئەمەو لە لایەکیتر هەر زوو چەندین وڵات خەریکی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و کردنەوەی کۆنسوولخانەن لە سووریا، ئەمریکاش کە شەڕکەری سەرەکیی دژ بە سەرانی قاعیدە و داعش بوو، ئەمڕۆ لەگەڵ هاوەڵی نزیك لە ئەمیرەکانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانە کۆ دەبێتەوە و خەریکی دانوستانە لەگەڵیاندا. هەرچەندە هەندێك لە چاودێرانی سیاسیی ڕۆژئاوا کە پێشتر لە پێگەی سیاسیی هەستیاردا بوون، نایشارنەوە کە جێی باوەڕ نییە ڕێکخراوێکی وەك تەحریر ئەلشام لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەها بە ئاسانی گۆڕابێت و سەرکردایەتی حوکمڕانییەکی هاوچەرخ و کراوە بکەن لە سووریادا؛ ئەوان بە دووری نازانن دۆخێکی ناهەموار ڕووبەڕووی پێکهاتەی مەسیحی و کوردەکان ببێتەوە. ئەم دوو ئاراستەی تێڕوانینە هەر کامێکیان ڕاست بێت، بۆ کورد خێری تێدا نابێت، لەبەرچی؟ یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو ڕێکخراوە واز لە دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا بهێنێ و حیساب بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان بکات و سەرچاوە بێت بۆ بەهێزکردنی بەرەی سوننی دژ بە ئێران لە ناوچەکەدا، ئەوانیش چاوپۆشی لە سیاسەتەکانی دەکەن بەرانبەر بە کورد و تەنانەت عێراقێکیش کە لە بەرەی ئێران هەژمار دەکرێت و نازانێت چۆن خۆی لەو کلکایەتییە دەرباز بکات. ئەگەریش بەدڵی ئەمریکا و ئەوروپاش نەبن، هەم دیسان کورد دەکەنەوە بە شەڕکەری سەرەکیی گۆڕەپانەکە و وەك پێویستیش ناتوانن بەر بە دەستتێوەردانەکانی تورکیا لە شەڕ و ناکۆکییەکان بگرن. تورکیاش هەر لەبەر پەکەکە نیگەران نییە، بەڵکو بە هەموو چەشن و وجوودێکی سیاسیی کورد لە هەر شوێنێك بێت قەڵسە و پێی هەزم ناکرێت؛ هەرچەندە کە پاشەکشێی پەکەکە لە ڕۆژئاوا بیانووەکانی دەستتێوەردانی تورکیا لاواز دەکەن، دەتوانێت ئەمریکا و ئەوروپاش باشتر بهێننە سەر خەت بۆ پاڵپشتیکردن لە ئەزموون و کوردانی ئەوێ و باشووریش.

بەپێی ئەو ئاماژانەش، کە لە سیاسەتی دەسەڵاتی ئێستای دیمەشق دەبینرێن، چاوەڕوان ناکرێت سووریا ببێتە ئەو وڵاتەی ئەوروپا و ئەمریکا و پێکهاتەکانی ئەوێش هیوای لەسەر هەڵدەچنن، کەواتە تا چەند ڕێی تێ دەچێ سووریا ببێتە چەند دەوڵەتۆچکەیەك؟ ئەم ئەگەرەش ئەگەرێکی زۆر لاوازە و خودی ئەمریکا و ئیسرائیلیش نایانەوێ باڵانسی هێز لە ڕێی تورکیاوە بۆ ڕووسیا و ئێران بگەڕێتەوە.. ئەو دوو وڵاتە ناچارن حیساب بۆ بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە سووریادا بکەن. کەواتە ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە، کە بارودۆخی ئێستای سووریا تا ماوەیەك، کە نازانرێ کەی کۆتایی دێت، هەر بە شلۆقی و ناسەقامگیر بمێنێتەوە، هێزەکانی نێودەوڵەتی و تەنانەت تورکیاش ڕەنگە ئیدارەی قەیرانەکە بدەن، تا دوای دەستبەکاربوونی ئیدارەی ترەمپ، لە ئێستادا پێناچێ ناوچەکە گۆڕانکاریی زیاتر بەخۆوە ببینێ، هێشتاش دیار نییە هەنگاوی داهاتووی زلهێزەکان چییە و دوای سووریا، لوبنان و فەڵەستین تەسفییە دەکەن، یا ئەم جارە سەرەی یەمەن و عێراقە و کەی یارییەکە لە تاران کۆتایی دێت!

بەردەوامیی ناسەقامگیری بارودۆخی سووریا، زیاتر لە ناوچە کوردنشینەکان و هاوسنوور لەگەڵ هەرێمدا دەبێت، ئەمەش بێگومان بۆ هەرێمی کوردستان باش نابێت، کێ ناڵێ هەر بە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی هەسەدە دەوەستن و هاوشێوەی ٢٠١٤ شەڕەکە ناگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراقیش، ئەمە لە ئەگەری بەرەڵاکردنی هەموو ئەو داعشانە لەوێ زیندانی کراون! کەواتە مەترسیی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و جیۆپۆلۆتیکی جددی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەن، دەرهاویشتەکانی گۆڕانی ڕژێمی سووریاش لە هەموو شوێنێك زیاتر لەسەر عێراق و هەرێمن.. بۆیە هەرێم نابێ بە تەمای عێراق بێت و دەبێ لە ئێستاوە دەست بە لۆبیکردن بکات لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا، لە ناوخۆشدا هەوڵی جدیی خۆڕێکخستنەوە و هەرچی زووە پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی بەهێز بدات، وەك میکانیزمێکی سەرەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان.

**ئەگەرێک بۆ داهاتووی سووریا باس دەکرا، فیدراڵیزم بوو، کە لە ئێستادا و دوای کۆتا لێدوانەکانی دەسەڵاتی ئێستای دیمەشق، وەک جاران جێی باس و خواس نەماوە**

**جێی باوەڕ نییە ڕێکخراوێکی وەک تەحریر ئەلشام لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەها بە ئاسانی گۆڕابێت و سەرکردایەتی حوکمڕانییەکی هاوچەرخ و کراوە بکەن لە سووریادا**

**تورکیا لەبەر پەکەکە نیگەران نییە، بەڵکو بە هەموو چەشن و وجوودێکی سیاسیی کورد لە هەر شوێنێک بێت قەڵسە و پێی هەزم ناکرێت**



### فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# لەوانەیە جۆرێک لە گەرەنتی بۆ ئیسرائیل هەبێت کە لەسەر سنوورەکانیدا دەوڵەتێکی ئیسلامیی ڕادیکاڵی دانەمەزرێت

فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، لە بازنەی گفتوگۆی ئەم جارەدا «دەرهاویشتەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق»، بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو:

ئەوە وەرچەرخانە گەورەیەی بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییە و پاشانیش کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێت لە «تسۆنامییەکی سیاسی - Political Tsunami» دەچێت، جارێ شەپۆلەکانی دەریای سیاسەت نەنیشتووەتەوە، تا بزانین ئەم تسۆنامییە چ کارەساتێکی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئەوەی سەرەتاکەی دەرکەوتووە، ئەوەیە کە نابێت ئیسلامی سیاسیی «سوننە و شیعە» لە لووتکەی دەسەڵاتی حوکمڕانیی دەوڵەتانی ناوچەکەدا بن.

بەڵام ئەوەی هاودژی لەگەڵ ئەم ئاکامە سەرەتاییەدا دروست دەکات، ئەوەیە ئەو هێزەی ئێستا لە دیمەشق دەسەڵاتی کەتووەتە دەست، هەیئەی تەحریری شامە بە سەرۆکایەتیی «ئەحمەد شەرع» کە پێشتر لە ڕیزەکانی قاعیدە و جەبهەی نوسرە نازناوی «ئەبوو محەمەدی جۆلانی» بووە، ئەم کەسایەتییە وەك تیرۆریست لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داواکراو بووە و ناوی لە لیستی تیرۆریستاندا بووە، بەڵام هەر لە یەکەم دەرکەوتنیەوە لە کەناڵی -سی ئێن ئێن-ەوە، خۆی وەك کەسێك کە بڕوای بە فرەیی و جیاوازیی بیروڕا هەیە خستووەتە ڕوو، ئەوجا تاچەند درێژە بەم ئاراستەیە دەدات، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا وردە وردە ئەو تەمومژەش دەڕەوێتەوە.

ئەوانەی سیاسەتمەدار و شارەزای ئۆپۆزسیۆنی سووریان و بە کردەیی لە ناو پرۆسەکەدا کاریان کردووە، جەخت لەوە دەکەنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە گەورە ئەفسەرانی پێشووی سەردەمی بەشار ئەسەد، کە پاشان لە ئەسەد هەڵگەڕاونەتەوە و بوون بە ئۆپۆزسیۆن، بوونە بەشێك لە هەیئەی تەحریری شام و ئێستا خەڵکانێکی نزیکن لە ئەحمەد شەرع، بوونی ئەم ئەفسەرە باڵایانەی سوپای سووریا لەگەڵ شەرع، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی تازەی دیمەشق دەیەوێت ئەزموونی حوکمڕانیی ئاك پارتیی تورکیا دووبارە بکاتەوە.

ئاك پارتی کە ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکە حوکمڕانیی تورکیای بەدەستەوەیە، ئەگەر لە هەندێ مەسەلەی بچووکیشدا سەرئێشەی بۆ ئیسرائیل دروست کردبێت، یان دژی تەوژمی سیاسەتی ئەمریکا بووبێت لە ناوچەکەدا، بەڵام بەشی ئەوەی تێدا هێشتووەتەوە کە نەگاتە ڕووبەڕووبوونەوە، یان هەموو دەرگاکان بە ڕووی چارەسەرکردنی کێشەکاندا دابخات. هەر بۆیە لە ئێستادا کە هەموو کارتەکانی دیمەشق بە دەستی ئەنکەرەوەیە، لەوانەیە جۆرێك لە گەرەنتی بۆ ئیسرائیل هەبێت کە لەسەر سنوورەکانیدا دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕادیکاڵی دانەمەزرێت.

لە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، ئەمریکا ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی بڕیارێکی پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی، سوپای عێراقی هەڵوەشاندەوە، بەڵام لە سووریای دوای ئەسەد هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل بە ئاشکرا و وەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، زیاتر لە ٩٠٪ی توانای سەربازیی سوپای سووریای تێك شکاندووە، لەمەش زیاتر لە سنووری بەرزاییەکانی جۆلانیشەوە پێشڕەویی کردووە بۆ ناو خاکی سووریا بەرەو دیمەشق، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ هۆشداریی لە ڕاددەبەدەری ئیسرائیل بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات، جارێکی دیکە سووریا هەڕەشە لە سنوورەکانیدا دروست بکات، لە بەرانبەردا ئەحمەد شەرع هەتا ئێستاش لێدوانێکی بەرانبەر بە ئیسرائیل نەبووە.

ئەوەی بۆ ئێمە لە ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا گرنگە، چارەنووسی کوردانی ڕۆژئاوا، یان کوردستانی سووریایە، کە جوگرافیاکەی دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و سنوورێکی فراوانی لەگەڵ کۆماری تورکیادا هەیە، کە تورکیا پەیەدە و هەسەدە لە پەکەکە جیا ناکاتەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئاراستەی هەموو بۆچوونەکان بەوجۆرەیە کە تورکیا ئەم بارودۆخە وەك دەرفەت وەردەگرێت و هێرش دەکاتە سەر ڕۆژئاوا، بەڵام تورکیا ئەگەر لۆژیکییانە وەبەرهێنان لەم بارودۆخە تازەیەدا نەکات، ئەوا هەموو ئەو هەوڵەی داویەتی بۆ ڕووخاندنی ئەسەد و سپاردنی دەسەڵاتی دیمەشق بە هەیئەی تەحریری شام، هەمووی پێچەوانە دەبێتەوە و سەرەنجام بە زیانێکی گەورە بۆ چارەنووسی دەسەڵاتی ئاك پارتی لە تورکیا تەواو دەبێت.

بۆ ئێستای دەوڵەتی تورکیا، ئەگەر غرووری سەرکەوتن و کەوتنی ئەسەد بەرچاویان تاریك نەکات، دەرفەتێکی زۆر باش هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی هەم ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سووریا، هەمیش پشتیوانییەکی ناوخۆی بەهێزیش دروست بکات، بۆ ئەوەی هەنگاو هەڵبگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی تورکیا، لە ئێستادا جەمسەرەکانی چارەسەرکردنی هەر دوو کێشەکە لە دەستی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك کۆماری تورکیایە، بۆیە دەکرێت ئەو هەنگاوانەی پێشتر هەڵیگرت بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕی ٤٠ ساڵە لەگەڵ پەکەکە بهێنێت و ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی تورکیا بدۆزێتەوە، ئێستا زەمینەیەکی گونجاو و لەبار هاتووەتە پێش بۆ ئەوەی ئەو شەڕە کۆتایی بێت و ئاشتی جێگەی بگرێتەوە.

لە ئێستادا ئەو لێدوانانەی لە کوردانی سووریا دەیبیستین، ئاماژەیەکی باشن کە داوا دەکەن پەیەدە و هەسەدە خۆیان لە پەکەکە و سەرکردایەتیی قەندیل جیا بکەنەوە و، کێشەی کوردی سووریا کوردانی ئەو پارچەیە خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی باشیش لە پارت و ڕێکخراو و سەندیکاکانی کوردی تورکیا دەبینین کە پێشوازی لە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کوردی دەکەن و، بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆیان لە پەکەکە و قەندیل جیا کردووەتەوە. ئەم دوو ئاماژەیە کە وەك ڕەنگدانەوەی ڕای گشتیی کوردی سووریا و تورکیا سەیر دەکرێن، بوارێکی زۆر باش دەخاتە بەردەمی ئەردۆگان کە سوودێکی گەورە لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە سووریا و تورکیا وەربگرێت، لەمەدا سەرکەوتوو بێت بەو ئاراستە ئەرێنییەی ئێمە ئاماژەی پێ دەکەین، ئەوا سۆزی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆخۆی ڕادەکێشێت و لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی تورکیاش کە ئێستا بە هۆی ئاکامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە باری ئاك پارتی لار بووە، بەم هەنگاوە ئەو بارە لارە ڕاست دەکاتەوە.

**جارێ شەپۆلەکانی دەریای سیاسەت نەنیشتووەتەوە، تا بزانین ئەم تسونامییە چ کارەساتێکی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**تورکیا ئەگەر لۆژیکییانە وەبەرهێنان لەم بارودۆخە تازەیەدا نەکات، ئەوا هەموو ئەو هەوڵەی داویەتی بۆ ڕووخاندنی ئەسەد و سپاردنی دەسەڵاتی دیمەشق بە هەیئەی تەحریری شام، هەمووی پێچەوانە دەبێتەوە**

**ئەو لێدوانانەی لە کوردانی سووریا دەیبیستین، ئاماژەیەکی باشن کە داوا دەکەن پەیەدە و هەسەدە خۆیان لە پەکەکە و سەرکردایەتیی قەندیل جیا بکەنەوە**

## پ.ی.د. ماجید خەلیل:

# دەبێت سیستمی پەروەردەییمان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی ئێمەی پێوە دیار بێت

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. ماجید خەلیل مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، لە دیمانەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە دۆخی ئێستای پەروەردە و فێرکردن دەکات و تیشکدەخاتە سەر پرسە هەنووکەییەکانی پەیوەست بە توێژی گەنجان و دەرچووانی زانکۆ، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە کەرتی پەروەردە لە دامەزراوەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگترین کەرتە کە ئێمە وەك قەڵایەك پشتی پێ ببەستین.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لە توێژینەوەی قوتابیانی زانکۆ چییە، ئایا تاچەند سوودی لێوەرد گیرێت؟**

- توێژینەوەی دەرچوون پەیوەست بە خوێندکارانی زانکۆوە زۆر گرنگە، چونکە ئەوە پێی دەگوترێت توێژینەوەی دەرچوون وەکو وانەیەکی سەربەخۆی قۆناغی چوار وایە، توێژینەوە هەنگاونانی قوتابییە بۆ قۆناغی پراکتیکی لەو پسپۆڕییەی کە لەماوەی چوار ساڵدا خوێندوویەتی، چونکە ئامانج لە زانکۆ دروستکردنی داهێنان و هێنانەپێشەوەی توێژەری نوێیە لە کایەیەك لەو کایە دیاریکراوانەی کە زانکۆ لە ڕووی زانستییەوە دانی پێداناوە، چ زانستە مرۆڤایەتییەکان بێت یان زانستە سرووشتییەکان بێت، توێژینەوەی دەرچوون سەرلەبەری سنووری توانای قوتابی وابەستەیە بەو توێژینەوەیە، ئەوە دەرەنجامی خوێندنی چوار ساڵییەتی کە بە شێوازی پراکتیکی دەیخاتە ڕوو، لە وانەیەکی سەربەخۆدا هەنگاونانی قوتابییە بۆ پێناوێکی پراکتیکی تەواوی ژیانی کە لەو ئەزموونەدا هەڵدەسەنگێندرێت، لەبەر ئەوە گرنگ و بایەخی زۆری هەیە.

*** بە چ میکانیزمێك دەتواندرێت بایەخ بە گەنجان بدرێت و ئەوانیش بزنسی خۆیانیان هەبێت کە بەدیلی دامەزراندنی کەرتی حکومی بێت؟ دەگوترێت لەبەر ئەوەی ئیمتیازاتی کەرتی تایبەت وەکو ئیمتیازاتی کەرتی گشتی نییە، هاووڵاتی کەمتر ڕوو لەم کەرتە دەکەن، ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟**



- مەرج نییە هەموو توانا و بڕستی بابەتییانەی کایە زانستییەکان والێبکەین لە کەرتی تایبەتدا خۆیان ببیننەوە، بە تایبەتی ئێمە ئەزموونێکی نوێمان هەیە لە ئێستای ئێمەدا کە حکومداری و حکومەت لە لۆژیکی کوردبوونی ئێمەدا ئێجگار لاوازە، لەبەر ئەوە پێویستە گرنگی تەواو بە کەرتە گشتییەکە بدرێت و قوتابی و کادیری نوێی ناوازە ڕابێنین، تاوەکو لە نێو کەرتی گشتیدا خۆی ببینێتەوە، من بۆخۆم پێم وایە حکومەت بایەخێکی زۆری داوە بە کەرتی گشتی و هەتا پێی بکرێت دەرچووانی زانکۆکانی لە نێو ناوەند و دامەزراوە حکومییەکان دامەزراندووە، دەتوانم بڵێم ئێمە لە سفرەوە دەستمان پێکرد، بۆیە ئەوە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی خواستی نەتەوەییمان کە کەرتی گشتیمان تۆکمە بێت، لە هەمان کاتیشدا ئێمە دەزانین لە ئەمڕۆدا کەرتی تایبەت سەرلەبەری دنیای گرتووەتەوە و سیستمی سەرمایەداری باڵادەستە کە سیستمی سەرکەوتووی ئەمڕۆی دنیایە، بۆیە لە وڵاتی ئێمەدا ئێستا بە هەزاران کۆمپانیا کاردەکەن و هاتوونەتە پێشەوە، پێویستمان بە هێزی مرۆیی و کادیری خۆمانە، لە کەرتی تایبەتیشدا پێویستمان بە دەرچووانی زانکۆیە، بەڵام هەندێك مەرجی گرنگ هەن پێویستە ڕەچاو بکرێن لە کەرتی تایبەتدا مۆنۆپۆڵ نەکرێ لە لایەن خاوەنکار و خاوەن کارگەکانەوە پێویستە حکومەت بڕیار و ڕاسپاردەی ریفۆرم ئامێزی هەبێت و دایبەزێنێت بۆ ناو کۆمپانیاکان، دەکرێ بەو مەرجە ستاندارانەوە سەیری توانای خوێندکار بکرێت و نەچەوسێتەوە و بندەست نەکرێت و پلەی کەمی پێ نەدرێت هەروەها داهاتووشی بۆ حساب بکرێت و وەکو خانەنشینێك مافەکانی پارێزراو بن، لە بەرانبەردا ئەرکی قورسی بەسەردا نەدرێت، ئەمە میکانیزمێکی زۆر گرنگە چونکە وڵاتی ئێمە لە سەرەتای ئەم قۆناغەدایە، دەبینین بە لێشاو کۆمپانیا هاتووەتە ناوەوە کە بە خواستی خۆی خەڵکی بیانی دێنێت و خەڵك دەگرێتە خۆی، دەری دەکات و مافی پارێزراو نییە.

هەموو ئەو شتانە دەبێت لە پەرلەماندا ڕێوشوێنی تەواویان بۆ دابنرێت ڕێنمایی باش دەربکرێت.

دەبێت مەرجی کۆمپانیاکان ئەوە بێت کە بڕوانامە و توانای کادرێك وابەستە بێت بە سیڤییەوە، دەبێت چۆن لە کەرتی گشتیدا سیڤی و بڕوانامە گرنگە بۆ دامەزراندن، لە کەرتی تایبەتیشدا هەمان گرنگی و بایەخ هەبێت، ئەو کاتە ئەو بێسەروبەرییە نامێنێت و حکومەتیش ئەو فشارەی لەسەر نامنێنێت. ئەمانە ڕێکخستنەوەیان زۆر ئاسانە لە هەمان کاتیشدا گرفتێکی گەورەیە، پێویستە یەکێك لە پێشینەکانی کاری کابینەی دەیەم ئەوە بێت، کە ڕێنمایی تایبەت لە پەرلەمانەوە دەربچێت بۆ کەرتە تایبەتەکان بۆ کۆمپانیاکان، کە هەم حکومەت فشاری زۆری لەسەر نامێنێت هەم تاکیش بەوپەڕی لێهاتویی و لێوەشاوەیی دەتوانێت خۆی لە ناو کەرتی تایبەتدا ببینێت.

*** بە گوێرەی ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووی دۆخی پەروەردە و بەپێی گوتاری پەروەردەکاران، دەردەکەوێت کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازی کردن هەیە، بۆچوونتان لەسەر ئەم پرسە چییە؟**

- سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا وەکو دامەزراوەیەکی ئێجگار گرنگی کەرتی گشتی، ئێمە ناڵێین چەقبەستووە بەرەوپێش نەچووە و گۆڕانکاری گەورەی تێدا نەکراوە، دەزانین کە فراوان بووە و هەزاران قوتابخانەی لێ هاتۆتە پێشەوە و قوتابخانەی ئەهلیمان هەیە کە دیسان وابەستەن بە کەرتی گشتییەوە، مامەڵە و کۆنتاکتی هاوبەش لەنێوان قوتابخانە ئەهلی و حکومییەکان هەیە، هەروەها قوتابخانەی نێودەوڵەتیمان هەیە، دەکرێ بڵێین بەرەوفراوانبوونێکی گەورە لە کەرتی گشتیدا بەدی دەکرێت، ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین کە بابەتییانە بنەما پەروەردەییەکانمان بەرەوپێشەوە دەبەین، ئێمە دەڵێین لە چوارچێوەی چارەنووسسازی پەروەردەییدا دەبێت وابکەین ئەزموونە پەروەردەییەکەمان شایانی ئەو دەستوورە دانراوەمان بێت کە باس لە دیموکراسی و ئازادی و مافی هاوولاتی بوون بکات، کەرتی پەروەردە لە دامەزراوەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگترین کەرتە کە ئێمە وەك قەڵایەك پشتی پێ ببەستین، تاوەکو قەدەری قۆناغە مێژووییەکەمان بەرەو پێشەوە ببەین.

ناکرێ پرۆگرام و میتۆد و سیستمێکی هێنراوی پێشکەوتوو بێنین لێرە بەبێ ڕەچاوکردنی شێوازی کلتووری و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی خۆمان ئەزموونی بکەینەوە، دەبێ سیستمی پەروەردەی ئێمە هەڵێنجراوی کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکانی ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بێت، پێویستە سیستمی پەروەردەییمان بۆن و بەرامێکی بابەتیانەی پێوەبێت لە هاوکات سەردەمییانەش بێت، نابێت دەستبەرداری تایبەتمەدیی نەتەوەیی خۆمان بین، بەڵکو دەبێت سیستمی پەروەردەییمان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ڕەسەنایەتی نەتەوەیی ئێمەی پێوە دیار بێت، لە هەمان کاتدا چەقبەستووش نەبێت، دابڕاو نەبێت لەو تیۆرانەی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆ ئاراستە دەکات، بەگشتی تەرکیز بخرێتە سەر مافی هاوولاتی بوون تێیدا ئازادییەکان لە ناویدا بە تایبەتی ئازادی ئایینی و کلتووری و فەرهەنگی و سیاسی.

**تویژینەوە هەنگاونانی قوتابییە بۆ قۆناغی پراکتیکی لەو پسپۆڕییەی کە لەماوەی چوار ساڵدا خوێندوویەتی**

**حکومەت بایەخێکی زۆری داوە بە کەرتی گشتی و هەتا پێی بکرێت دەرچووانی زانکۆکانی لە نێو ناوەند و دامەزراوە حکومییەکان دامەزراندووە**

**لە ئەمڕۆدا کەرتی تایبەت سەرلەبەری دنیای گرتووەتەوە و سیستمی سەرمایەداری باڵادەستە کە سیستمی سەرکەوتووی ئەمڕۆی دنیایە**

**دەبێ سیستمی پەروەردەی ئێمە هەڵێنجراوی کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکانی ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بێت**



ئەڤین بەرازی بۆ گوڵان:

# سینەمای کوردی پێویستی بە پاڵپشتیی زیاتر هەیە، بەداخەوە نابینین یارمەتیی دەرهێنەران بدرێت

**ئەڤین بەرازی کچێکی عاشقی سینەمایە لە شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆیە بواری هونەر و دەرهێنانی هەڵبژاردووە، سەرەتا لە لوبنان دەستی بە خوێندن کرد لە زانکۆی بەیروت و تێیدا بەرزترین پلەکانی بەدەست هێنا، ساڵی ٢٠٠٦ لە کەناڵێکی ئاسمانی کاری کرد، بەڵام دوای جەنگی تەمموز ناچار بوو بگەڕێتەوە سووریا و لە سووریا وەك دەرهێنەر و یاریدەدەری دەرهێنەر دەستی بە کار کردووە. سەبارەت بە کار و ئامانجەکانیشی چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



*** چی وای کرد ڕوو لە دەرهێنان بکەی؟**

- لەوانەیە قەدەر ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبێت لەوەی ڕوو لە دەرهێنان بکەم، مەبەستم ئەو قەدەرەیە کە بە دەیان ساڵە زوڵمی لە ئێمەی کورد کردووە، لە بیرمە کە لە سووریا کاسێت هەبوو، خانەوادەکەم گرنگییەکی زۆریان بەوە دەدا کە لە ڤیدیۆ سەیری فیلمە کوردییەکان بکەین، زۆر فیلمی دەرهێنەری گەورەی کورد یەڵماز گونای هەبووکە حەز دەکەم بە «گەورەی سینەماکاران» ناوی بەرم، من لەگەڵ فیلمەکانیدا دەژیام و دەمپرسی بۆچی فیلمی کوردیمان کەمە؟ ئەمە بووە پاڵنەرێك و هیوابەخشێکی گەورە بۆ ئەوەی بێمە نێو بواری نواندن و تەواوکردنی کاروانی یەڵماز گونای.

*** زیاتر لە سووریا و وڵاتە عەرەبییەکان کارت کردووە، ئایا زانیاریت دەربارەی سینەمای کوردی هەیە؟**

- سینەمای کوردی پێویستی بە پاڵپشتیی زیاتر هەیە، بەداخەوە نابینین یارمەتی دەرهێنەرانی کورد بدرێت بۆ ئەوەی کارەکانیان پێشکەش بکەین، بۆیە سینەمای کوردی نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە بهاوێت و زۆربەی ئەو فیلمانەی بەرهەم هێنراون لە ئەنجامی ئەرکی تاکە کەسیی دەرهێنەران بووە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین سینەمای کوردیمان هەیە؟**

- بە ڕای من سینەمای کوردی عاشقانی سینەما و دەرهێنەران خوڵقاندوویانە، ئەویش بە بەدەستهێنانی خەڵاتی جیهانی لە ڕێگەی فیلمەکانیانەوە، کە بەهایەکی زۆریان هەبووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پێویستمان بە سەندیکایەکە کە دەرهێنەرە کوردەکان لە خۆ بگرێت و پاڵپشتی ماددی و لۆجستییان پێشکەش بکات، لە لایەکی دیکەوە لایەنی بەرپرسیش ئەرکی ئەوەیان دەکەوێتە سەر شان کە پاڵپشتیی سینەما بکەن، جا لە باشوور یان ڕۆژئاوای کوردستان.

*** لەم بارودۆخەی ئێستادا بینەری کورد پێویستی بە چی هەیە؟**

- پێم وایە پێویستی بە شۆڕشێکە بۆ هەستانەوە بە سینەمای کوردی و چارەسەرکردنی زۆر لەو گرفتانەی کە ئاستەنگن لە بەردەم سینەمای کوردیدا لە ڕێگەی دامەزراندنی پەیمانگەی سینەمایی، گۆڤاری سینەمایی، دامەزراندنی هۆڵی سینەمایی و کۆمپانیا و کەناڵی سینەمایی تایبەت بە دابەشکردنی فیلمە سینەماییەکان، کە هانی بینەری کوردی بدات بۆ سەیرکردنی فیلمە سینەماییەکان.

*** بۆچی بینەری کورد وەك خوویەك سەیری فیلم و زنجیرە بیانییەکان بەتایبەتی تورکییەکان دەکات؟**

- بە ڕای من هۆکارەکەی لە کەمیی ژمارەی فیلمە کوردییەکانە، کە بەشێکی زۆریان پشت بە کۆششی تاکەکەسی دەبەستن، هەروەها نەبوونی پیشەسازیی سینەمای کوردی دەبێتە هۆی خوڵقاندنی زمانێکی سینەمایی هاوبەش.

*** هەموو سینەماکارێك پەیامێکی تایبەتی خۆی هەیە، پەیامی ئێوە چییە؟**

- هیوادارم دەنگی کورد بگەیەنمە ئاستی جیهانی، چونکە مێژووی کورد پڕە لە پاڵەوانیەتی کە بە زێڕ لە مێژووی کورددا نووسراونەتەوە، من ئەمە بە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکی دەزانم بەتایبەتی هونەرمەندو دەرهێنەرەکان.

*** مێژووی کورد پڕە لە کارسات، کە دەکرێ ببێتە ماددەیەکی باش بۆ سینەما، ئایا توانیومانە سوود لەو مێژووە وەربگرین لە سینەمادا؟**

- زۆربەی فیلمە کوردییەکان کە خەڵاتی جیهانییان بەدەست هێناوە پەیوەندییان بە واقعی کوردەوە هەیە لە ڕووی چیرۆك و ڕووداوەکانەوە، زۆر لەو فیلمانە توانیویانە تیشك بخەنە سەر بەشێك لە ئازارەکانی کورد، بەڵام من پێموایە کە واقعی کورد زۆر لەوە تاڵترە کە لە فیلمێکدا بەرجەستە بکرێت.

*** ئەو بابەتانە چین کە حەز دەکەی لە فیلمەکانتدا تیشکیان بخەیتە سەر؟**

- هەمیشە هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر لایەنی مرۆیی، هەر کوردێك چیرۆکێکی هەیە کە دەکرێ لە فیلمدا گوزارشتی لێ بکرێت، چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی مرۆڤ ئامانجی منە.

*** ئایا کاریگەریی سینەمای عەرەبی و ئێرانی، ئەرێنی یان نەرێنییە لەسەر سینەمای کوردی؟**

- زۆر لە دەرهێنەرە کوردەکان لە ئێران توانیویانە خەڵاتی جیهانی بەدەست بهێنن، بوونی سینەمای کوردی لە ژینگەی عەرەبی یان ئێرانی یان تورکیدا دەبێ کاریگەریی هەبێت، چونکە مرۆڤ کاریگەر دەبێت بەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوام بەوە هەیە کە هونەر تاکە ناسنامەیەکی هەیە، بۆیە من وای نابینم کە کاریگەریی کۆمەڵگەکانی دیکە نەرێنی بێت، هەرچەندە من تەحەفوزم لەسەر ئەم فیلمانە هەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

*** دوایین کارە سینەماییەکانت چین؟**

-خۆم ئامادە دەکەم بۆ فیلمێکی دیکیومێنتی لەسەر کارەساتی کۆبانێ و خۆراگریی لە بەردەم قێزەوەنترین تیرۆردا کە جیهان بەخۆیەوە بینیوە، ئەو قارەمانیەتی و داستانانەی کە خەڵکەکەی تۆماریان کردووە لە بەرگریکردن لە شارەکەیان، هەروەها دەربارەی ژیانی ئاوارەیی و ئەو سەختییە کە خەڵکەکەی بەخۆیەوە بینیوە.






هێرۆ ئیبراهیم

یاریزانی باڵەی یانەی تەقتەق:

# هەڵبژاردنی وەرزش حەزی کەسییە، هەریەکە جۆرێک لێکدانەوەی هەیە کە لە چ وەرزشێکدا سەرکەوتوو دەبێت

**یانەی وەرزشیی تەقتەق یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام گرنگی بە یارییەکانی تۆپی باڵە دەدەن لە کوردستان، لەم قەزایەش خەڵکەکەی خۆشەویستیی زۆریان بۆ وەرزشە جۆراوجۆرەکان هەیە، تیپی باڵەی کچانی یانەکەش بەردەوام بەشداری دەکەن لە خول و پاڵەوانێتییەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، یانەکە لە ئاستی باڵەی کچان خاوەنی تیپێکی بەهێزە و خاوەن چەندین کچە یاریزانی بە توانایە، کە لە داهاتوودا دەتواندرێ بۆ هەڵبژاردەی عێراقی پشتیان پێ ببەسترێ، کچانی ئەم ناوچەیە خۆشەویستیی زۆریان بۆ یاریی باڵە هەیە و خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانان، یەکێك لە کچە بەتواناکانی یانەکە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە «هێرۆ ئیبراهیم»ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ ی قەزای تەقتەقە و ئێستاش بەردەوامە یاریکردن لە تیپی باڵەی کچانی تەقتەق، جگە لە تیپەکەی خۆی یاری بۆ یانەی سەنحاریبی شاری دهۆکیش کردووە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.**

*** چی وای لێ کردیت بچیتە نێو جیهانی وەرزش؟**

- وەکو خانمێك پاڵنەری یەکەمم بۆ دەستپێکی وەرزش خانەوادەکەم بوون، لە کاتێکدا کە ئەوان پێشتریش پەیوەندییان لەگەڵ وەرزش باشدا هەبووە.

*** یاریی باڵەت وەکو حەز، یان بۆ وەرزش هەڵبژاردووە؟**

- سەرەتا وەکو حەزێك بەشداریم تێدا کرد.

***هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- سەرەڕای ئەوەی یارییەکی هیلاککەرە، بەڵام دەستبەرداربوونم لێی ئەستەمە، چونکە یەکێکە لەو جۆرە وەرزشانەی کە هەست بە ئاسودەیی دەکەم لە کاتی ئەنجامدانیدا.

***یاریی باڵە چ ئاستێکی تێپەڕاندوە لە کوردستان؟**

- لە چاو ساڵانی رابردوودا یاریی باڵە پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینینوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەمیی خولەکانەوە لەوانەیە ئاستەنگ بێتە بەردەم دەرکەوتنی ئەو ساتە باشە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- لێرەد تاکە ئامراز کە یاریدەدەری بەرەوپێشبردنی بالەبێت خولەکانە، هەبوونی خولەکان یەکێکە لەو خاڵانەی کە ڕۆڵی هەیە بە بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم وەرزشەدا، لە پاڵ هەبوونی بەردەوامیی ڕاهێنانەکانی ڕاهێنراوەکان.

***زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە یانەکانی کوردستان تیپی باڵەی کچانیان پشتگوێ خستووە؟**

- نەبوونی خولەکان وا دەکات هەست بە پشتگوێخستنی باڵەی کچان بکرێت.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بەرنامەی من بۆ داهاتوو زیاتر و زیاتر بەردەوامیمە لە بەرەوپێشبردنی خۆم .

***سەرکەوتن چ مانایەك دەبەخشێ لای تۆ؟**

- سەرکەوتن واتا هەستانەوەی بەردەوام دوای کەوتن.

***لە سنوورەکەتاندا تا چەند گرنگی بە وەرزش دەدرێت، هیچ ڕێگرییەکتان لێ ناکرێت؟**

- بەداخەوە ژمارەی یاریزانە کچەکان زۆر کەمن، ئەوەش دەگەڕێنمەوە بۆ کۆمەڵگە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە لەم یارییە؟**

- سوپاس بۆ خوای گەورە بەشێکی هیواو و ئاواتم هاتووەتە دی، لە خودای گەورە داواکام پشت و پەنام بێت بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر.

*** تا چەند کچان هیوایان بە وەرزشە جۆراوجۆرەکان هەیە؟**

- هەڵبژاردنی وەرزش حەزی کەسییە، هەریەکەوە جۆرێك لێکدانەوەی هەیە کە لە چ وەرزشێکدا سەرکەوتوو دەبێت، زیاتر ئەو وەرزشە هەڵدەبژێرێ.

***هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش کردووی بۆ یاریکردن؟**

- بەڵێ، ساڵانە یانەکان گرێبەست پێشکەشی یاریزانانی ئێمە دەکەن.

***کێ بەهاوکار و پاڵپشتی خۆت دەزانی؟**

- خانەوادەکەم پاڵپشتی سەرەکیی منن، دواتر هەموو ڕاهێنەرە بەتواناکانم.

***ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی لە بواری وەرزشدا.





# دوربینی شەو کامێرایەکی بەهێز

دووربین ئەو ئامێرەیە ناوەکەی خۆی بەخۆیەوە و مەودا دوورەکان نزیک دەکاتەوە، زۆربەی دووربینەکان زیاتر بۆ ڕووناکین و لە ڕۆژی ڕووناکدا مەوداکان نزیک دەکەنەوە، بەڵام دووربینی تایبەتیش هەیە زیاتر لە سوپادا سوودی لێوەردەگیرێ یا بۆ ئەو کەسانەی ڕاو دەکەن ئەو دوربینانانە لە شەوی تاریشکدا وەك ڕۆژی ڕووناك دەبینن. لە سەردەمی دیجیتالیدا دووربینی شەو وەك کامێرایەکی بەهێزیش دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. بۆ نموونە دووربینی جۆری glass owl night vision binoculars، ماناکەی ئەوەیە وەك چاوی (کوندە پەپۆ) لە شەویشدا دەبینێت. تایبەتمەندییەکانی دووربینەکە ئەوەیە:

- لە شەوی تاریکیشدا وەك ڕۆژ دەبینێت، توانای نزیك کردنەوەی ٨ زوومی ئیتیکاڵی هەیە.
- وێنە بە کوالیتی فوول HD دەگرێت. بە خێرایی ٣٠ فریم لە چرکەیەکیشدا فیلم دەگرێت. میمۆری دەخرێتە سەر و وێنە و فیلمەکان لە میمۆریدا هەڵدەگرێت.
- بەویستی بەکارهێنەر بەشی ڕووناکییەکەی ڕێك دەخرێت.
- شەحن نابێتەوە و بەڵکو بۆ سوود لێوەرگرتنی دەبێ ٦ پیلی قەڵەمی لەسەر دابندرێت.
- ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت.
- لە هەموو کەشوهەوایەکدا سوودی لێوەردەگیرێت، بە تەڕبوون تێکناچێت.





# فڵچەی زیرەک و تەندروستیی ددان

ددانەکان ئەڵماسی ژیانن، پاراستنیان وەك ئەوە وایە گەوهەری جەستە بپارێزی. لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرد ئامێرەکانی تایبەت بە پاکڕاگرتنی جەستەش بەرەو زیرەکی دەچن، بۆ نموونە فڵچەی زیرەکی تایبەت بە ددان. یەکێك لەو فڵچە زیرەکانە هی کۆمپانیای شیاومییە بەناوی Mi-jia. فڵچەی میجا شاشەیەکی ڕەنگی هەیە و لەسەر شاشەکە زانیارییەکە تایبەت بە پاککردنەوەی ددان نیشان دەدرێن. فڵچەکە شەش هەستەوەری هەیە کە هەموو گۆشە و کەلێنەکانی ددان پاك دەکاتەوە و بەشێکی هەیە بەناوی نەخشەی ددان کە ئەو شوێنانە نیشان دەدات کە فڵچەکە بەریان کەوتووە. فڵچەکە توانای سووڕانی ٢٠ پلە بە دەوری خۆیدا هەیە و بەهۆیەوەش هیچ شوێنێك نامێنێت کە پاکنەکرێتەوە. فڵچەکە شەحن دەکرێتەوە هەتا سەد ڕۆژ پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە. جگە لەوەش لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و زانیارییەکانی ڕۆژانەی تایبەت بە ددانەکان لەوێدا نیشان دەدرێن.




# نۆکیا بە بەرگێکی نوێیوە گەڕایەوە

سەردەمێك مۆبایلی نۆکیا لە ڕیزی یەکەمی ئەو کۆمپانیایانە دەهات کە بەرهەمهێنەری مۆبایلن، بەڵام دواتر بەهۆی سیاسەتی هەڵەی کۆمپانیا و قبوڵ نەکردنی سیستەمی ئەندرۆید بۆ مۆبایلەکانی وای لێهات بەتەواوی تووشی دارمان هات و هەر ناوەکەی ماوەتەوە.

لەم ماوەیەدا وەك هەوڵدانێك بۆ سەرلەنوێ بێتەوە ناو ڕیزی بەرهەمهێنەرانی مۆبایل، بە بەرهەمێکی نوێ و ناوازە دەرکەوتەوە، مۆبایلی جۆری Nokia Infinity Pro بەرهەم هێناوە. مۆبایلێك ستایلەکەی لەگەڵ مۆبایلێکی دیکە جیاوازە، لەبری ئەوەی لاکێشەیی بێت، هێلکەیی هەڵکەوتووە.

تایبەتمەندییەکانی بەهێزن. شاشەیەکی ٥,٦ ئینجی هەیە، شاشەکە ڕووی پێشەوەی هەموو مۆبایلەکەی داگرتووە. لە باترییەکی بەهێزی لەسەرداندراوە و کامێرایەکی ٢٠٠ و کامێرایەکی ١٦ میگاپکیسلی لە پشتەوە هەیە. کامێرایەکی ٣٢ میگاپیسکیلی لە پێشەوە هەیە، شایانی ئاماژە پێدانە مۆبایلەکە لە زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێت. ڕامەکەی ٨ میگابایتە و میمۆرییەکەی ٢٥٦ میگابایتە.

# لاپتۆپێکی سێ شاشە

لاپتۆپ بە تەواوی شوێنی کۆمپیوتەری دیسکتۆپی گرتۆتەوە، چونکە هەم کێشی کەمە و هەڵگرتنی ئاسانە. جگە لەوەش بەهۆی ئەوەی شەحن دەبێتەوە لەکاتی پچڕانی کارەبادا کێشە دروست ناکات.

لاپتۆپی جۆری greyshork x3 لاپتۆپێکە ناوازەیە، خاوەنی سێ شاشەیە. شاشەیەکی ١٦ ئینجی و دوو شاشەی ١٢ ئینجی کە بەهۆی موگناتیسەوە بە شاشەی سەرەکییەوە دەلکێن.


لە هەرکام لەو شاشانەدا دەتوانرێت پرۆگرامی تایبەتی بکەنەوە. واتە بەکارهێنەر دەتوانێت هەر شاشەیەك بۆ مەبەستی دیاریکراو بەکار بێنێت. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی لاپتۆپەکە ئەمانەن: سیستەمی cri7ی لەسەرە. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەی ٢ ترابایتە. سیستەمی وای-فای خێرای هەیە. سیستەمی پەنجە مۆری هەیە. کێشی دوو کیلۆ و شەشسەد کیلۆ گرامە. کارتی شاشەیەکی بەهێزی لەسەرە و بۆ دیزاین و نەخشەسازی و کاری گرافیك زۆر گونجاوە.






# درێژترین قژی یاریزانی تۆپی پێ

یاریزانـان هـەر یەکـە لـە نەتـەوە و وڵاتێکـەوە هاتـوون، زۆربەیان شێواز و ستایلی سەر و قژیان بە دابونەریتی خۆیانەوە دەپارێزن، یان هەندێ جار جۆرە ستایلێك بۆ قژیان دەکەن، کە دەبنە جێی سەرنج و گرنگیی جەمـاوەر و هاندەرانیـان، بـەڵام ئـەو یاریزانە خاوەنی درێژترین قـژە و نـاوی «ئایدن سـکیپێو»یە، یاریزانـی هەڵبـژاردەی «ئەنگویلا»یـە، کـە یەکێکـە لـە دوورگەکانی کاریبی لـە ئەمریـکای ناوەڕاسـت.




## کاریکاتێر

ئـەم کاریکاتێـرە بـاس لـە سـەپاندنی بیروبـاوەڕ دەکات بـە زەبـری هێـز، کـە ئەوەش پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤە.



## دیمەنە سەیرەکان

**دیمەنی پەیکەرێك بۆ بیرکردنەوە**


زۆر بیرکردنـەوە ژیانـت دەبـات، دڵخۆشـیت دەدزێـت و زەردەخەنـەت لـێ ون دەکات.



## یاسا

**بریکارنامە بۆ پارێزەر**

کاتێك بریکارنامـە (وکالـە) بۆ پارێزەر دەکرێتـەوە، مەبەست تیایدا ئەوەیە کە لە جیاتی ئەو کەسە پارێزەر هەڵسێت بـە ئەنجامدانی کارێکی دیاری کراو، هەرچەندە لەوانەیە جۆری بریکارنامەکە وابێت کە پارێزەر دەسـەڵاتی زیاتری پێ درابێت لەچاو ئـەو کارەی کـە پێی دراوە، دەشکرێت دەسـەڵاتەکانی ڕەها بێت وەك ئـەوەی لـە (بریکارنامـەی گشتیی ڕەها)دا هەیە، بـەڵام لـە هەمـوو ئـەم حاڵەتانـەدا دەبێت پارێزەر ئەوەنـدە دەسـەڵاتەکەی بـەکار بهێنێت کە دەچنـە چوارچێوەی ڕاییکردنـی ئـەو کارەی کـە ئیشـی لەسـەر دەکات و، بـە گوێـرەی گرێبەسـتی نێـوان خـۆی و بریکاردەرکـەی (مـوکل) کار بکات، بەگوێرەی مـادە (٩٢٧)یش لـە یاسای شارستانیی عێراق- هەموارکراو، خـودی وەکالـەش بـە بریکارنامـە دانـراوە و پێویستی کردووە کارەکە زانراو بێت، پێچەوانـەی ئەمـە تێگەیشـتنێك هەیـە لـەلای بەشـێکی زۆر لـە خەڵکـی و پێیانوایـە کاتێك پارێـزەر لەلایـەن بریـکاردەروە بریکارنامـەی بـۆ کرایـەوە، ئـەوا هەرچی مەبەستی بێت دەتوانێت بیکات و هەمـوو دەسـەڵاتێکی نـاو بریکارنامەکـە بـەکار بهێنێت بـۆ هەمـوو کارێکی بریکاردەرەکـەی لـە جیاتـی ئـەو، تەنانـەت هەندێك پێیانوایـە بـە بوونـی بریکارنامـە پارێـزەر دەتوانێت تەداخولی تـەواوی ژیانی تایبەتـی و خێزانیی بریکاردەرەکـەی بـکات، ئەمـەش ڕاست نییـە، بـە تایبـەت ئەگـەر زیـان بە بریکاردەرەکە بگات. بە گوێرەی مـادە (٦٢) بڕگـە (یەکەم)ی یاسای پارێزەرایەتی هەرێمی کوردستان پارێـزەر لـە ڕووی پیشـەییەوە بەرپرسـیار دەبێـت، هەرچەنـدە بریکارنامـە بـە دروسـت دابنرێت، چونکـە بـۆ هـەر کارێکی بریکاردەرەکـەی کـە پارێـزەر بیەوێت کاری لەسـەر بـکات، پێویسـتە لەلایـەن بریکاردەرەکەیـەوە ڕێگـەی پـێ بدرێـت (تفویـچ) و کارەکـە دیاریکـراو بێـت بەگوێرەی گرێبەست.



**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

دوور بکەوەرەوە لەوەی لە کاتی تووڕەییدا هیچ کارێك ئەنجام بدەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕۆژێکی سەخت دەبێت، بە هێمنی گفتوگۆ بکە، ڕێگە مەدە کێشە تایبەتەکانت کاریگەریی لەسەر پیشەکەت هەبێت، دەنا زیان بە پیشەکەت دەگات.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕۆژێکی پڕ لە سترێس دەبێت بۆت، هەوڵ بدە کۆنترۆڵی تووڕەبونەکانت بکەیت، بەتایبەتی لەلایەنی پیشەییەوە، خۆت ئارام بکەرەوە، دەکرێت گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکی متمانەپێکراو یارمەتیدەر بێت، هەوڵ بدە کەمێك گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانتدا بکەیت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە لایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆ باشە، لەگەڵ ئەوەی چەند ڕێگرییەك دێتە پێشت، بەڵام ئەمە هۆکار نابێت بۆ ئەوەی خۆشەویستیتان کەم ببێتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە کەمێك هەست بە مانوبون دەکەیت و پێویستت بە پشووەرگرتن هەیە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەلایەنی داراییەوە چەند گرفتێك دێتە بەردەمت، باشترە هەندێك پارە هەڵبگریت بۆ کاتی پێویست، ئەندامانی خێزانت زۆر دڵخۆشن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر تۆ هەیە و کەمتر هەست بە سترێس دەکەیت، دەربارەی لایەنی تەندروستیت زیاتر ماندوو دەبیت، لە پاڵ پیشەکەتدا کات بۆ خۆت تەرخان بکە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی داراییەوە ڕۆژێکی ئاسایی دەبێت، ئەگەر چاوت لەسەر پیشەکەت بێت و بە وریای ئەرکەکانت ئەنجام بدەیت، ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت، خۆشەویستەکەت لە کێشەکانت تێدەگات و پاڵپشتیت دەکات، کاتەکانت بە کەسانی دیکەوە مەکوژە.


**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەهۆی باشیی کارەکانتەوە لەلایەن خاوەنکارەکەتەوە ستایش دەکرێیت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی هەست بە دڵخۆشی بکەیت، بەهۆی ئەوەی لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە بایەخت پێ دەدرێت، پەیوەندیتان زیاتر بەهێز دەبێت، لەڕووی دراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، لەگەڵ پیشەکەتدا بایەخ بە تەندروستیت بدە، دەنا کێشەی تەندروستیت بۆ دروست دەبێت.

بۆ زانیاریت

# خانەکانی یادەوەریی سۆزداری

خانەکانی یادەوەریی سۆزداری کە هاوسۆزی بەڕێوە دەبەن، دۆزرانەوە، کە میکانیزمێکی دیاریکراوی مێشك چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی ئاژەڵان بۆ هەستی ئەوانی دیکە ڕێك دەخات. توێژەران میکانیزمێکی مێشکیان لە بەشی پێشەوەی توێکڵی مێشك -prefrontal cortex، دۆزیوەتەوە کە کاردانەوەی هاوسۆزی لە ئاژەڵاندا ڕێك دەخات. دەمارخانە بەرهەمهێنەرەکان CRF لە توێکڵی پێشەوەی مێشکدا وەڵامی هاوسۆزی ڕێك دەخەن لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕابردوو، ئەم دەمارانە کە هۆکاری -corticotropin-releasing factor CRF بەرهەم دەهێنن، وەك یادەوەریی سۆزداری کار دەکەن و فشاری ڕابردوو، یان تراوما بە کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستنەوە، لە توێژینەوەکەدا ئەوە نیشان دراوە کە ئاژەڵەکان تەنیا کاتێك وەڵامی هاوسۆزی دەدەنەوە کە ئەزموونی ڕابردوویان لەگەڵ دۆخی سۆزداریی ئەوانی دیکەدا بگونجێت و ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی پێشوویان بێت. تێگەیشتن لەم میکانیزمانە لەوانەیە یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدانی چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکانی وەك PTSD، ئۆتیزم و شیزۆفرینیا لەگەڵ لاوازیی هاوسۆزی.



فیلم

## دانوستانی لەسەر ناکرێ - Non Negotiable



فیلمێکی کۆمیدی و ئەکشنە، باس لە کەسێك دەکات بە ناوی «ئالان بیندیر» کە لێکۆڵەرێکی ژیر و لێهاتووە، دوای ئەوەی سەرۆك و خۆشەویستەکەی دەڕفرێندێنن، ئەو بەدوای ڕزگارکردنی سەرۆکەکەیەوە دەبێت و دانوستاندنیش لەگەڵ ڕفێنەران ڕەت دەکاتەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٢٧) خولەکە، لە دەرهێنانی جوان تاراتاتو، لە نووسینی ئەلیخاندرۆ مارتینیز، لە نواندنی :ماوریسۆ ئۆچمان، تاتو ئەلیکسەندەر، فیراندندۆ برۆچیس، لیوناردۆ ئۆتیگرز، کلاودیت مال.



## پەند و وتە

جۆناسان سویفت، نووسەری ئێرلەندی و پاتریکی کاتدراڵی دبلن، لە ساڵی ١٦٦٧ لە شاری دەبلن لە ئیرلەندا لەدایك بووە و لە ساڵی ١٧٤٥ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەسە تەمبەڵەکان دەڵێت: «تا ئێستا کەسێکم نەبینیوە خاوەن پێگە و پایە بێت و تا درەنگانی ڕۆژ بخەوێت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا قرشێك دیارە لە کۆڵانێکدا، هەوڵ دە بزانیت تەواوی وێنەکە وێنەکێشانە، یان تەنیا قەرشەکە بە دەست کێشراوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەگەڵ ئەوەی چەند کێشەیەك لە ژیانی سۆزداریتدا هەیە، بەڵام ڕێگە مەدە ئەو کێشانە بەسەر پەیوەندییەکەتاندا زاڵ ببێت، ئەم چەند ڕۆژە زیاتر هەوڵەکانت بخەرە گەڕ، بەتایبەتی لەلایەنی پشەییەوە، چونکە کەسانی چواردەورت سەرنجیان لەسەر کارەکانتە، تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گرنگیدانی زیاتر بە خۆشەویستەکەت وا دەکات زیاتر بایەخت پێ بدرێت، لەلایەنی داراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، لەڕووی پیشەییەوە هەست بە ماندووبوون دەکەیت، پێویستت بە پشووەرگرتن هەیە، هەوڵ بدە کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت، دەربارەی تەندروستیت پێویست ناکات نیگەران بیت، تەندروستیت باشە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت باشتر دەبێت و کۆتایی بە ناکۆکییەکانتان دێت، خۆشەویستەکەت بە تەواوی پاڵپشتی هەر هەنگاوێکی ژیانت دەکات کە دەینێیت، ئاساییە لەگەڵ هاوپیشەکانت بیرکردنەوەتان نەگونجێت، بەڵام بەو واتایە نایەت ناکۆکی دروست بکەیت، بەهۆی تەندروستیی باشتەوە هیچ سترێسێکت نییە و هەست بە باشی دەکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


باشترە پلان دابنێیت بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەندێك کات پێکەوە بەسەر بەرن، ڕۆژێکی باش دەبێت لەلایەنی پیشەییەوە، دەتوانیت کارەکانت بە خێرایی ئەنجام بدەیت، لەبارەی تەندروستیتەوە پێویستە وەرزشکردن بۆ ڕۆتینی ڕۆژانەت زیاد بکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕۆژێکی پڕ لە بەرزی و نزمی دەبێت بۆتۆ، کێشەکانت لەلایەنی داراییەوە کەمتر دەبنەوە، بەڵام لەلایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی باش نابێت، زیاتر هەست بە سترێس دەکەیت، ڕەنگە بەهۆی لێك تێنەگەیشتنەوە ناکۆکیت بۆ دروست بێت لەگەڵ کەسێکی نزیکت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

وزەیەکی ئەرێنیت هەیە، هەرکارێك کە ئەنجام دەدەیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنیت، بەهۆی هەوڵەکانتەوە لەلایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەهێز دەبێت، بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەت لەدەست نەدەیت، پێویستە کۆنترۆڵی تووڕەبونەکانت بکەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan December 16, 2024 Issue,No.1443

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

